# هەڕەشەی مالیکی دژ بە هەرێمی کوردستان

به ڕەوچاوکردنی مێژووی پڕ جینۆسایدی پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ کوردەکاندا، ئەوا کوردەکان کارێکی گێلانە دەکەن دوا زەمانەتی خۆیان بخەنەژێر ڕەحمەتی مالیکیەوە. لە ڕاستیدا بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە گوزارشتی لە بۆچوونێکی ڕاست و دروست کرد کاتێک داواکەی مالیکی بە «خەیاڵپڵاوی». وەسفکرد. لەوەش زیاتر، پێشنیاری مالیکی بۆ دروستکردنی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە کە چەند یەکەیەکی کەرکوک لە خۆبگرن ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تا چەند کارەکانی دەبنە هۆی هەڵکشانی گرژی و هەڕەشە لە بوونی هەرێمی کوردستان دەکەن. کەواتە، دەبێت وەڵامی هەرێمی کوردستان»نا»یەکی توند، بەڵام ئاشتیانە بێت. واتە شمشێرێکی بەهێز بەرزبکاتەوە بۆ پاراستنی ئاشتی.

دوای دۆڕانـــی لـــە شـــەڕی یەکەمی کەنـــداودا، حکومەتـــی عێـــراق ناچارکرا لە ســـێ پارێزگا ســـەرەکییە کوردییەکەی باکووری عێراق بکشێتەوە. ئەمەش بۆشایی دەســـەڵاتی خوڵقاند کە بە خێرایی لەلایەن سەرکردایەتی سیاســـیی کوردەوە پڕکرایەوە، کە مەبەســـتم پارتی دیموکراتی کوردستانە بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانە بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی.

لە ماوەی شـــەو و ڕۆژێکدا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کوردی خۆی لە بزووتنەوەیەکی چەکداری پێشمەرگانەوە-کە ئەرکی سەرەکیان شەڕکردن بوو لە دژی هێزە ئەمنیەکانی عێراق لە شاخەکاندا- گۆڕی بۆ حکومەتێکی مەدەنیی تاوەکو کاروبارەکانی کـــوردەکان بەڕێوەببات. بە دەگمەن ڕوویداوە لـــە مێژوودا کـــە ئەم پرۆســـەی ئاڵوگۆڕە بەو خێرایی و بەو ســـەرکەوتوییە ڕووبدات! نهێنی ئەم ســـەرکەوتنە مەزنـــە بریتی بوو لە هاوپەیمانـــی ئەمری واقیعی ئەمریکا و دیپلۆماســـیەتی ژیرانەی خودی کوردەکان خۆیـــان کە توانیان خۆیـــان لە ناکۆکییەکی ســـەربازی لابـــدەن. ئەکرێـــت پێچەوانەی ســـەرکەوتنە خێراکەی کوردەکان لە حاڵەتی فەلەســـتیندا بەدی بکەین کـــە نەیانتوانی ئاڵوگۆڕێکی لەم چەشنە بهێننەدی.

هەروەها ئەم ئاڵ و گۆڕە کاریگەرییەکی ڕاســـتەوخۆ و درێژخایەنی لەســـەر خودی خەباتـــی ڕزگاریخـــوازی و نەتەوەخوازی کـــورد هەبوو. واتە لەبـــری ئەوەی لە ڕێی یاخیبوونـــەوە ئۆتۆنۆمی بەدەســـت بهێنن و لە مەودای دووردا قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی دروســـت بکەن، سەرکردایەتی کورد پێی وابوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، بنیاتنانی دامـــەزراوەکان کاراتریـــن ســـتراتیژیەتە بۆ بەدەســـتهێنانی ئـــەم ئامانجانـــە. بێجگە لەماوەی شـــەڕە ناوخۆییە خراپەکەیان کە لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا ڕوویدا، ئەوا

> **هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان دیپلۆماسیەتی ژیرانەکەی بووە کە توانیویەتی بەسەر هێڵێکی باریکدا بڕوات**

هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩١ـەوە بـــەرەو دەوڵەتێکی ئەمری واقیع گەشـــەی کرد، کە لە هەموو لایەنەکانەوە کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات.

لە ڕاســـتیدا، لە ساڵی ٢٠٠٣وە، هەرێمی کوردستان گەشـــەکردووترین و سەلامەتترین بەشـــی عێراق بووە، بە تەواوەتی دوور بووە لەو پشـــێویە سیاسی و شـــەڕە ناوخۆییەی بەشـــەکانی دیکەی عێراقـــی گرتەوە. لە هەمووشـــی گرنگتر، لەم ماوەیەدا هەرێمی کوردســـتان بە پرۆســـەیەکی درێژخایەنی بەدیموکراتیکردندا تێپەڕی، ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە لە هەموو لایەنەکانیەوە سەرکەوتوو نەبوو. کوردستان کە دواکەوتووترین هەرێمی عێراق بوو لە ڕووی سیاســـی و ئابوورییەوە، بووە ڕەمزی بەرەوپێشچوونی سیاسی. دووبارە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەمە لە ڕێی گرتنەبەری ڕێگایەکی ئاشـــتیانەوە بەدەستهاتووە، لەبەر ئەوەی شەڕکردن لەگەڵ بەغـــدا هەموو ئـــەو دەســـتکەوتانە دەخاتە مەترسیەوە کە تا ئێستا بەدەستهاتوون.

لەگەڵ ئەوەشـــدا، هەر کەسێك دەسەڵاتی بەدەســـتەوە بێت لە بەغدا، بەلایەوە زەحمەتە




**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە**

هەرێمی کوردستان ئۆتۆنۆمی هەبێت (خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات) و هەوڵدەدات دووبارە بیخاتەوە ژێر حکومڕانی توندی بەغداوە. چەندین ڕێگای جیاواز بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە تاقیکراونەتەوە. بۆ نموونە، بەم دواییە، بەغدا ڕەتیکردەوە بودجەی پێشمەرگە بکاتە بەشێك لە بودجەی فیدراڵی، بە بیانووی ئەوەی پێشمەرگە بەشێك نەبوونە لە سیستمی بەرگری عێراقی.

سەرۆکی وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی، ڕایگەیاند تەنیا ئەو کاتە بودجەی پێشمەرگە دەدات کە ملکەچی دەسەڵاتە فیدراڵیەکەی بن. هەروەها مالیکی ئیدانەی بوونی بەردەوامی سەربازە تورکەکانی کرد، کە لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە بنکەیان هەیە لە باکوور.

هەرچۆنێك بێت، بە ڕەوچاوکردنی مێژووی پڕ جینۆسایدی پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ کوردەکاندا، ئەوا کوردەکان کاریکی گێلانە دەکەن دوا زەمانەتی خۆیان بخەنەژێر ڕەحمەتی مالیکیەوە. لە ڕاستیدا بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە گوزارشتی لە بۆچوونێکی ڕاست و دروست کرد کاتێك داواکەی مالیکی بە «خەیاڵپڵاوی». وەسفکرد. لەوەش زیاتر، پێشنیاری مالیکی بۆ دروستکردنی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە کە چەند یەکەیەکی کەرکوك لە خۆبگرن ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تا چەند کارەکانی دەبنەهۆی هەڵگشانی گرژی و هەڕەشە لە بوونی هەرێمی کوردستان دەکەن. کەواتە، دەبێت وەڵامی هەرێمی کوردستان»نا«یەکی توند، بەڵام ئاشتیانە بێت. واتە شمشێرێکی بەهێز بەرزبکاتەوە بۆ پاراستنی ئاشتی. تاوەکو ئەو کاتەی کوردەکان ئەم سیاسەتە ژیرانەیە دەگرنەبەر کە بریتییە لە پاراستنی ئاشتی لەڕێی هێزەوە، ئەوا هاوپەیمانە ئەمریکیەکانیان پشتیوانیان دەکەن. ئەگەر کەسێکیش پەنا بۆ شەڕ دەبات، با ئەو

> **بە ڕەوچاوکردنی مێژووی پڕ جینۆسایدی پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ کوردەکاندا، ئەوا کوردەکان کاریکی گێلانە دەکەن دوا زەمانەتی خۆیان بخەنەژێر ڕەحمەتی مالیکیەوە**

لایەنە بەغدا بێت، چونکە ئەو کاتە ئەمریکا و ڕەنگە تورکیاش کاردانەوەیان هەبێت بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەمە لە بەرژەوەندیاندا دەبێت. لەوەش زیاتر، هەمیشە ئەوەتان لە یاد بێت کە کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا، هەموو ئیمتیازەکانی سەربەخۆیی هەیە بێ ئەوەی دووچاری دژوارییەکانی بێتەوە.

لە ڕاستیدا، دەکرێت ئەوە بڵێین کە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان دیپلۆماسییەتی ژیرانەکەی بووە کە توانیویەتی بەسەر هێڵێکی باریکدا بڕوات، وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراقدا. مایەی دڵتەنگی دەبێت ئەگەر هەرێمی کوردستان سەرمەستی سەربەخۆبوونێکی پێشوەخت و تەمەن کورت بیگرێت، کە بۆی هەیە زۆر بە خێرایی سەربکێشێت بۆ گۆشەگیربوون و تەنانەت بۆ دوژمنایەتیەکی نێودەوڵەتی. چونکە لە کۆتاییدا سەربەخۆیی بەدەست دەهێنرێت، بەڵام لە کاتی گونجاودا، ئارامگرتن فەزیڵەتە و لە بارودۆخێ ئێستادا دەبێتە مایەی پاراستنتان.

وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان «جەعفەر ئیمنکی» بۆ (گوڵان):

# ئەگەر عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی و فیدرالی ئەوە هەقی خۆمانە پەنا بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان ببەین و بڕیاری چارەنووس بدەین

**بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێستای کوردستان و ئەو تەحەددیانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و دەرەوە ڕووبەڕووی هەرێمەکە دەبێتەوە، دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ «جەعفەر ئیمنکی» ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەنجامدا، هەروەها ئەندامی شاندی دانوستانی کوردستان بووە بۆ دیالۆگ لەگەڵ بەغدا، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**



**قەیرانێکی حوکمڕانی لەعێراقدا هەیە، هەربۆیە هەر کێشەیەکی لاوەکی چارەسەر بکرێت ئەسڵی کێشەکە دەمێنێت و هەر تەشەنە دەکات**

**جەنابی سەرۆک بارزانی خاوەن بەهرە و تێڕوانینی باش و کاریگەرە نەک تەنیا لەسەر کێشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر کێشەکانی ناوچەکەش کە ئێستا فاکتەرێکە لە چارەسەرکردن**

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەی نەورۆزدا گەلی کوردستانی لەمەترسیەکی گرنگ ئاگادار کردەوە، کە ئەویش بەلارێدابردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق بوو، ئێستاش هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەوانەشەوە کە پێشتر پێیانوابوو مەترسی نییە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو مەترسییە ڕاستەقینەیە، ئایا بەڕێزت لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**

- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی ناوچەیەکە بە قەیراندا گوزەر دەکات، لەم ناوچەیەشدا ئێمە لە وڵاتێك دەژین تازە دەستمان بە بونیادنانەوەی کردووە و، عێراق تا ئێستا لەڕووی ئاسایش و سیاسییەوە سەقامگیر نەبووە، لەم چوارچێوەیەدا کە سەرۆك بارزانی پێش هەمووان ئەم مەترسییەی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی ڕاستییەکی تاڵی دەربڕی، واتە کەس ئەو واقیعەی پێ خۆش نییە، بەڵام قبووڵ نییە و نامانەوێت عێراق سەر لە نوێ لەسەر بنەمایەکی هەڵە بونیادبنرێتەوە، هەروەها نامانەوێت عێراق بەرەو ئاراستەیەکی خراپ بچێت، بۆیە ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو کۆدەنگ بووین لەسەر ئەوەی ئەقڵیەتێکی توندڕۆ لە بەغدا دروست بۆتەوەو بە شێوازێکی دیکە قسەمان لەگەڵ دەکات، ئەو شێوازەش ئەقڵییەتی جارانە، ئەو ئەقڵییەتەیە کەنایەوێت دان بە مافی گەلی کوردا بنێت، یان دان بەکورددا دەنێت بەڵام بەو شێوەیەی ئەو دەیەوێت نەك وەکو ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، کێشەی ئێمەش لەگەڵ ڕژێمی پێشووتری عێراق هەر ئەمەبوو. کە سەرۆك بارزانیش هەموومانی لەم مەترسیە ئاگادار کردەوە، ئەمە نیشانەی ئەزموون و دووربینی بەڕێزیانە کە چەندین جاری دیکەش لەزۆر کاتی ناسك و هەستیاردا چەندین پێشبینی و بەرچاو ڕوونی سەرکەوتووی هەبووە، ئاگادارکردنەوەکانی سەرۆك بارزانیش تەنیا بۆ پارتی نییە، بەڵکو بۆ هەرێمی کوردستان و کورد و هەموو عێراقیشە، کە دەشڵێم بۆ هەموو عێراقیشە لەبەر ئەوەیە ئەگەر لەعێراق دیموکراسی نەبێت، ئەوا دەبێت بیر لەچارەسەرێکی دیکە بکەینەوە، کەواتە ئەو چارەسەرەی لەچوارچێوەی عێراقدا داوای دەکەین، پێشمەرجەکەی ئەوەیە دەبێت عێراق دیموکراسی بێت، لەمەش گرنگتر دەبێت ئێمە شەریکی ڕاستەقینە بین لە وەرگرتنی بڕیار لەم عێراقە نوێیەدا، نەك تەنیا بەشدار بین بەوەی تەنیا چەند پۆستێکمان بدەنێ و بەشێك بودجەمان بۆ بێت، هەر بۆیە ئێمە کە دەڵێین ڕێگەی دیکەو چارەی دیکە هەیە، چارەی دیکە ئەوەیە پەنا بۆ خەڵکی کوردستان دەبەین. ئەوەی خەڵکی کوردستانیش بڕیاری لەسەر بدات دەبێت هەمووومان پێڕەوی بکەین.

ئەوەی لێرەدا جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە، ئەمڕۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بەڵی مەترسی هەیە، بەڵێ ئەقڵیەتێك لەبەغدایە ناڵێین تەنیا یەك کەسە، بەڵکو خەڵکی دیکەشی لەگەڵدایە دەیانەوێت لەپرۆسەی دیموکراسی لەعێراق و لە مافی کورد و لەمافی هەموو هاووڵاتیان پاشگەزببنەوە، هەروەها مەسەلەی تەسفیەی سیاسیی هاتۆتە ئاراوە، ئێستا زیندانەکان پڕکراون لە عەرەبی سوننە، ئەمە لەکاتێکدا خۆ هەموو عەرەبی سوننە تیرۆریست نین، ئێمە چاك دەزانین مەسەلەی دیکە لەژێرەوە هەیە، کە ئەویش مەسەلەی تائیفیە، سیاسەتی تائیفییەت بۆتە سیاسەتێکی بۆگەن لەم وڵاتەدا، لەسەر

**سەرۆك بارزانی پێش هەمووان مەترسی گەڕانەوەی ئەقڵیەتی تاکڕەوی لە عێراقدا بۆ هەمووومان ئاشکرا کرد**

ڕەگەز و مەزهەب و ئایین مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیاندا دەکرێت، ئەگەر هاووڵاتییەکی کورد بچێت مامەڵەیەك پێشکەش بکات لە دەزگایەك یان لە ناو سوپا، ئەگەر زانیان کوردە یەکسەر شێوازی مامەڵەیان لە ئیجابییەوە بۆ سلبی دەگۆڕدرێت، بۆیە بەڕاستی ئەم مەترسییانە لە جێگەی خۆیدا بوون، خودی جەنابی سەرۆك بارزانی و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵیاندا پێشتر قەیرانێکی گەورەیان چارەسەرکرد، بەڵام بەرەو قەیرانێکی گەورەتر هاتین، ئەمەش ئەو قەیرانە گەورەیە کە ئێمە زۆر لێی دەترسین.

*** لەم قۆناخەی ئێستادا ئێوە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەنیازن بەهاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ بەغدادا بکەن، بەرنامەتان بۆ ئەمە چییە؟**

- بەرنامەی ئێمە، بەرنامەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە، وەك ئەوەی لەم دواییە پێکەوە



سەردانی بەغدامان کرد بۆ زەمینەسازکردن و بۆ دیالۆگ بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام ئەوانەی بەشدار نەبوون لەم شاندە، ئێمە ئاگاداری بۆچوونی ئەوان نین، کەواتە بەرنامەی پارتی و هێزە کوردستانییەکان پێداگرتنە لەسەر پابەندبوون بەدەستووری عێراق و دەبێت ئەم پابەندبوونە ببێتە خاڵی بنەڕەتی بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی دیالۆگ لەگەڵ بەغدا، ئەوجا لێرەدا ئەگەر وردتر قسەبکەین، دەڵێین پابەندبوون بەدەستوور یان ڕێککەوتننامەی هەولێر، واتە پابەندبوونی تەواو نەك خوێندنەوەیەکی خۆویستانە بەوەی ئەم خاڵە جێبەجێ دەکرێت ئەوی دیکە فەرامۆش بکەن، ئەمەش خاڵی دەسپێکی قسەکردنی ئێمە بووە لەگەڵ ئەوان و ئەوانیش تەنانەت خودی مالیکیش بەمە ڕازی بوون و، جەخت لەسەر ئەوەکرایەوە هەتا ئەگەر ڕێککەوتنی دیکەش بکرێت دەبێت لەچوارچێوەی دەستوور و ڕێککەوتنی هەولێر بێت. هەربۆیە کە باسی کۆنگرەی نیشتمانی یان هەر ڕێگەچارەیەکی دیکە بۆ ئەوەی ڕێکبکەوین، دەبێت لەم چوارچێوەیەدا بێت، بۆ ئەمەش هەتا نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئامادەبوون هاوکاریمان بکەن، بۆ ئەوەی بە ئاراستەیەکی باشتری ببەین و میکانیزمی باشتر بدۆزینەوە و ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ دابنێین و کات بەفیڕۆ نەدەین، دەبێت لەم ماوەیەدا کۆبوونەوەو دانووستانی دیکە بەئاکام بگات.

*** بەڵام بڕیاربوو شاندێکی هاوپەیمانی نیشتمانی بێنە هەولێر ئایا ئەو شاندە دێن؟**

- بڕیار وایە، لەسەر داوای خۆیان کە ئەم جارە ئەوان بێنە هەولێر، زانیاری تازەم لەسەر ئەمە نییە، بەڵام وا دیار بوو کە ئەوەی لە بەغدا بینیمان ئەوان پەرۆشی دیالۆگ بوون، کاراتر لەجاران و پەلەشی لێ بکەین.

*** بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، بۆچی هەنگاوێك لەهاوپەیمانی نیشتمانی نابینین بە ئاراستەی خێر، ئەوان خاوەن مەسەلەکەن و حکومەتی ئەوانە، لە بری هەنگاوی عەمەلی**

**ئێستا لە عێراقدا سیاسەتێکی تائیفەگەری بۆگەن پیادە دەکرێت جیاوازی نێوان ڕەگەز و ئایین و مەزهەب دەکات**

**بەرنامەی پارتی و هێزە کوردستانییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا پێداگرتنە لەسەر پابەندبوون بەدەستووری عێراق. تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتنی دیکەش بکرێت دەبێت لەچوارچێوەی دەستوور و ڕێککەوتنی هەولێر بێت**

**هەنگاوی سلبی دەبینین؟**

- ئەمە وایکردووە کە ئێمەش لەوەدا نیگەران بین، لە هەڵوێستەکانی هەندێك لەهێزەکانی ناو هاوپەیمانی نیشتمانی، بەتایبەتیش بەڕێز مالیکی، هەندێك هەنگاوی ئیجابیمان بینی وەك دۆسێی نەوت و گاز و مەسەلەی بودجەی هەرێمی کوردستان، بێجگە لەمە هیچ هەنگاوێکی ئیجابی ترمان نەبینیوە، دەبوایە لەم قەیرانە گەورەدا خاڵی دیکەی ئیجابی هەبووایە، بەڵام نەبوو، لەمبارەوە ڕەخنەشمان گرت، چونکە قەیرانەکە گشتگیرەو هیچ هێزێکی سیاسی ناتوانێت بڵێت من شەریك نیم لەم قەیرانە، ئەگەر بەشی بکەین لە ٩٠٪ی بۆ مالیکی و هاوپەیمانی نیشتمانی دەگەڕێتەوە، ئەساسی گرفتەکەش لەوێیە، خۆشیان ئەمە دەڵێن و داکۆکیش لەخۆیان دەکەن، هەر بۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتیی سەیری بکەین دەبینین گرفتەکە لەشێوازی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی وەزیرانە لەبەغدا، دەسەڵات و گرفتەکە لەوێیەو لە ئەنجومەنی وەزیرانیش لە بەغدا تاکڕەوی دەکرێت.

*** بەڵام لەوەتەی ئێوە هاتوونەتەوە مالیکی داوای حکومەتی زۆرینە دەکات، جگە لەوەی هێزەکانی دیجلە قایمتر دەکات و بەتەواوی بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە، تۆ چۆن ئەو ئیرادە خێرە لەمالیکی دەبینیت کە ئەو بەتەواوی هەنگاوی عەمەلی دەنێت؟**

- نا هەموو مەسەلەکە خراپ نییە، من وای دەبینم کە گرفتی زۆرو مەترسیدار هەن، عەقڵییەتێکی مەترسیدار لە بەغدا هەیە، شەڕ بەکورد دەفرۆشێت، بەڵام هەمووی لە شەخسی مالکیدا نییە، دەبێ بزانین خەڵکی دیکە هەن مەیدانیان بۆ چۆڵ بووە، زۆر بەعسی لە دەوری مالیکی کۆبوونەتەوە بەناوی موستەشار و زانیاری هەڵەی پێ دەدەن.

*** ئایا ئەوە سیاسەتی خۆی نییە بۆ ئەوەی پەلبهاوێژێتە ناو سوننە؟**

- باوەڕ ناکەم، فاکتەری دەرەکیش هاتووەو گەمە بەهەموو عێراق دەکەن، زیان بە شیعە و بە کورد دەگەیەنن و نایانەوێت ئەم وڵاتە بە شێوازێکی دیموکراسی بەڕێوەبچێت، لە ئێستادا وای دەبینم، زەمینەیەك هەیە دەتوانین هەموو لایەك بەڕێی دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکەن.

*** باشە ئێستا مالیکی داوای حکومەتی زۆرینە دەکات، هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستانی چییە؟**

- ئێمە دەڵێین حکومەتی زۆرینە لە ئێستای عێراقدا سەرناکەوێت، ئێمە دژی ئەو بیرۆکەین، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین حکومەت لە عێراق دابەش بکرێت بۆ حکومەتی زۆرینەو کەمینەی ئۆپۆزسیۆن، ئەم بیرۆکەیە مردووەو هەندێ جار لە بێ ئومێدیەوە پەنای بۆ دەبەن، هۆکاری ئەوەیە ئەو حکومەتە شەراکەتەی کە ئێستا لە بەغدا هەیە پێیان بەڕێوەناچێت.

*** ئەوانەی سەردانی بەغدا دەکەن پێیانوایە کە بەغدا لەلایەن حزبی دەعواوە کۆنترۆڵکراوە، ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە مالیکی پرۆژەی سوننەی تێکشاندووە و خۆی ئامادە دەکات بۆ کورد؟**

- ڕاستە ئەگەر لە ڕووکار تەماشای بەغدا بکەیت، دەڵێیت بەغدا لەلایەن حزبی دەعوەوە کۆنترۆڵکراوە، بەڵام بەعەمەلی کەس حاکمی موتڵەق و باڵادەست نییە بەسەر بەغدا، ئێستا خەڵکی دیکە هەیە لەسەر جادە وەکو ڕەوتی سەدر بەهێزترە لەحزبی دەعوە، عێراقیەو خەڵکی سوننە لە بەغدا بەهێزن، بەچاوترساندن و توندوتیژی ناتوانیت خەڵك لەناوببەیت، حکومەتی فیدرال کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەی سەوزیشی پێناکرێت، ئەمەش قەیرانێکی گەورەیەو تەنانەت هاوپەیمانی نیشتمانیش هەست بەم مەترسییە دەکەن، ئەو ڕاستیەش دەزانن چارەسەرکردنی قەیرانەکە بێ هاوبەشی

**هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەقڵیەتێك لەبەغدایە دەیانەوێت لە مافی کورد و هەموو هاووڵاتیان پاشگەزبنەوە**

**ئەوحکومەتە شەراکەتەی کە ئێستا لە بەغدا هەیە پێیان بەڕێوەناچێت و بیرۆکەی حکومەتی زۆرینەو کەمینەی ئۆپۆزسیۆنیش بیرۆکەیەکی مردووەو لە بێ ئومێدییەوە پەنای بۆ دەبەن**

لایەنە سیاسییەکانی دیکە مومکن نییە.

*** ئەو هێزە سەربازییە گەورەیەی دیجلە کە لەم کاتەدا بەرەو کەرکوك ڕەوانە کراوە، بۆ ئەوە نییە مەسەلەی کەرکوك لەکورد بسێنێتەوە؟**

- بەتێڕوانینی شەخسی من هەڵکشانی هێزی سەربازی دیجلە بۆ ناوچەکانی خانەقین و کەرکوك و زومار تەنیا بۆ ئەوەیە وەکو کارتی فشار دژی کورد بەکاربهێنرێت.

*** بەڵام وا هەست ناکەیت ئەمجارە لەڕووی کاردانەوەوە جۆرێك لەساردو سڕی پێوە دیارە؟**

-نەخێر؛ تەنیا ئەمجارە ئێمە نامانەوێت قەیرانەکەی عێراق ببرێت بۆ کێشەیەکی لەشکری و جووڵانەوەی هێز، چونکە ئێمە لەوە تێدەگەین جووڵانەوەی هێزی دیجلە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان فشارێکە بۆ سەر خەڵکی کوردستان و چارەسەریشی دەکەین بەو میتۆدەی گونجاو بێت.

*** بەشێوەیەکی گشتی هەست ناکەیت ئەمڕۆ وتاری سیاسی کوردی بەرامبەر ڕووداوەکانی ناوخۆو بەغداو ئیقلیمی جۆرە تەمومژێکی پێوە دیارەو جیاوازە؟**

- ماوەی دوو مانگە لەدوای گەڕانەوەی بەڕێز مام جەلال لەدەرەوەی وڵات و ڕۆشتنی بۆ بەغدا، هەست بەوە دەکرێت کە خیتابی کوردستانیش بەرامبەر بەغدا یەکی گرتووە، بەڵام پێشتر گوتاری سیاسیمان یەك گوتار نەبوو درزی تێدابوو، سەبارەت بەناوچە دابڕێنراوەکانیش ئەوەی سەرەکی و بنەڕەتییە لەم هاوکێشەیەدا هەڵوێستی هەردوو هێزی سەرەکی پارتی و یەکێتی-یە، چونکە هەردوولا هاوبەشن لەحکومەتدا و ئەزموونێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و لەشکرییان هەیە. ئەمڕۆ هەردوو هێزی سەرەکی پارتی و یەکێتی بەرامبەر مەسەلە چارەنووسسازەکان لەئەوپەڕی هەماهەنگیدان و یەك گوتارمان بەرامبەر کەرکوك و خانەقین و زومارو مەندەلی و هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی تری کوردستان هەیە.

*** بەڵام ئێوە بەنیازن ڕێککەوتنی ستراتیژی هەموار بکەنەوە، دیارە کەموکوڕی هەیە یا وەکو جاران هەماهەنگی نییە؟**

- مەسەلەی هەمواركردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی کە پێشتر باسمان کردووەو ئێستاکەش دووبارەی دەکەمەوە زیاتر ئەو خاڵانەیە کە لەلایەن ڕێکخستنەکانی هەردوولا قسەیان لەسەر کردووە، لەوانە مەسەلەی هەڵبژاردنەکان کە ئایا بەیەك لیست دەبێت یا بەدوو لیست، هەروەها مەسەلەی هاوسەنگی لەناو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکان و لەوەی چۆن مامەڵە لەسەر ماددەی ١٤٠ دەکەین هیچ گرفتێك لەنێوان پارتی و یەکێتی دا نییە.

*** بەڵام هەردوولاتان پارتی و یەکێتی کە مەکتەبی سیاسیی هەردوولاتان کۆبوونەتەوە کۆمەڵێك ئەکادیمی و شارەزاتان بانگ کردووە، تا هاوکاریتان بکەن و دەتانەوێت ڕێککەوتنی ستراتیژی هەموار بکەنەوە، ئایا ئەمە بەو مانایە نایەت کەموکوڕی هەیە؟**

- لەڕووی پراکتیکییەوە گرفتێکی سەرەکی ئەوەبووە، کە ڕێککەوتنەکە شۆڕنەبووبووەوە بۆ خوارەوە، ئەمە لەجێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکە گرفت بوو، لەلایەکی ترەوە سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان مەسەلەیەکی تەکنیکی هەیە ئەویش ئەوەیە ئایا بەدوو لیست بەشداری بکەین یا بەیەك لیست، من پێموایە ئەم مەسەلەیە تەنیا تەکنیکیە نەك مەسەلەیەکی وابەستە بە پرەنسیبەکانی هاوپەیمانێتی، هەروەها مەسەلەی هاوسەنگی کە باسمان کرد لەناو پۆستەکانی دامودەزگاکانی حکومەت کە دوو تێڕوانینی جیاواز هەیە ئەمەش بەو مانایە نایەت کە خەلەل هەبێت، بۆ نموونە کادیرێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وا دەڕوانێت کە لەناو ئەنجومەنی وەزیران پارتی باڵا دەستە لەپۆستەکان، لەکاتێکدا لەڕووی پراکتیکی لەپۆستەکان یەکێتی باڵا دەستە، تێگەیشتن بۆ هاوسەنگی بەفیفتی فیفتی نییە و لەمەدا ناتێگەیشتن هەیە بۆ هاوسەنگی. لێرەدا ئێمە دەڵێین دەبێت میکانیزمێکی نوێ دابنێین مادام هەڵبژاردن و ئەنجامی هەڵبژاردن هەیە، هەربۆیە دەبێت سنوورێکیش بۆ هاوسەنگی دابنێین (هاوسەنگی چۆن و تا کوێ..)، بۆیە ئێمە دەڵێین ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی نێوان پارتی و یەکێتی کەموکوڕی تێدا نەبووە تەنیا ئەوەیە هەندێك خاڵی تێدایە کاتی بەسەرچووە و هەندێك خاڵی تریش لەڕووی تەکنیکیەوە پێویستی بەهەمواركردنەوە هەیە، سەبارەت بەو خاڵەشی کە باست کرد کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزامان بانگ کردوون و بەسوپاسەوە لەگەڵمان هاوکار بن، بۆ ئەو پەرۆشیە دەگەڕێتەوە کە دەمانەوێت ئەو ڕێککەوتنە پێش بخەین و گەشەی پێ بدەین.

**هاووڵاتییەکی کورد لەعێراق بچێت مامەڵەیەك پێشکەش بکات لەدەزگایەك یان لە ناو سوپا، ئەگەر زانییان کوردە یەکسەر شێوازی مامەڵەیان لە ئیجابییەوە بۆ سلبی دەگۆڕدرێت**

**هەڵکشانی هێزی سەربازی دیجلە بۆ ناوچەکانی خانەقین و کەرکوك و زومار تەنیا بۆ ئەوەیە وەکو کارتی فشار دژی کورد بەکاربهێنرێت**

*** ئەگەر بێتوو باسێکی بزووتنەوەی گۆڕانیش بکەین، ئەو بزووتنەوەیە وەکو هێزێکی دیارو سەرەکی لەگۆڕەپانەکەدا بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، دەبینین هەموو کات هاودژە لەگەڵ گوتاری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، تەنانەت لەکۆبوونەوەکانیشدا بەشدار نابێت؛ ئایا ئەمە هۆکارەکەی بۆ ئێوە دەگەڕێتەوە یا ئەوان ئەم شێوازەیان هەڵبژاردووە؟**

- گوتاری بزووتنەوەی گۆڕان هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە گوتارێکی پڕ لە گرژیی و ڕەشبینییە و پڕە لەتانەو بوختان، هەروەها زانیاری وا پیشانی خەڵکی کوردستان دەدەن کە نەك تەنیا دڵیان لەسیاسەت ڕەش بێت، بەڵکو لەوڵاتی خۆشیان ڕەش بێت، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە سیاسەتکردن دەبێت پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و شەفافییەت و مەدەنی تێدا بێت، ناکرێت ئۆپۆزسیۆن بیت و هەمیشە چاوت لەوە بێت چۆن حکومەت بڕووخێنیت. ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرەتاوە پێشوازیمان لەبزووتنەوەی

**پارتی و یەکێتی بەرامبەر مەسەلە چارەنووسسازەکان لەئەوپەڕی هەماهەنگیدان و یەك گوتارمان بەرامبەر کەرکوك و هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکەی کوردستان هەیە**

**سیاسەتکردن دەبێت پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و شەفافییەت و مەدەنی تێدا بێت. ناکرێت ئۆپۆزسیۆن بیت و هەمیشە چاوت لەوە بێت چۆن حکومەت بڕووخێنیت**

**لەسەرەتاوە پێشوازیمان لەبزووتنەوەی گۆڕان کردوو ئێستاش من یەکێکم لەوانەی خوازیاری ئەوەم گۆڕان بەخۆیدا بچێتەوەو بێتە سەر هێڵە سەرەکیەکەی کە چاکسازییە**

گۆڕان کردوو ئێستاش من یەکێکم لەوانەی خوازیاری ئەوەم گۆڕان بەخۆیدا بچێتەوە و بێتە سەر هێڵە سەرەکیەکەی کە چاکسازییە؛ پێویستە ڕەچاوی میتۆدی چاکسازی بکرێت کە لەدنیادا سێ میتۆد هەیە کامیان هەڵدەبژێرن پێشوازی لێدەکەین، میتۆد هەیە ئەوەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ئیشوکاری خۆت دەکەیت و لەڕێگای هەڵبژاردنەوە زۆرینە لەپەرلەمان بەدەست دەهێنیت و حکومەتی زۆرینە پێك دەهێنیت، میتۆدیش هەیە لە ڕێگای دیالۆگەوە لەپرۆسەی سیاسی بەشدار دەبیت هەشە بەکودەتا، لەدنیادا ئۆپۆزسیۆن هەیە دەیەوێت چاکسازی لەپەرلەمان لەڕێگای گفتوگۆوە بکات کە ئەمە ڕێگایەکی ڕاست و دروستە، ڕێگای کودەتاش هەیە کە دەبێت بەئاشکرا ڕایبگەیەنیت مادام بڕوات بە پەرلەمان و دیموکراسیەت نییە، ئەوا لە ڕێگای گرووپێکی کودەتاچیەوە دەتوانیت ئەو میتۆدە پەیڕەو بکەیت، تا ئێستا چاوەڕوانی ئەوە بووین گوتاری ڕاستەقینەی گۆڕان ببیستین و بەداخەوە دەبووایە بەئاراستەی وا هەڵە نەچن. مەبەستم لەهەڵە لەوەدایە بۆ نموونە لەسەر ئاستی پەرلەمان لە بەغدا لەناو هۆڵی پەرلەمان بەیاننامەیان دژی هەرێمی کوردستان دەخوێندەوە، لەکاتێکدا کۆنە بەعسیەکان چەپڵەیان بۆ لێدەدان، تەنانەت پەرلەمانتاری وایان هەیە ئاگر لەقسەکانیان دەبارێت.

*** بەڵام حزبی تریش هەیە بە هاوەشێوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئۆپۆزسیۆنن، وەك یەکگرتوو و کۆمەڵ کە کۆمەڵێك بۆچوونی هاوبەشتان پێکەوە هەیە، ئایا ناکرێت لەسەر ئاستی بەغداش کەناڵێکی دیالۆگیش لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دروست بکەن، تاوەکو گوتاری کوردی درزی تێنەکەوێت؟**

- پێشتریش لەم ڕووەوە هەوڵی زۆر هەبووە، کاتێك لەسەر ئاستی عێراق پرۆسەی هەڵبژاردن هەبوو لە٢٠١٠/٣/٧ لەو کاتەش دا کە من لەکۆبوونەوەی سەرەکی ئامادە بووم، دوو ڕۆژ چاوەڕێی ئەوەیان کرد کە کاك نەوشیروان وەڵام بداتەوە و ئیجابی بێت و بێن بۆ ئەوەی دەنگی کورد لەناوچە دابڕێنراوەکان بەفیڕۆ نەچێت، لەو ناوچانەی کە مەسەلەی یەکگرتوویی کورد زۆر هەستیارەو پەیوەستە بەمافی کوردو چارەنووسی ئەو ناوچانەو مەسەلەیەکی زۆر ستراتیژییە و لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووین کورد بڕیارێکی ژیرانە بدات، بەداخەوە ئێمە هەموومان باجی ئەوەمان دا، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە جارێکی تر بەخۆماندا بچینەوە نەك پارتی و یەکێتی بەتەنیا، بەڵکو بە گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵیشەوە بەخۆماندا بچینەوە، چونکە دەنگەکانی کورد لەناوچە دابڕێنراوەکان سەرمایەیەکی نەتەوەییە، لەبەغدا نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەگوناهێکی گەورە دادەنرێت و دەبێت ڕێککەوتن هەبێت، خۆشبەختانە کاتێك کاك نەوشیروان سەردانی کەرکوکی کردوو لێدوانی باشی هەبوو ئێمە پێشوازیی لەو لێدوانانە دەکەین کە لەلایەن گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵ و هێزە سیاسییەکانی ترەوە دەدرێت، کاتێکیش باسی هەڵبژاردن کرا دەنگی وا هاتە پێشەوە کە ئێمە لەو ناوچانە نەخشەیەکی تایبەتمان هەبێت و ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە، وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە هەموو ئەو دەنگ و ڕاو بۆچوونانە دەکەین و پشتگیری لێدەکەین کە ماڵی کورد بەیەکگرتوویی بهێڵێتەوە و هەماهەنگی تەواویش دەکەین کە ئەو بۆچوونە کوردستانییانە سەربکەوێت.

*** ڕای جەنابت لەسەر دوولایەنەکەی دیکەی ئۆپۆزسیۆن (یەکگرتوو کۆمەڵ) چییە، کە لەبەغدا هاوهەڵوێستن لەسەر پرسە نیشتمانیەکان؟**

- بەتەئکید ئێمە هەست بەو هاوهەڵوێستییە دەکەین و زۆر خۆشحاڵین بەوەی هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی و برادەرانی یەکگرتوو لەبەغدا هەڵوێستێکی کوردانەو مەردانەیە جێگای ڕێزمانە، بەداخیشەوە ئێمە ڕەخنە لەهەندێك هەڤاڵانی بزووتنەوەی گۆڕان دەگرین کە چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد پەرلەمانی عێراق بکەنە مینبەرێك بۆ ئاراستەکردنی ڕەخنە لەسەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرکردەکانی کورد، ئەو ڕەخنەو هێرشانە گەر بێتوو لەهەرێمی کوردستان بگیرێت ئێمە لێی تێدەگەین، بەڵام بۆ لەبەغدا هێرش بکرێت لەمە تێناگەین و ئەمە تیری ژەهراوییە لە لەهەرێمی کوردستان دەگیرێت.

*** حەز دەکەین کەمێك باسی گوتاری کوردستانی بەرامبەر بە ڕووداوە ئیقلیمیەکانیش بکەین کە وا هەست دەکرێت گوتارمان بەرامبەر بە ڕووداوە ئیقلیمیەکان یەکگرتوویی پێوە دیار نییە، با ڕاشکاوانەتر بڵێین ئەوەی دەکەوێتە سنووری پارتی کاریگەری تورکیای بەسەرەوەیە و ئەوەی دەکەوێتە سنووری یەکێتی کاریگەری ئێرانی بەسەرەوەیە، بەتایبەت بۆ تێڕوانینمان بەرامبەر بەسوریا، بەڕێزت چۆن دەڕوانیتە ئەم دابەشبوونە؟**

- دیمەنی دابەشبوونی هەڵویستی کورد لەسەر ڕووداوە ئیقلیمیەکان لە رووکاردا بە جوانی دیارە، بەڵام لەباری ڕاستیدا بڕیار و ئیرادەی کورد دابەش نەبووە تەنیا دیمەنێکە دروست بووە، هۆکاری دروست بوونی ئەم دیمەنەش ئەوەیە، گەمەکە گەمەی هێزەکانی دەرەوەیە کە دەبینیت یەکێکی وەکو قاسم سلێمان بێتە سلێمانی بگەڕێتەوە کەس ناپرسێت پاسەپۆرتی هەبوو یا فیزەی وەرگرتووە؟ کەچی یەکێکی وەکو داود ئۆغلۆ بێتە کەرکوك هاواریان لێهەڵدەستێت بەوەی بۆ فیزەی وەرنەگرتووە و بۆ بەڕێگای دیپلۆماسی نەهاتووە؟ ئەو دیمەنە لەبەغدا دێت کە دیمەنێکی وا دروست بکرێت. لەهەرێمی کوردستان بڕیارێکی یەکگرتوومان لەمەڕ تورکیاو ئێران و سوریا هەیە، هاوکات بیروبۆچوونی جیاواز هەیە

**وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە هەموو ئەو دەنگ و ڕاو بۆچوونانە دەکەین و پشتگیری لێدەکەین کە مافی کورد بەیەکگرتوویی بهێڵێتەوە**

**بەهەوڵ و کۆششی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ مام جەلال و حزبە سیاسییەکانی دیکەو بڕیاری هاوبەش سنووری هەرێممان لەگەڵ ئێران و تورکیا ئارام کردەوە**

**دەبێت پەکەکە بەشێك بێت لەچارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا. ئێمە بە تورکیامان ڕاگەیاندووە بەبێ پەکەکە ناتوانن کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەر بکەن**

لەسەر ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵیاندا بکەین. هەر بۆ نموونە سنووری هەرێممان کە لەگەڵ ئێران ئارام کردەوە، ئەوە بەهەوڵ و کۆششی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ مام جەلال و حزبە سیاسییەکانی دیکە بوو، هەروەها توانیمان بەئیرادەو بڕیاری هاوبەش سنووری تورکیا ئارام بکەین، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە تا ئەمڕۆش ئیرادە و بڕیاری کورد یەکە، بەڵام کاریگەری سلبی دەوروبەر لەسەر دروستبوونی ئەم دیمەنە کە وا ببینرێت دابەشبووە هەیە و خەڵکیش زۆر لەم دیمەنە دەترسێت، خۆشبەختانە سیاسەتی هەر دوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لەگەڵ حزبەکانی دیکەش لەمەدا هاوهەڵوێستین کە بڕیاری کورد دابەش نەبێت.

*** ئایا ئەم بریار و ئیرادە هاوبەشە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کوردی پارچەکانی دیکە هەیە؟**

- بۆ ئەمەش دەتوانم بڵێم ئیرادەیەکی هاوبەش و بڕیارێکی یەکگرتوو بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر بڵێم ئەم بریار و ئیرادە هاوبەشە لەسەداسەدە، ئەوا دەڵێم بەو ئاستە نییە، لە ئێستادا بە هەماهەنگی هێزە سیاسییەکان لەبارودۆخێکی وادایین کە دەتوانین بڵێین باشە، ئێمە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵویستێکمان هەیە سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیاو دەبێت پەکەکە بەشێك بێت لەچارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا، ئێمە بە تورکیامان ڕاگەیاندووە بەبێ پەکەکە ناتوانن کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەر بکەن، پێمانگوتوون زەمینە سازی بکەن بۆ ئەوەی پەکەکە بێتە ناو پرۆسە سیاسییەکە و دان بە پەکەکەدا بنێن بۆ ئەوەی پەکەکەش چەك دابنێت، لەبەر ئەوەی چەك بۆ ئەوەیە کە بەرامبەر ناچار بکەیت دانت پێدابنێت، کە بەرامبەر دانی پێدانا، ئەوە دانوستان دەست پێدەکات. ئەمەش سیاسەتی پارتی بووە و سەرۆك بارزانیش هەوڵی زۆری لەم بوارەدا داوە.

*** بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم دواییە هەڵوێستی زۆر ئیجابی بەرامبەر چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا پیشانداو لەم چوارچێوەیەدا پشتگیری ئەوەی کرد پەکەکە و ئۆجەلان بەشێك بن لە پرۆسەی ئاشتی، ئایا لەمبارەوە بەڕێزت چی دەڵێیت؟**

- ئێمە هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە کە کێشەی کورد لە تورکیا بە ئاشتی چارەسەر ببێت و کورد لە کوردستانی تورکیا بە ئامانجی خۆیان بگەن و ئەم کێشەیەش بەبێ پەکەکە چارەسەر نابێت، سەبارەت بە بەڕێز ئۆجەلانیش ئەوە ئێمە دەڵێین دەبێت ئۆجەلان بەشێك بێت لە چارەسەر و لە دانوستاندنەکاندا بەشدار بێت، لە کاتێکدا کە باسی ئازادکردنی ئۆجەلان لە زیندان دەکرێت ئەوە ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، هەروەها ئێمە بە شێوەیەکی واقیع بینانە تەماشای بابەت و بارودۆخەکە دەکەین و قەزیەی کورد لە هەموو شتێك گەورەترە و دەبێت گرنگیدان بە مەسەلەی ئازادی سیاسی کورد لە تورکیا لەلایەن هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان ژمارە یەك بێت لەسەر ئەساسی دیموکراسی و ئاشتیانە و بۆ ئەمەش زەمینە لەبارە.

*** ئەو بۆچوونەی پارتی لای کوردی باکوور تا چەند جێگای بایەخە؟**

- کوردی باکوور دابەش بوونە ئەوەی لەگەڵ پەکەکەیە و خەڵکی دیکەش هەیە بێلایەنن، لەلایەن ئەو خەڵکانەی بێلایەن و سەربەخۆن پێشوازییەکی زۆر زۆر لە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت و لەلایەن بنکەی جەماوەریی پەکەکەشەوە پێشوازیەکی باش لە سیاسەتی پارتی دەکرێت، بەڵام خەڵکی دیکەش هەیە کە بەشێوەیەکی وا ئاڕاستە کراوە و تێگەیەنراوە تەنیا چاوی لە چەکدارو توندوتیژی و شێوەی شۆڕشگێڕیە کە جاران پەیڕەو دەکرا، لەکاتێکدا دنیاو کاتەکە گۆڕاوە و ئەوەی ئێستا بە ئاشتی دەکرێت بە شەڕ ناکرێت.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ بەتەپە چۆنە؟**

- پەیوەندیمان زۆر باشە و هەماهەنگیمان هەیە و لێك تێگەیشتنێکی باش لە نێوانماندا هەیە، هەروەها دەستخۆشیەکی باش لە بەتەپە دەکەین کە لە زۆربەی چالاکیەکانی خۆیان سەرکەوتوون و ئامادەییەکی باشیان لە ناو پەرلەمانی تورکیا هەیە و میتۆدی مەدەنی و دیموکراتی و ئاشتیانەیان هەیە بۆ ئەوەی قەزیەی کورد بە دنیا بگەیەنن، هەر بۆیە کەسایەتیەکانی وەکو خاتوو لەیلا زاناو ئەحمەد تورك ئەوانی دیکەش جێگای ڕێزی ئێمەن.

*** سەبارەت بە کوردی سوریا، پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی ئامادەییەکی باشیان هەیە و لەگەڵیان کۆدەبنەوەو ئێوە لەگەڵ مەسەلەی سوریا چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و حەز دەکەین بزانین هەڵوێست و بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە کوردی سوریا و بارودۆخی سوریا بەگشتی چۆنە؟**

- بارودۆخی سوریا لەرووی مەیدانیەوە لە دەستی ئۆپۆزسیۆندایە و ڕژیمی ئەسەد نە میللەت و نە ئابووری و نەحکومڕانی بەدەستەوە نەماوەو ئەوەی لەبەردەستی ماوە تەنیا چەکە، خەڵکی سوریا مافی خۆیانە داوای دیموکراسیەت بکەن و داوای ئەوە بکەن کە میللەت خۆی خاوەن بڕیار بێت، بۆیە ئێمەش پشتیوانی لە گەلی سوریا دەکەین و دژی هەموو توندوتیژیەکین لەو وڵاتە و داوامان لە کوردی سوریا کردووە کە ئەم بارودۆخەی ئێستای سوریا دەرفەتێکی باشە و ئەم هەڵوێست و داواکاریەش ناشارینەوە، ئێمە لەرووی سیاسییەوە هیچ ڕاسپاردەیەکی تایبەتمان لەسەر ئەوان نییە و دەست لەکاروباری کوردی سوریا وەرنادەین هەتا لەبری ئەوان بڕیار بدەین، پێمان وتوون ئێوە خاوەن بڕیارن و ئێوە بڕیاری خۆتان بە دەستی خۆتان وەردەگرن و چی داوا لە



ئێمە دەکەن ئەوە پشـــتیوانیتان دەکەین، ئەوجا کوردی ســـوریا دەیانەوێـــت هەرێمێکی ئازاد یان فیدرالی یـــان کۆنفیدرالـــی پێکبهێنن، ئەوا ئێمـــە چەند پێمان بکرێت پشـــتیوانیان لێ دەکەیـــن، ئەمەش هەڵوێســـتی هەرێمی

> **کەسایەتیەکانی وەکو خاتوو لەیلا زاناو ئەحمەد تورك ئەوانی دیکەش جێگای ڕێزی ئێمەن**

کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستانە، وەك پارتی و یەکێتیش هەردوولامـــان کۆدەنگیمان هەیە و هاوڕاین لەســـەر ئەوەی چۆن پشـــتگیری کوردی ســـوریا بکەین بەشێوازی ئاشتیانە و دوور لەتوندوتیژی.

*** ماوەی ســـاڵێکە جەنابی سەرۆك بارزانی کۆمەڵێـــك هەوڵـــی گرنـــگ و ســـەردانی دیپلۆماســـی بـــۆ هەموو وڵاتانـــی یەکێتی ئەوروپاو وڵاتانی ڕۆژئاواو عەرەبی دەســـت پێکـــردووە، هەندێـــك لەچاودێـــران پێیانوایە ئەم هەوڵانەی بارزانـــی هەنگاوی گەورەی بەدواوەیە، ئایا تۆ لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**

- بـــە خوێنەرانی گـــوڵان دەڵێـــم جێگای خۆشحاڵیە کە هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی هەیە لە دنیا ناســـراوە و لە دنیادا بە گەرمی پێشـــوازی لێ دەکرێت و لە دنیاشدا سەنگی خۆی هەیە و بایەخێکی زۆر بەم کەسایەتییە دەدرێت، ئەمەش بەختـــی کوردە و بەختێکی ســـپی و باشە کە کورد ســـەرۆکێکی ئاوای هەیە، جەنابی سەرۆك بارزانی خاوەن بەهرە و تێڕوانینی باش و کاریگەرە نەك تەنیا لەسەر کێشـــەکانی عێراق و هەرێمی کوردســـتان، بەڵکو لەسەر کێشەکانی ناوچەکەش کە ئێستا فاکتەرێکە لە چارەســـەرکردن، ئەوەتە تورکیا پێشـــوازی لە هەوڵەکانی جەنابی ســـەرۆك بارزانـــی دەکات بۆ چارەســـەرکردنی خودی کێشەکانی ناو تورکیا، ئەو هەوڵانەی بارزانی ئەگەر پێشـــتر بە نهێنی بێت ئەوە ئێســـتا بە ئاشکرا دەیکات، ئەگەر پێشتر بە دیپلۆماسی باســـی لە کێشـــەکان کردبێت ئەوە ئێستا بە ئاشـــکرا لە ناو کۆنگرەی ئەکەپە ڕاشکاوانە قسە دەکات و هەتا بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوە ئێران ئیعتراف بە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی دەکات، لە ئێستا و پێشتریش و لە ناوچەکەدا لەســـەر ململانێی ســـوننە و شـــیعە ڕۆڵی بەڕێز ســـەرۆك مســـعود بارزانی بەهێزە کە بتوانێ ئەو گرژیـــەی هەیە لاوازی بکات و نەیهێڵێت، چونکـــە بیروبۆچوون و تێڕوانینی ســـەرۆك بارزانی لەمبارەوە ئەوەیە کە دەبێت ململانێ لە چوارچێوەی دیموکراسیەت دابێت، هەروەها ئەو خەڵاتانەی ئاشتی و مەدەنیەت کـــە جەنابی ســـەرۆك لە دنیـــا وەریگرتووە ئەوە ئیعیترافە بە ڕۆڵی ســـەرۆك بارزانی و ئیعترافێکی بەرچاو و باشە بە نەتەوەی کورد، بۆیە لێرەدا دەتوانم بڵێم سەرۆك بارزانی ئێستا بۆتـــە ڕەمزی کورد و خۆشـــمان چاوەڕوانی ئایندەی گەورە لەم مرۆڤە پایەبەرزە دەکەین، بۆیە دەبێت هەماهەنگی بین و زیاتر هاوکاری بین تاوەکو بتوانین ئاواتی کورد لەم ناوچەیە بە دەســـتی کـــورد بڕیاری کۆتایی لەســـەر

> **پارتی و یەکێتی کۆدەنگیمان هەیە و هاوڕاین لەسەر ئەوەی چۆن پشتگیری کوردی سوریا بکەین بەشێوازی ئاشتیانە و دوور لەتوندوتیژی**

بدرێت و ئەگەر ئایندەی عێراق دیموکراســـی بێـــت ئەوە کورد لە هەرێمی خۆی ســـەروەرە کـــە هەرێمەکەش تەنیا ئەوەی ئێســـتا نییە، بەڵکو هەرێمی کوردستانی ڕاستەقینە ناوچە دابڕێنراوەکانیشی لەگەڵە و مافی خۆمانە کە سەرۆك بارزانی لەسەر داوا ڕەواکانمان دەنگی بەرز دەکاتەوە، چونکە مەبەســـتی ئەوەیە ئەم کێشـــەیە لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام لە کاتێکدا ئایندەی عێراق دیموکراسی نەبێت ئەوە ئێمەی کورد مافـــی خۆمانە دەوڵەتمان هەبێت، ڕاســـتە دەوڵـــەت زەحمەتە، بەڵام کە هاتە سەر ئەوەی لە عێراق دیموکراسی نەبێت، ئەوە هەقی خۆمانە ببینە دەوڵەت و ئێســـتاش لە عێراق دیموکراسیەت زۆر لاوازە.

ئەیاد جەمالەدین بۆ گوڵان:

# بارودۆخی عێراق چۆن بە خەڵکانێک چارەسەر دەکرێت کە خۆیان هۆکاری کێشەکە بن



ئەیاد جەمالەدین، سیاسەتمەدارێکی ناوداری عێراقییەو یەکێکە لە پیاوانی ئایینی شیعە مەزهەب و سەر بە حزبی ئەحرارە کە لە ڕیزی لیستی عیراقیەدایە، ساڵانێکی زۆریش خەباتی دژی ڕژێمی سەرکوتکاری بەعس کردووە و دوای ڕووخانی ئەم ڕژێمە گەڕاوەتەوە وڵات، وێڕای شارەزایی تەواو لە بواری فەلسەفەو ئایین، وەکو سیاسەتمەدارێك پشتگیری لەدیموکراسییەت دەکات و دژی دامەزراندنی دەوڵەتی سیستمی ئایینی یان ویلایەتی فەقیهیە، بەڵکو لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانییە کە دووربێت لە دەست تێوەردانی مەرجەعیەکان و بتوانێت ماف و ئازادیی گشت پێکهاتەکان مسۆگەر بکات، لەوتووێژیکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری (گوڵان)دا، بە ڕاشکاوی تیشکی خستە سەر پێشهات و ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە و هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ئەدای حکومەتی ئێستای عێراق و ئاییندەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەربڕی.

*** ئەو حكومەتەی لە ئاكامی ڕێككەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەكان لەسەر بنەمای شەراكەت هاتە ئاراوە، ئایا بۆچی ئەم حكومەتە نەیتوانی سەركەوتوو بێت؟**

- ئەوشێوازەی كە ئەوحكومەتەی پێ دامەزرا، بریتی بوو لە (تەوافوق)ێكی سیاسی، ئەمەش لەخودی دەستووردا ئاماژەی پێكراوە، واتا بە ڕێككەوتنی نێوان هەموولایەنەكان بوو، ناكرێ بە منەتێك بەسەر خەڵكەوە حسابی بۆ بكرێت، دیارە بەپێی ڕێككەوتنی نێوان ئەو لایەنانە وا پێویست دەكات كە لە كۆتایی ئەم خولەی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق دوو ڕێگەچارە بگرێتەبەر، یان ئەوەتا دەنگ بدات بەپێكهێنانی حكومەتێكی زۆرینەی سیاسی یانیش دیسان كۆدەنگییەك بێتە ئاراوە بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی تەوافوقی، بەڵام دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە دامەزراندنی ئەم جۆرە حكومەتانە (تەوافوقی)، گوزارشت لەقۆناغی گواستنەوە دەكات، هەر ئەمەشە بەڕاوبۆچوونی من هۆی سەرەكی لەپەككەوتنی سیاسیی ئەمڕۆی عێراق كە دەرئەنجامی ئەو ناتەوافوقییەیە، كە لەرواڵەتدا بە مانای تەوافوقە، بەڵام لەناوەڕۆك و كردەوەدا تەوافوقی سیاسی تێدا بەدی ناكرێت، چونكە ئەولایەنانەی بەشدارن لەم تەوافوقە دەكەن بریتین لەچەند كەسایەتی و گرووپی ڕكابەر كەهیچ خاڵی كۆكەرەوەیان لە نێواندا نییە و لەسایەی ئەوانیشدا هەمووكایەكانی ژیانیان لەعێراق پەكیان كەوتووە، ئەوانە تەنیا لە دوو باڵەخانە بەیەكدەگەن، كە بریتین لە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، لێرەدا دەمەوێت ڕاشكاوانە بڵێم هەر دەبێت بەرپرسیارێتیی ئەم پەككەوتنە لە ئەستۆبگیرێت و دامەزراندنی حكومەتی زۆرینەی سیاسی لە قۆناخی داهاتوودا بیرۆكەیەكی باشە، ئەوكاتە دەتوانین بە ئاشكرا ئەو لایەنە دەستنیشان بكەین كە كاری باش و خزمەتی زۆر پێشكەش دەكات و گلەیی و گازاندەش ئاراستەی ئەوانە بكەین كە خزمەتی گەل ناكەن، كەچی لەم ڕەوشەی ئێستادا ناتوانین بەرپرسیارێتیی و گازاندە بخەینە ئەستۆی هیچ لایەنێك، ناتوانین بڵێین سەرۆك وەزیران یان سەرۆك كۆمار یاخود سەرۆكی پەرلەمان یانیش وەزیرەكان لێی بەرپرسیارن، چونكە هەموویان پشكدارن و بەشداریش نین، بۆیە لێرەدا بەرپرسیارییەتەكە ون بووەو ناتوانین شكستەكە بەتەنیا بخەینە ئەستۆی هیچ لایەنێكی دیاریكراو، بۆیە لێرەدا كە دێینە سەر هۆكارەكە هەموومان تۆمەت ئاراستەی لایەنەكەی دیكە دەكەین.

*** ئایا پێتانواییە پێكهێنانی حكومەتی زۆرینە ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە حكومەتی شەراكە شكستی هێناوە؟**

- بێگومان سەد دەرسەد ئەمە ڕاستە كە حكومەتی شەراكەتی نیشتمانی سەركەوتوو نەبووە، هەمووشمان درك بەو ڕاستییە دەكەین، بەڵام حەزدەكەم ئاماژە بەوە بكەم كە ئەو حكومەتە زۆرینەی من مەبەستمە لە پەرلەمانی ئێستا بەرهەم نایەت، چونكە خودی ئەم پەرلەمانە لەسەر بنەمای تەوافوقێكی سیاسی هاتۆتەكایەوە، بۆیە لێرەدا باشتر وایە چەند ڕێگەچارەیەك دەست

**لە ئیدارەی تازەی ئۆباما پۆستی وەزارەتی دەرەوە دەگۆڕێت و لەوانەیە بدرێتە كۆمارییەكان ئەمەش چاوەڕێی گۆڕانكاریی لێ دەكرێت**

نیشان بكەین، یان بانگەشە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی نوێ و پێشوەختە بكرێت، یان ئارام بگرین ئەو حكومەتە شكستخواردووە بەردەوام بێت تا كۆتایی هاتنی خولی پەرلەمانیی ئێستا، دواتر پەرلەمانێكی تازە پێكبێت و حكومەتێكی زۆرینەی سیاسی بەرهەمبێنێت، دەمەوێت ئاماژە بەوەش بكەم كە حكومەتی ئێستای عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق پێكهێنراوە و بەڕەمەكی نەبوو كە مالیكی كرا بە سەرۆك وەزیران و نوجەیفی بە سەرۆك پەرلەمان و تاڵەبانی بە سەرۆك كۆمار، ئەم پۆستانە دەرئەنجامی تەوافوقی لایەنەكانە، بەڵام ئەمڕۆ هیچ لایەنێك بەتەنیا ناتوانێت بانگەشە بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی زۆرینەی سیاسی بكات.

*** ئەوەی ئێستا تێبینی دەكرێت هەموو لایەنەكان بانگەشەی جێبەجێكردنی دەستوور و پیادەكردنی دیموكراسییەت دەكەن، بەڵام بەكردەی هەستی پێ ناكرێت، تۆبڵێی ئەم حكومەتە زۆرینەیە بتوانێت عێراق ڕزگار بكات؟**

- چۆن دەتوانین لە كەسانێك چاوەڕێی ئومێدی ئەوەبین ئەم وڵاتە لەم مەینەتییە ڕزگار بكەن كەهەر خۆیان هۆكاری سەرەكی كێشەكانن، مەسەلەكە وەك ئەوە وایە یەكێك ببێت بە پزیشك كە هەر خۆی نەخۆش بێت، بەڵام خۆی نازانێت كە نەخۆشە، ئەم قۆناغە پێویستی بەوە بوو كە نەتەوە یەكگرتووەكان و ئەمریكا بە وردیی چاودێری قۆناغی گواستنەوەیەیان بكردایە، بەڵام پاشەكشەی ڕۆڵی ئەمریكا و نەتەوە یەكگرتووەكان ڕێگەی بۆ ئێران خۆشكرد دەست بخاتە ڕەوشی سیاسیی عێراق و هەژموونی خۆی بخاتەگەڕ، ئەو تەنیا عێراقی كردووە بە بارمتە،

**ئەم پەرلەمانەی ئێستای عێراق ناتوانێت حكومەتی زۆرینە پێكبهێنێت، دەبێت چاوەڕێی هەڵبژاردنی داهاتوو بكەین**

بەڵام نازانن كە هەر ئەمریكا بوو ڕژێمی پێشووی ڕووخاند و ئەم دیموكراسییەتەی ئەمڕۆی دامەزراند و ئەو خەڵكانەی گەیاندە دەسەڵات، بەڵام ئەمڕۆ پشتیان لە ئەمریكا كردووە و ڕوویان لە ڕۆژهەڵات و بەرژەوەندییە سیاسییەكانی وڵاتانی ئیقلیمی كردووە، هەر ئەمەشە هۆكاری گەیشتنی عێراق بەم ڕەوشە كە ئەو ستافە سیاسییە حوكمڕانەی ئێستا لەجیاتی ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی گەلەكەیان بكەنەوە ئەجیندای ئەو وڵاتە پیادە دەكەن، هەربۆیە من بەرپرسیارێتییەكە بەتەواوەتی دەخەمە ئەستۆی عێراقییەكان، ئایا ئەوان خوازیارن حكومەتێكی ئایینیان هەبێت، كە ڕۆڵی دەوڵەتێكی دراوسێی بەسەرەوە بێت، یاخود حكومەتێكی نیشتمانی كە ئاسایش

و خزمەتگوزارییەکانیـــان بۆ دابین بکات؟

دیارە هەر لەساڵی ٢٠٠٣ـەوە تاکو ئەمڕۆ بە دەست نەبوونی ئاسایش و خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنین، ناشـــتوانین لایەنێـــك تۆمەتبار بکەین بەجیا لە لایەنەکانی دیکە، پێشبینی ئەمــە لــە ڕووخاندنی ســەددام نەدەکرا، هەموو جیهان هات بۆ ڕووخاندنی سەددام و بۆ پێکهێنانی حکومەتێك ڕێز لە گەلی عێراقــی بگرێت و بەهای مێژووی عێراق بزانێت و ســامانەکانی عێــراق بپارێزێت، بــەش بەحاڵی خۆم من لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینەی سیاسیم، بەڵام پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکــی پەرلەمانیی پێشوەختە بۆئەوەی پێکهاتەیەکی حکومیی نوێی لێ بەرهەمبێت.

*** ئایا پاش دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئۆباما وەکو سەرۆکی ئەمریکا پێتوایە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بگۆڕێت؟**

- ڕەنگە گۆڕانکاریی لە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا بکرێت، پاش گۆڕینی خاتوو هیلاری کلنتۆن، قســە هەیە لەسەر هاتنی جۆن کێــری یان چەندین کاندیدی دیکە بۆ شــوێنی ئەو، پێشــبینی دەکەم گۆڕانکاری ڕوودبات بەتایبەتی لەبەرامبەر ئێران و تەنانەت هاوپەیمانەکانی ئێرانیش لە ناوچەکەدا، هەربۆیە کەشوهەواکە گەشبین و لەبار نییــە لەهەمبەر ئێران، لەبەرئەوەی دەبێــت ئێران ملکەچ بێت بەرامبەر مەرجە نێودەوڵەتییــەکان، بەڵام ئەگــەر بەردەوام بوو لەسەر هەڵوێســتی ئێستای، ئەوکاتە هاوســەنگییەکە دەگۆڕێت، سەرکەوتنی ئۆباما لەم خولەی دووەمی ســەرۆکایەتی و هاتنــی کۆمارییــەکان بــۆ وەرگرتنی پۆســتی وەزارەتی دەرەوە کاریگەریی توند و یەکلاکەرەوەی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.

*** پێتوایە ڕژێمەکەی ئەســەد لە ســوریا بڕووخێت و ئاکامەکانی ئەم ڕووداوە لەسەر عێراق چۆن دەبینن؟**

- پێش هەمووشتێك، من پێشبینیی ڕووخانی خودی ڕژێمی بەشار ئەسەد ناکەم، بەڵکو پێشبینیی ڕووخانی سوریا وەك دەوڵەت دەکەم بەگشــتی، لەبەرئەوەی ڕووخاندنی ئەسەد تەنیا لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی وڵاتەکەی دەبێت بەشــێوەیەك کە دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی لێبکەوێتــەوە، بۆ عەلەوییەکان و بۆ دروز و بۆ کــورد، هەربۆیە کۆتایی سوریا پەیوەستە بە کۆتایی بەشار ئەسەد، لەلایەکی دیکەشــەوە، هەروەهــا پێموایە کۆتایی ســوریا بەواتای کۆتایی عێراق، لەبەرئەوەی ئەوکات عێراقیش دابەشدەبێتە سەر ژمارەیەك دەوڵەت و بەهەمان شێوەیش تورکیاو ئێران، کەواتە نەخشــەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت.

*** ئایا مەبەســتت لەمە، هەڵوەشاندنەوەی عێراقە بۆ دەوڵەتی شیعە وسوننە؟**

- نەك بە تەنیا دەوڵەتی شــیعە و ســوننە بەڵکــو دەوڵەتــی کوردیــش، ســەد لە ســەد ئەگەر بەشار ئەســەد ڕووخا ئەوە عەلەوییەکان بە هیچ شــێوەیەك بەئاسانی خۆیــان بەدەســتەوە نادەن، ئــەو گرووپە خەڵکە هەر لەسەرەتای درووستبوونیانەوە و تاکو ئەمڕۆیش، چەندین ســاڵە یان زیاتر دووچاری کۆمەڵکوژی بۆتەوە و نەك تەنیا فەرامۆشی و دوورخستنەوە و سووکایەتی بەڵکو کۆمەڵکوژی، بەدرێژایی ئەو مێژووە هەزار ساڵەیاندا تەنیا لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا حوکمیان کردووە ئەویش لەسەردەمی حافز ئەسەد و کوڕەکەی، هەربۆیە مەحاڵە دووبارە بێن و خۆیان ڕادەســتی حوکمــی تازەوە بکەن، ئەگەریش هات و ســوریا دابەشبووە چەنــد دەوڵەتێك کە دەوڵەتێکی عەلەوی و دەوڵەتێکــی دروزی و دەوڵەتێکی کوردی و دەوڵەتێکی ســوننی، ئەوکات ئەو گرەی کە لە شــامەوە دێت دەگاتــە عێراقیش، لەبەرئەوەی لە عێراقیش دەنگی زۆر هەیە کە بانگەشــە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و شیعەستان و سوننەستان دەکەن، ئەگەریش هات و عێراقیش دابەشبوو، ئەوکاتە پریشکی ئاگرەکەی لەناو ســنوورەکانی ناوەستێت، بەڵکــو پەلدەهاوێژێت بەرەو عەرەبســتانی ســعودیە و ئێران و تورکیا و لەئاکامیشدا نەخشەی ناوچەکە بەتەواوەتی دەگۆڕێت، هەربۆیە، هێشتا بەشار ئەسەد کارتی زۆری لەدەســتداماوە کە دەتوانێت بەکاریانبێنێت و لەگــەڵ جیهاندا سازشــیان پێ بکات، ڕێککەوتننامەی تائیف ڕێککەوتننامەیەکە لەنێوان ســوریا و عەرەبســتانی سعودیە و ســەقامگیریی لوبنانیــش دەرئەنجامی ئــەم ڕێککەوتنەیە،، لەبەرئــەوەی ئەگەر ڕژێمەکەی بەشــار ئەسەد ڕووخا ئەوکات ڕێککەوتننامــەی تائیــف بەکۆتا دێت، هەر بۆیە ئەگەر بەشار ئەسەد سەخڵەتکرا ئــەوکات دەڵێــت ڕێککەوتنــی تائیــف هەڵوەشــایەوە، هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی تائیفیش واتە دروســتبوونەوەی شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی لــە لوبناندا. هەروەها ئەمڕۆش گوشار خستنە سەر ئەسەد، واتە هەڵگیرســانی گرژی مەزهەبی نێوان سوننە و شــیعە، من تێڕوانینێکی ڕەشبینانەم بۆ بارودۆخەکانی ئێســتا هەیە و پێشــبینی دەکەم جەنگێکی گەورە و کاولکاری شیعە - وەهابــی بەرپابێت بەهۆی فشــارەکانی سەر بەشار ئەسەدەوە، بەکورتی و پوختی: باوەڕناکەم ڕژێمەکەی بەشــار ئەســەد وا زوو بڕووخێت و ئەگەریش ڕووخا، ئەوکات واتای ئەوەیە کە چیتر نەخشــەی ســوریا وەکو جارانی نامێنێتەوە.

**لە گەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەوڵەتی سوریا دابەش دەبێت و دوای دابەشبوونی سوریاش عێراقیش دابەش دەبێت**

**ئایا عیراقیەکان خوازیاری ئەوەن حکومەتێکی مەزهەبگەرایی ئاینییان هەبێت یان حکومەتێکی نیشتمانی؟**

**لەساڵی ٢٠٠٣ـەوە تاکو ئەمڕۆ بە دەست نەبوونی ئاسایش و خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنین**

# مافی سەربەخۆیی هەنگاوێ بەرەو دەوڵەت



نەوزاد جەمال*
بۆ گوڵان نووسیوویەتی

لە ساڵانی رابوردووەوە تائێستا پەیوەندیی هەرێم بە بەغداوە ناجێگیرە. ئەگەرچی هەرێم هەمیشە دەستپێشخەرو ئامادەباش بووە بۆ بەشداریکردن لەبڕیاری سیاسییدا بەتایبەت پرسی دەستورو تەبایی، بەڵام هەردوولا لەخوێندنەوەی نیازەکانی یەکتردا دڕدۆنگ و بەدگومانن. جگەلەوەی دەسەڵاتی ناوەندی تارادەیەکی باش شارەزای سیاسەت وماڵی کورد بووە، بەتایبەت لەو رووەوە کە پاڵپشتی دەرەکی هاندەریانە، وەلێ لە هەندێ باریشدا هێزە سەرەکیەکانی کوردستان جۆرێ لەفشار و کارتی خۆیان بەرامبەر ناوەند تارادەی تێکگیربوون بەکارهێناوە. بەشێکی ناجێگیریی پەیوەندیەکان دەگەڕێتەوە بۆ رەفتاری سیاسی حکومەتی ناوەندیی کە بەپێی ئەقڵیەتێک دەجوڵێتەوە و لە چوارچێوەیەکدا پێناسەیەکی بۆ «هەرێمی کوردستان» داناوە. بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی هەرێم خۆی، بەهۆی زیادبوونی چاوەڕوانیی و گەشەی ئابووری و بەهێزبوونی پێگەو ئارامیی، ناوەندیش بەرگەی ئەم پێشهاتانە ناگرێ.

ئیدی ئەم دۆخە ناجێگیرە، لەرووی دەروونی و سیاسییەوە ئێمەی خستۆتە بەردەم دووڕیانێک: یا تێکەڵبوونەوەیەکی شێلگیر بەدەسەڵاتی ناوەندیی(بەڵام بەکامە مەرج و فۆرم)؟ یا جیابوونەوەو خۆ ئامادەکردن بۆ سیناریۆ مەترسیدارەکانی. دیارە ئیختیاری یەکەم، بەردەوام لە گوتاری سیاسیی کوردا، رێگەچارەیەکی گونجاوو واقیعی بووە، بەڵام دەستکەوتی ئەوتۆشی لێنەکەوتۆتەوە. وەلێ ئیختیاری دووەمیش، لە رووی چەمکی زانستییەوە بەهێز نییەو گومان رەوێنیش نییە. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا بەڕاشکاوی قسەی لەسەر ناکرێ پرسی «سەربەخۆییە» وەک رێگە چارەیەکی تر.

لەکاتێکدا زۆرێ لە سیاسیەکان بە کوردو ئێراقی و تەنانەت دەرەکیشەوە «مافی سەربەخۆیی» لە روانگەی «مافی جیابوونەوە»وە لێکدەداتەوە، کەچی دوو چەمک و تەقەللای جیاوازن. چونکی بنەمای تیۆریی و واقیعیان یەک نییە. راستە بۆ ئەوەی سەربەخۆ بین، دەبێ لەنێو قەوارەی ئێراقدا بێینەدەرو ماڵ جیاکەینەوە، وەلێ سەربەخۆیی دۆخێکە لە جیابوونەوەش گەورەترو گشتگیرترە. واتە تێپەڕاندنی گوتارێکی کاتی و کاردانەوەیەکی سیاسی و دەروونییە. جگەلەوەی لەدوای راپەڕینەوە رانەگەیاندراون، ماڵجیاییمان کردووە، هەمووش ئەم راستییە دەزانن، بەڵام بەرگەی ئەنجام و داهاتووەکەی ناگرن.

لێرەدا من داکۆکی لە«سەربەخۆیی» دەکەم، چونکی وەک مافێکی دەستووریی و گەردوونیی دەبینم. هاوکات بەچارەسەرو دابینکردنی داهاتووشی دەزانم. لەکاتێکدا جیابوونەوە کارتێکی سیاسی «مەوداکورتە» بەهەمیشەیی ئامانجەکانمان ناپێکێ. لەم سۆنگەوە، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم، جەخت لە پەیوەندیی نێوان «سەربەخۆیی» و چەمکی »ئازادی» دەکەمەوە. پێموایە ئەوەی لەم چەند ساڵەدا دەربارەی ئازادی وتراوە، بەمانایەکی تایبەت(زۆرجار بەرتەسک) باسکراوە، نەک بەمانای «رزگاریی و سەربەخۆیی».

**سەربەخۆی وەک ئازادیی پۆزەتیڤ**

لە فەلسەفەی سیاسییدا دوو جۆر چەمک و تێگەیشتن لەئازادیی هەیە: ئازادیی نەگێتیڤ، ئازادیی پۆزەتیڤ. ئازادیی نەگێتیف: رزگاربوونی مرۆڤە لە کۆتوبەندەکانی بەردەم جوڵەو بیرکردنەوەی. ئازادیی پۆزەتیڤ، هەنگاوێکی باڵاترو پێشکەوتووترە، هەر رزگاربوون نییە لە رێگرو کۆسپەکان، بەڵکو مرۆڤ لەناخ و بوونیدا بەبێ رێگرو کۆتوبەند ئیرادەی ئازادێتی خۆی پراکتیزە بکات.

**من داکۆکی لە«سەربەخۆیی» دەکەم، چونکی وەک مافێکی دەستووریی و گەردوونیی دەبینم. هاوکات بەچارەسەرو دابینکردنی داهاتووشی دەزانم**

بەواتایەکی تر؛ مافێکی ئۆنتۆلۆجی- وجودی- یە کە بەهۆیەوە مرۆڤ بەبێ ترس، بێ فشار مافی ئیختیارکردنی چارەنووس و داهاتووی خۆی هەبێ. بەدەربڕینێکی تر؛ بۆ نموونە هەرێم ئەوەندە ئازادو سەربەخۆبێ لە دیاریکردنی چارەنووسییدا کە مانەوەی یا جیابوونەوەی لە ئێراق وەک یەک بێ فشاربێ. واتە لە هیچ حاڵەتیکدا زۆرو کۆسپی ناچارکەر نەبێ کە ئاخۆ کامیان هەڵبژێرێ. ئەگەر ویستمان لەو قەوارەیەدا بمێنینەوە، دەبێ بڕیارەکەمان بەتۆبزی و ناچارەکی نەبێ. بڕیاری جیابوونەوەش نابێ زادەی ناچاریی بەهۆی ستەم و زۆرەوە، یا هێرش و وێرانکارییەوە نەبێ. بەڵکو سەربەخۆییەک کە تەنها بەدیهاتنی زاتیەتی کورد، وەک مرۆڤ و گەل و کولتور بگەیەنێ لە فۆرمێکدا کە «دەوڵەتسازییە».

کەواتە ئەگەر ئێمە مافی جیابوونەوە بەمەبەستی سەربەخۆیی کوردستانەوە گرێبدەینەوە، دەبێ بەهانەو پاساو نەدۆزینەوە بۆ ئەو کردە سیاسییە، چونکی ئەوە بڕیاری ئیرادەیەکە، نەک لەبەرئەوەی کە چەوساوەین، یا دەترسیین (ئەگەرچی بەفیعلی ترس و زۆرداری سەرچاوەی سیاسەتی فراوانخوازی رژێمە یەک بەدوایەکەکانی عیراقە بووە). نەخێر، لەبەر ئەوەی دەمانەوێ ئامانجێکی وجودیی لە دۆخی سەربەخۆبوونماندا بەدیبهێنین کە سەروەریی نیشتمان، ئەقڵ و هزرو گەل و کولتور و زمان و ناسنامەمان دەگرێتەوە.

ئەگەر چاودێرێکیش بپرسێ: بۆ کورد لە ئێستادا دەیەوێ جیابێتەوە بەرەو سەربەخۆیی؟ من دەڵێم ئێمە تەنها بەنیازو مەبەستی سەربەخۆیی راستەقینە هەنگاو دەنێین. تەنها لەپێناو رزگاری و سەربەخۆییدا، نەک لەبەرئەوەی نیگەران و گرفتمان هەیە لەسەر پرسی «نەوت» یا کەرکوک و هەر خاڵێ کە هێشتاش کێشەو گرفتی لەسەرە. بەمانایەکی دیکە؛ پاڵنەرو هۆکاری دروست ویستی سەربەخۆیی، وەک باوەڕو بەشێ لە بەرکەماڵبوونی شوناسی ئێمەیە، نەک بەهانە دۆزینەوە بۆ داواکانمان. ئەگەر داواکانمان رەوان، مافن، نابێ پاساودۆزی لەرێی بەهانەو پەڵپگرتنەوە بکەینە میکانیزم سیاسەت.

نەخێر، ئێمە وەک گەل، نیشتمانێکی بەرین دەرۆزە ناکەین. دەست پان ناکەینەوە لە هێزگەلێ کە مافی چارەنوسمان بۆ پێناسەکات و پێمان بڵێ ئەوەندە مافتان هەیە. داواکانی ئێمە هێندەی لەرەوایەتی مافەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوەندەش بەندە بەباوەڕبوون بەخۆمان. ئیتر ئێمە کە ئێستا لەقۆناخی بنیاتناندایین، نەک قۆناخی بەرگری ساڵانی هەفتاو هەشتاو

**ئەگەر ئێمە مافی جیابوونەوە بەمەبەستی سەربەخۆیی کوردستانەوە گرێبدەینەوە، دەبێ بەهانەو پاساو نەدۆزینەوە بۆ ئەو کردە سیاسییە، چونکی ئەوە بڕیاری ئیرادەیەکە، نەک لەبەرئەوەی کە چەوساوەین، یا دەترسیین**

نەوەدەکانیش. ئەوکات ئاراستەی سیاسەت، گوتاری سەرکردایەتی بریتیی بوو لە سەلماندنی مافی ئێمە لە جوغزێکدا. کەواتە چارەنوسازی؛ بریتییە لەوەی ئێمە بەدەست و ویستی خۆمان، پێناسەی ماف و بوون و خواستەکانمان بکەین، وەلێ بە لەبەرچاوگرتنی نەوەی داهاتووش. ئیدی بنیاتنان چەمک و خواستێک نییە کە لەنێو چەمکگەلی پێکەوەبوون یا جیابوونەوەدا پێناسە بکرێ، بەڵکو دەفری راستەقینەی سەربەخۆییە.

**ریفراندۆم وەک ئیرادەی سەربەخۆیی**

کێشەی هاوشێوەی کورد لە دەوڵەتە دیموکراسی و دیکتاتۆرییەکانیشدا دەبینرێ. هەر وڵاتەش بەجۆرێ چارەی کردووە، بۆ نموونە «کەنەدا» بە مۆدیلی «دیموکراسی فرە ئیتنیکی» یا فرە کولتوری (فرەزمان) ساڵانی هەشتاو نەوەدەکان ساڵانی تاریکی خۆی تێپەڕاند، کاتێ فەرەنسی زمانەکان وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان دەکرا. سیاسەتی فرە کولتوری، سەربەخۆیی هەرێمایەتی و زمان وایکرد کێشەکە زۆر کاڵبێتەوە، کەچی لە ریفراندۆمی ساڵی (١٩٩٥) دەنگدەرانی کیوبیک کە نزیکەی (٧) ملیۆن کاتۆلیک بەرامبەر(١٨٪) دانیشتوانی ئینگلیززمان دەبوون، ئەوەندەیان نەمابوو سەربەخۆبن! جگە لەوەی تا ساڵی (٢٠٠٦) یش وەک هەر هەرێمێک مامەڵە لەگەڵ کیوبیکدا دەکرا، بەڵام لەو ساتەوە لەژێر چارتەری (UN) دا مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی (national self-determination) پێبەخشراوە. واتە، وەک نەتەوەیەکی جیاواز (بەمانای زۆرینەی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، خاوەنی تایبەتمەندێتی «زمان، کولتورو نەریت»ە) هەژمارکراوە. بۆیە لەبەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا «مافی بڕیاری چارەنوس»یان پارێزراوە. حکومەتی کەنەدیش ناتوانێ رێگربێ، ئەگەر بە ریفراندۆم داوای سەربەخۆیی بکەن. چونکی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆی هەیە فشار بخاتە سەر حکومەتی کەنەدا. ئەگەرچی تائێستاش «حزبی کیوبیک خوازان» داوای سەربەخۆیی سەرتاسەریان نەکردووە، بەڵام مافی سەربەخۆیی تەواویان هەیە. بێگومان چاودێران پێیانوایە سەربەخۆیی کیبویک مەسەلەیەکی دوورە، بۆیە هەر لەو دۆخەی ئێستادا دەمێنێتەوە. وەلێ ئەمە لە روانگەی خەڵکی کیوبیک خۆیەوە نییە. ئەگەرچی خەڵکەکەی ناچەوسێنرێنەوە، لەژێر فشاردانین، مافی خۆیانە داوای سەربەخۆیی بکەن.

**داواکانی ئێمە هێندەی لەرەوایەتی مافەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوەندەش بەندە بەباوەڕبوون بەخۆمان**

کەواتە بۆ سەربەخۆییان دەوێ؟ بێگومان لەبەر ئەوەی ویست و خواستێکی کولتوری و زمانەوانی و نەتەوەییان هەیە. بێگومان هەمان حاڵ بە عیراق و کوردستان بەراورد ناکرێ، وەلێ گریمان ئێراقێکی دیموکراسیش بێ، هێشتا نابێ ساردو کەمتەرخەمبین لە بەدیهێنانی خواست و ئاواتەکانمان. ئەگەر وەک هاووڵاتیەکی یەکسانیش لەدەستوردا مافمان هەبێ، هەقی خۆمانە هەربەوەندە رازی نەبین!

کەواتە مافی سەربەخۆیی لەجیابوونەوەدایە، وەک ئیختیارێکی زاتی، نەک ناچارەکی و بەتۆبزی. ناچارکردن بەجیابوونەوە وەک پێکەوەژیانێکی بەتۆبزیە. ئەوەی گەلی کوردستان دەبێ داکۆکی و پێداگیری لێبکات سەربەخۆییە. ئیرادەیەکی گشتییە کە سەرپشک و بڕیاردەرە، نەک ناچاریی مانەوە یا جیابوونەوەیە، لەکاتێکدا ئیختیاری پێکەوەژیان لەم قەوارەیەدا نەمسۆگەرە نەشانسی سەرکەوتنی هەیە. هەر ئەمەش بارگرانییەک بووە بۆ خەڵکی کوردستان و سیاسیەکانمان کە بەردەوام پاکانەکاری بکەن کە «جیاخواز» نین! لەکاتێکدا پرسی گەلی کوردستان لەجیابوونەوە گەورەترە، گەلی کوردستان کەمینەیەکی زمانەوانی یا نەژادی(ئیتنیکی) نییە کە ناچار بکرێ پێکەوەبژی یا جیابێتەوە. بەڵکو نیشتمان و گەلێکە کە دەیەوێت ئیرادەی خۆی لە سەربەخۆیی و خاوەندارێتی خۆیدا بەرجەستە بکات.

---

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر**

# بیرکردنەوە لە فەزای گشتیدا


## تیشک خستنەسەر فکرەکانی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانیایی (یۆرگن هابرماس)



## (گۆڕینی پەیکەربەندی لە فەزای گشتیدا: لێتوێژینەوە لەهەمبەر جۆر لە کۆمەڵگەی بۆرجوازیدا)

٢_٣

بەر لەوەی بواری گشتی ئەرک و وەزیفە سیاسیەکانی بترنجێنێتە ناو ئەستێلکی ناوەندگیرانەی دەوڵەت و کۆمەڵگەوە، ئەوە بوارە تایبەتەکەی خۆی کە گەمەی تێدا دەکات دادەمەزرێنێت



دکتۆر شێرزاد نەجار*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە سەدەی هەژدەیەمەوە بواری گشتی نوێ خەسڵەتێکی ناوازەی وەرگرتووەو هەر لەو کاتەوە بە(شوێنگەی پێوەندی زمانەوانی) ناوزەدکراو، وتوویژێکی زۆری لە بارەوە ئەنجام دراوە، چونکە زمان ڕۆڵێکی ناوازەی تێدا گێڕاوە، لە شوێنە گشتییەكان گفتوگۆکردن لە نێوان خەڵکیدا دەستی پێکردووەو لە سەدەی نۆزدەیەمینەوەش ئەم دۆخە وەرچەرخانێکی لە ئامرازەکانی گەیاندن و ماسمیدیاکاندا لێکەوتۆتەوە، بە تایبەتیش لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نووسراوەوە، دواتریش لە سەدەی بیستەمەوە بە هۆی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئیلکترۆنییەوە زیاتر پەرەی پێدرا..

ئەم فراوانبوونی ڕووبەری ئیلکترۆنیە، لە سوێنگەی ڕوانینەکانی هابرماسەوە هاوکوف نەبوو بە گەشبینی لە ئاست بواری پێوەندییە سیاسییەکان، بە پێچەوانەوە ئەم بەرفراوانییەی هۆیەکانی ئیلکترۆنی تەشەنەی کردووە بووە بە هۆیەك بۆ دارمانی بواری گشتی سیاسی Niedergang der politischen Oeffentlichkeit جەماوەری دەستەبژێری عەقڵانی raesonierende Publikum گۆڕیوە بۆ جەماوەرێکی بەکاربەری بێ بەرهەم konsumierende Publikum von Produktionen .

لەدۆخێکی ئاوهادا ڕای گشتی جەماوەریی لە لایەن دروستکارانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانەوە ئاراستە دەکرێت، چونکە ئەوان پێیان وایە جەماوەر بریتییە لە خەڵکانێکی چەپڵەلێدەر و بەس akkl-mative publikum .

ئەم ڕای گشتییە گوزارشت لە ڕای نافەرمیی دەکات، بەڵام ناشچێتە چوارچێوەی بونیاتنانی پرۆسەی دروستکردنی ڕاوبۆچوونەوە، واتە پێکەوە وێکنایەتەوەو لێکنابەسترێنەوە، چونکە بۆ گەیشتن بە شوێنگەکانی پێوەندی کردن کەناڵی گەیاندنی ئاسانیان پێ نییە kommunikative Raeumen تا ئامادەسازییان بۆ بکات بۆ چۆنیەتی گەیشتن بە هۆیەکانی وەشان و چاپەمەنی و گەیشتنیان بە مەیدانەکانی وتووێژو گفتوگۆو دواجار گەیشتن بە هەموارکردن و چڕکردن و پوختەو بژاردنی ڕاو بۆچوونەکان..

لە شوێنگەو بوارە گشتییە سەقامگیرو چەسپاوو بیچمگرتووەکاندا زیاتر زەین دەدرێت بە شتە سەرپێیی و بەدیهییەکان selbstverstaendlic-

> سەرەرای لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان، لێکۆڵینەوەکردن لەسەر دەروونی ئەوانیدی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زانستی بۆرژوازی کە لە سەدەی هەژدەیەمەوە دامەزرێنراوە



تێگەیشتن لە بواری گشتی بۆرژوازی Buergerliche Oeffentlichkeit وەک بوارێک کە هاوولاتیان تێیدا کۆدەبنەوە بایەخدانی یەکەمینیان داخوازییەکانی بوارە گشتییەکەیە لە بەرانبەر دەسەڵاتی بواری گشتیدا. لەوێوە شێوەیەک لە کێبەرکێ و ململانێ لە هەردوو بوارەکەدا دروست دەبێت: بواری مەیدانیی هاووڵاتیان و بواری مەیدانیی دەسەڵات. لە ناوەندی ژینگەیی ئەم دوو بوارەی مەیدانیی: عەقڵانیەتی گشتی پێکدێت das oeffentliche raesonnement

keiten و مۆدێلەکانی بەرهەمە ڕۆشنگەرییەکان. بەڵام ئەم گفتوگۆیانە زیاتر ئاستیان بەرتەسك دەکرێنەوە smalltack-Niveau لە دەوری هاوڕایی و وەك یەکیی بێ بەرهەمانەی بەشداربووانی گفتوگۆ دەسوڕێنەوە، بۆیە هابرماس جەخت دەکاتەوە و دەڵێت ((ئەم کۆمەڵانە جەماوەرێکی کەم و دەگمەنن و لە شێوازو ستایلی کۆمەڵە بۆرژوازییەکانی پێشان دەچن، کە تێیدا بیروڕا کۆنینەو دێرینەکانی پێشان ڕەگداکوتاو بوو لە نێوانیاندا، هەروەها هێرشبەرنەبوون unpoemisch و بیرو ڕای خۆیان لە ژێر کاریگەری یاساکانی بیروڕادا دەردەبڕی

«Law of opinion» (Habermas،p 355

کاتێك لەو ڕوانینانە ورد دەبینەوەو سەرەڕای ئەوە حەقیقەتێکیش هەیە کە ژمارەیەك لە تاکەکان و ڕێکخراوەکان هەن تەبەنای بیرکردنەوەی ڕەخنەسازی دەکەن das kritische Denken بەڵام ئەو دەرئەنجامانەی بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی تێزەکەی هابرماسەوە لەسەر وەرچەرخانە پەیکەربەندییەکان هەڵهێنجراون، یان ئەوانەی تایبەتمەندن بە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی بوارەگشتیەکە، دەکرێت بە پێی ڕای تویژەرەوە(Leguizamon) بە دەرئەنجامی میانڕەو بناسرێنەوە(Leguizamon،42).

ئەلتەرناتیف بۆ ئەم دۆخە: دۆزینەوەی دەستەبژێرێکە لەو کەسانەی کە لە ناوەندی جەماوەرێکی بەرفراوان هەبوونیان هەیە، پێویستیبوونی سەر شانی ئەو دەستەبژێرەیە کە سەرۆکایەتی بوارە عەقڵانیە گشتیەکە بکەن و قوربانی بدەن بە گشتگیرییەکان لە پێناوی عەقڵانی بووندا Verfnueftigkeit das Prinzip Allgemenkeit (یان عەقڵانیبوونی جەماوەری).

بەڵام لە ئەنجامی چەسپاندنی مەبدەئی یەکسانبوون کە ئەمە ڕای ئەوانەیە کە پشتگیری لە سیستمی پەرلەمانی دەکەن و لایەنگریی لە ڕای گشتی دەکەن، بەوەی بیکەنە پرۆسەیەك بۆ بەدامودەزگایی کردن، وا دەردەکەوێت کە ئەوە دوایەمین قۆناغ بێت، کە نە زامنی یەکسانبوونی عەقڵانی و نە زامنی یەکسانبوونی نوێنەرایەتی لێ دەکەوێتەوە.

لە بەرانبەردا هابرماس لەسەر ئەلتەرناتیفی سێیەم دەدوێت کە ئەویش پتەوکردنی ڕێکخستنی ناوخۆیی بوارە گشتیەکەیە بە هەموو تێڕوانین و

> فراوانبوونی ڕووبەری ئیلکترۆنی، لە سۆنگەی ڕوانینەکانی هابرماسەوە هاوکوف نەبووە بە گەشبینی لە ئاست بواری پێوەندییە سیاسیەکان، بە پێچەوانەوە ئەم بەرفراوانییەی هۆیەکانی ئیلکترۆنی تەشەنەی کردووە بووە بە هۆیەک بۆ دارمانی بواری گشتی سیاسی

> ڕای گشتیی گوزارشت لە ڕای نافەرمیی دەکات، بەڵام ناشچێتە چوارچێوەی بونیاتنانی پرۆسەی دروستکردنی ڕاوبۆچوونەوە، واتە پێکەوە وێکنایەتەوەو لێکنابەسترێنەوە

ئاراستەكانی هاووڵاتیانەوە بە شێوەیەك لە شێوەكان رای ناگشتییەو رای رەخنەیی گرێدەداتەوە بە رای دەزگاییكراوی گشتی و نیمچەگشتییەوە، ئەمەش لە حەقیقەتدا بناغەیەكی تازەی عەقڵانی پێویستە (Leguizamon،42).

پەیكەربەندی كۆمەڵایەتی بواری گشتی So-ial Strukturen der Oeffentlichkeit

تێگەیشتن لە بواری گشتی بۆرژوازی Buer-erliche Oeffentlichkeit وەك بوارێك كە هاووڵاتیان تێیدا كۆدەبنەوە لە پێناوی بایەخدانی یەكەمینیان داخوازییەكانی بوارە گشتییەكەیە لە بەرانبەر دەسەڵاتی بواری گشتیدا، لەوێوە شێوەیەك لە كێبەركێ و ململانێ لە هەردوو بوارەكەدا دروست دەبێت: بواری مەیدانیی هاووڵاتیان و بواری مەیدانیی دەسەڵات، لە ناوەندی ژینگەیی ئەم دوو بوارەی مەیدانیی: عەقڵانیەتی گشتی پێكدێت das oeffentliche raesonnement كە بە پێی دیاریكردنی هابرماس ئەمانە دەگرێتەوە ئەوانیش

١. پەنابردن بۆ عەقڵ

٢ـكەمكردنەوە لە كاریگەری عەقڵ تا ئەو ئاستەی بە عەیبەو خەوش لێكبدرێتەوە

پێوەری عەقڵی/ Vernunft و شێوازەكانی یاسا/ Gestetz كە پێویستە لەسەر هاووڵاتیان ملی بۆ كەچ بكەن لە پێناوی داخوازییان بۆ گۆڕانكاریی ڕیشەیی لە كۆمەڵگەدا، مانا سۆسۆلۆژییەكەی لە ڕێگای شرۆڤەكردنی بوارە گشتییە بۆرژوازییەكەوە كەشف دەكرێت، بەدیهییاتی عەقڵانی بواری گشتی بە شێوەیەكی تایبەتی هاوبەندە بە ئەزموونی تایبەتمەندییەوە كە لە بوارە تایبەتی و خانەوادەییەكانەوە وەرگیراوە. (7Habermas،p.6)

> **كۆمەڵەكانی فەزای گشتی جەماوەرێكی كەم و دەگمەنن و لە شێوازو ستایلی كۆمەڵە بۆرژوازییەكانی پێشان دەچن،**

بەر لەوەی بواری گشتی ئەرك و وەزیفە سیاسییەكانی بترنجێنێتە ناو ئەستێڵكی ناوەندگیرانەی دەوڵەت و كۆمەڵگەوە، ئەوە بوارە تایبەتەكەی كە گەمەی تێدا دەكات دادەمەزرێنێت، تەنانەت بەر لەوەی بكەوێتە ناكۆكیەوە لەگەڵ بواری گشتی دەسەڵاتە گشتیەكە ئەوەش بە هۆی عەقڵانیەتی سیاسی و دواجار هەوڵدانی بۆ داماڵینی دەسەڵات لێی، ئەوە پێویستە لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا بوارێكی گشتی لە شێوازێكی سیاسییانە دامەزرێنێت/ unpolitische (Gewalt . (Habermas،p.88

> **رای گشتی جەماوەریی لە لایەن دروستكارانی دەزگاكانی ڕاگەیاندنەكانەوە ئاراستە دەكرێت، چونكە ئەوان پێیان وایە جەماوەر بریتییە لە خەڵكانێكی چەپڵەلێدەر و بەس**

ئەم بوارە بوارێكە بۆ پیادەكردنی عەقڵانیەتی گشتی، كە تا ئێستاش بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوەـ پرۆسەیەكە بۆ ڕووناكبیری زاتیی لە بواری تایبەتی لەسەر ئەزموونی هاووڵاتیانی، لێرەوە سەرەڕای لێكۆڵینەوە ئابوورییەكان، لێكۆڵینەوەكردن لەسەر دەروونی ئەوانیدی یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی زانستی بۆرژوازی كە لە سەدەی هەژدەیەمەوە دامەزرێنراوە..

بەرژەوەندییە دەروونییەكان لە ڕێگەی عەقڵانیبوونەوە ڕێچكەی خۆیان وەردەگرن بۆ ناو بواری گشتی و ڕۆشنگەریتی خۆیان لەم ڕێگایانەوە بونیاد دەنێن: هۆڵەكانی خوێندن، شانۆكان، قاوەخانەوە، هۆڵەكانی مۆسیقا، مەیدانی ڕۆشنبیری مەیدانێكی گرنگە بۆ ئەو بابەتانەی قابیل بە گفتوگۆو دیالۆگن..

ئەم چوارچێوە كۆمەڵایەتییەی مەیدانی گشتی بۆرژوازی لە سەدەی هەژدەیەمین هابرماس بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەكاتەوە (Habermas،p.90)

مەیدانی تایبەت بە دەسەڵاتی گشتی ←—— بواری ناوەندكاری ←—— مەیدان

١- دەوڵەت . دەسەڵاتی پۆلیسی بۆرژوازی ←—— مەیدانی گشتی سیاسی ←—— كۆمەڵگە.

٢- یانەكان، ڕۆژنامەكان ←—— گۆڕینەوەی بزگوڕوكەلوپەل، كار.

٣- كۆشك و ڤێلای خانەوادەیی بۆرژوازی ←—— ڕۆشنبیری ←—— ڕۆشنبیران.

لێرەوە تەركیزكردنی هابرماس لەسەر ئەو بوارە یەكلاكەرەوەیە كە بە بواری ناوەندكاری لە نێوان دەوڵەت و كۆمەڵگە دەژمێردرێت ئەم ڕۆڵەش لە لایەن مەیدانی گشتی سیاسییەوە هەڵدەسوڕێت.

تێبینی ئەوەشی كردووە كە بواری گشتی لە كۆمەڵگەی بۆرژوازیدا خۆی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی گشتی دەخزێنێت، لە بواری تایبەتیشدا تێبینی هەبوونی مەیدانی گشتی كردووە بەڵام مەیدانێكی تایبەتە ( واتە مەیدانێكە بۆ دەوڵەت ناگەڕێتەوە). كەواتە لە مەیدانی تایبەتیدا جیاكارییەك لە نێوان ئەستێڵكی تایبەتی و ئەستێڵكی گشتی بەدی دەكرێت، ئەستێڵكی تایبەتی بە واتای كۆمەڵگەی بۆرژوازی بە واتا بەرتەسكەكەی كە دەكاتە ئەستێڵكی گۆڕینەوەی كەلوپەل و بزگوڕو كاركردن و خانەوادە، بەڵام مەیدانی گشتی بە پێی ڕوانینی هابرماس لە ئەركێكی تایبەتمەندی هەستیارەوە دەردەچێت كە بریتییە لە ئەركی ئازووقە پێدان و پێبەخشین دەوڵەت بە ڕای گشتی كە بریتیە لە داخوازی و پێداویستیەكانی كۆمەڵگەی. (Habermas،p.90)

***دكتۆرا لە فەلسەفەی زانست/ زانكۆی ڤییەنا**

# هەقە حکومەت بڕیاری خۆی بدات

حکوومەتی عێـراق رۆژی ٢٥ی نیسـانی ٢٠١٣ی بـۆ هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێزگاکانی عێـراق دیاریکـردووە. هەر لە ئێستاشـەوە، حزب و قـەوارە سیاسـییەکان کەوتوونەتە خۆ و خۆیان بـۆ ئەو هەڵبژاردنە ئامـادە دەکەن. هەڵبـەت رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنـی پارێزگای کەرکـووك دیاری نەکراوە. وەك دەزانـرێ هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ی ئەنجوومەنەکان، لـە کەرکووك و پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتان نەکرا و ئەوا بۆ ٨ سـاڵ دەچێ هەڵبژاردنیان بۆ ئەو ئەنجوومەنانە تێدا نەکراوە....

ئەوەی جێگەی پەسـندە، لایەنە سیاسییەکان، بە بەرەی دەسـەڵات و ئۆپۆزیسـیۆنەوە، لە ئاخافتنەکانیانـدا ئـەوە دەخوێنرێتەوە کە بەوە گەیشتبن بە یەکەوە لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا، بچنـە ململانێی هەڵبژاردنـەوە.. لایەنەکانی کـورد رایانگەیاندووە کە ئەوان پێیان باشـە هاوکات لە کەرکووك-یش، تەبای پارێزگاکانی دیکـەی عێراق، لە سـایەی هەمان قانوون و سیسـتەمی کارپێکراودا هەڵبژاردن بکرێتەوەو دوا نەخرێ...ئەو خۆئامادەکردنە، لە کاتێکدایە کە پرۆسەی سیاسـی و نێوانی لایەنەکان لە عێراقـدا گـرژی تێکەوتـووەو هەنگاوێکی جیددیش بۆ راستکردنەوەو هێنانەوەی پرۆسەکە بۆ سـەر خەتـی دیالـۆگ و خوێندنەوەی بەرژەوەندیی یەکتر، هەڵنەهێنراوەتەوەو هەندێ لایەنـەکان چاویان لـە گۆڕانکارییەکان و لە دەرەوەی خۆیانـە، هەنـدە چاویان لە ناوخۆ و بەیەکەوە سـازان نییە...بەڵام ئەو هەڵبژاردنە، بۆ حزب و قەوارە سیاسییەکانی ئێستەی عێراق زۆر گرنگەو هەر یەکەیان لە قەوارەو سـەنگ و دەنگی خۆی دەگات و بێ شـك لەگەڵیدا گۆڕانکاریی بەسـەر هاوکێشە ناوخۆییەکاندا دێ.

هاوکات لەم رۆژانەدا، بەرەی ئۆپۆزیسـیۆن، هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێزگاکانـی هەرێمیان هێنایەوە بەرباس و بەرپرسـیارەتیی دواکەوتنەکەیان خسـتە ئەسـتۆی پارتی و یەکێتی-یەوە. نکوڵی ناکرێ کە هەڵبژاردنەکە دواکەوتـووە. لێ وەك دەزانـرێ، حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان، رۆژی ٢٠١٢/٩/٧ی بۆ بەڕێوەچوونی ئەو هەڵبژاردنە دەستنیشانکردبوو، لێ سـتافی پێشووی کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، وردتر بەرێزان فەرەج حەیدەری و سەردار عەبدولکەریم، لە سـەرەتای هاویندا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە نوێنەری فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکانی ناو پەرلەمانی کوردسـتان ئامـادەی ببوون، بە راشـکاوانە رایانگەیاند کۆمیسیۆن ماوەی قانوونیی خۆی تەواو کردووە و لە بەر هەندێ گرفت و کێشـەی تەکنیکـی، پێیان ناکرێ، سەرپەرشـتی ئەو هەڵبژاردنە لە کوردستاندا بکـەن و ئەو ئەرکە بۆ سـتافی دوای ئەوان جێ دەمێنێ.

ئێسـتاش کـە سـتافی نوێی کۆمیسـیۆن دەسـت بەکار بووە، ئـەوە ئەرکی حکوومەتی هەرێمـی کوردسـتانە کـە رۆژێـك دیاری بکات بۆ ئـەم هەڵبژاردنە بـە هەماهەنگی لەگـەڵ کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانـی لـە عێراقـدا. چونکە لە رووی قانوونییەوە هیچ گرفت و بەربەسـتێك لەبەردەم ئەنجامدانـی ئەو هەڵبژاردنەدا نییە. قانوونی ژمارە ٤ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێـزگاکان هەموارکراوەتەوە و سیسـتەمی نیمچە کراوە پەسـندکراوەو لەگەڵ سیستەمی پێڕەولێکراوی عێراقیش رێکە. هەرچی قانوونی ژمارە ٣ی سـاڵی ٢٠٠٩ی ئەنجوومەنەکان و دەسـەڵاتەکانیانە، ئـەوا تا ئـەو دەمەی هەمواردەکرێتـەوەو لەنێوان فراکسـیۆنەکاندا تەوافـووق یان نیمچـە تەوافووقی لەسـەر دەکرێ، بەرکارە، واتە دەبێ کاری پێ بکرێ. بەو مانایە هیچ بۆشـاییەکی قانوونیی، یان پاسـاوێك نییە بۆ بەدواخسـتنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێـزگاکان و تەنانەت پەکیش لەسەر بودجەی تەرخانکراو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەڵبژاردنە نەکەوتووە...پێموایە کۆمیسـیۆن-یش ئەگـەر پێی بکرێ هەڵبژاردن لە تەواوی عێراقدا بەڕێوەببات، ئەوا بێگومان لە هەرێمی کوردستاندا، کە تەناهی تێدا جێگیرە، ئاسانتر ئەوەی بۆ دەکرێ.. لە سۆنگەی ئەمەوە، هەقە حکوومەت هیچی تـر چاوەڕێی ئەوە نەکات کە داخوا قانوونی ژمـارە ٣ چی لێدێتەوە و بڕیاری خۆی بدات..

**قانوونی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەنجوومەنەکان و دەسەڵاتەکانیانە، ئەوا تا ئەو دەمەی هەمواردەکرێتەوەو لەنێوان فراکسـیۆنەکاندا تەوافووق یان نیمچـە تەوافووقی لەسـەر دەکرێ، بەرکارە، واتە دەبێ کاری پـێ بکرێ. بـەو مانایـە هیچ بۆشاییەکی قانوونیی، یان پاساوێك نییە بۆ بەدواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و تەنانەت پەکیش لەسەر بودجەی تەرخانکراو بۆ بەڕێوەبردنی ئـەو هەڵبژاردنە نەکەوتووە...پێموایە کۆمیسـیۆن-یـش ئەگەر پێی بکرێ هەڵبژاردن لە تەواوی عێراقدا بەڕێوەببات، ئەوا بێگومان لە هەرێمی کوردستاندا، کە تەناهی تێدا جێگیرە، ئاسـانتر ئەوەی بۆ دەکرێ.. لە سـۆنگەی ئەمـەوە، هەقە حکوومەت هیچی تر چاوەڕێی ئەوە نەکات کە داخوا قانوونـی ژمارە ٣ چی لێدێتەوە و بڕیاری خۆی بدات..**



ئاسۆ کەریم

**بە لۆژیکێکی ئاسان کورد مافی هەیە دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێت، من پشتگیری لەو قسەیە دەکەم، تەنانەت لەگەڵ جودابوونەوەشدام**

•••

**لاوان پێشەنگ بوون، ئەوان سەرکردایەتیی راپەڕینیان کرد، بەڵام ئەوان بەرەکەیان نەچنی**

•••

**نەتەوەی دیکە هەن کە ئێمە لەگەڵیاندا دەژین وەکو «کورد و ئەرمەن و تورکمان» وێڕای کەمایەتییە ئایینییەکان، بۆیە ئێمە داوای هاووڵاتی بوونی یەکسانی دەکەین، بەڵام هەندێك هەن مافی ئەوەیان هەیە کلتوورو ناسنامەی خۆیان هەبێت**

•••

**دیموکراسیەت بەر لەوەی هەڵبژاردن بێت بریتییە لە سیستەمێکی سیاسی کە پشت بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت**

***خوێندنەوەی جەنابتان بۆ بەهاری عەرەبی چییە؟**

- بەهەرحاڵ ئەم بەهارە عەرەبییە،کە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بووین، هەروەها بیرمەندو شۆڕشگێڕو خەباتگێڕان بە ئاواتەوەی بوون، هەمووشمان چاوەڕوانی ئەوە بووین لە ستەم و دواکەوتوویی عەرەبی رزگارمان بێت، هیوامان بەوەبوو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی سەرهەڵبدات و سەرکردایەتی گەلان بکات لەناوچەی عەرەبی و دیموکراسی وئازادی و پێشکەوتن وپەرەسەندنیان بۆ فەراهەم بکات، بەڵام کاتێ شۆڕشەکانی عەرەبی سەریانهەڵدا،کە دەتوانین بڵێین لە زستانی ٢٠١١ بوو،مزگێنی ئەوەمان پێدرا کە بەڕاستی ئەوەبوو کە چاوەڕوانمان دەکرد، بەڵام بە داخەوە،وا دیارە هێزگەلێك هەن توانای ئەوەیان هەیە ئەم جووڵانەوە عەرەبییە بە لاڕێدا ببەن، ئێمە لە شۆڕش دەگەین،کە بریتییە لە هەنگاونان بۆ پێشەوە نەك گەڕانەوە بۆ دواوە،بە واتای ئەوەی کە چاوەڕوانی بەهاری عەرەبیمان دەکرد کەچی ئێستا لە زستانی ئیسلامیداین، لە تونس و لیبیا و میسر ئێستاش لە سوریا، ناشزانین بارودۆخەکە لە ناوچەکانی دیکەی عەرەبی بە کوێ دەگات؟ لە راستیدا جۆرێك لە گومانمان لا دروست بووە دەربارەی ئەو هێزە تازانەی کە ئایا بۆ کوێمان دەبەن، هەروەها بۆم دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەو هێزە ئیسلامییانە تا ئێستاش بە زمانی سەد ساڵ لەمەوبەر قسە دەکەن، هەندێکیان دەیانەوێت سیستەمێك دامەزرێنن تەنیا لەسەر بناغەی قورئان و سوننە و هیچی دیکە، هەندێکی دیکەش لە واتای هاونیشمانی بوون و یەکسانی ناگەن.

*** ئێستا بەهاری عەرەبی زۆر ناوی لێنراوە،بەڵام بەوە لێکدەدرێتەوە کە بەهاری ئیسلامی بوو زیاتر لەوەی کە بەهاری عەرەبی بێت، بەواتای خۆڕاگریی ئیسلامییەکان بووە هۆی دابەزینی لیبرالی و عەلمانییەکان.**

- راستە، بە بەهاری عەرەبی ناو دەبرێت، بە مانای ئەوەی چەند بژاردەیەکی عەلمانی و لیبرالی و پێشکەوتنخواز لە جیهانی عەرەبیدا ئەوانە هەر وەك بژاردە مانەوەو نەیانتوانی بخزێنە ناو کۆمەڵگەی عەرەبییەوە، ئایین بوو بە تاکە پاڵنەرو خواستی کۆمەڵە مرۆییەکان و تەنیا مامۆستای مزگەوت وەك رۆشنبیر بەرچاو دەکەوت، هەروەکو گرامشی لەسەردەمی پێشوو باسی کردووە، واتا هەر ئەو رۆشنبیری بە خەڵك بەخشیوەو پرۆسەی هاوسەرگیریی و تەڵاقی بۆ ئەنجامداون و سەرەخۆشیان لێدەکات لە کاتی مردنداو نوێژ لەسەر مردووەکانیان دەکات، بەڵام ڕۆشنبیری سەردەم جا چ چەپ یان عەلمانی یان لیبرالی بێت، هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتی نییە بیرۆکەکە هەڵبگرێت، بەو مانایەی کە کاتێك کۆمەڵگەی عەرەبی دەستی بە جووڵانەوە کرد، بینیمان کە هێزە میللییەکان ئەوان زیاتر توانییان شەقام بجووڵێنن، هەروەکو لە میسر ئەمەمان بینی.

*** تێبینی ئەوەمان کرد لەو دەوڵەتانەی بەهاری عەرەبییان تێدا روودا، تەنیا لاوان بوون کە خۆپیشاندان و راپەڕینەکانیان گەیاندە لووتکە، بەڵام دەرئەنجام ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکان و خولەکانی پەرلەماندا سەرکەوتن، ئایا ئەوانە تەنیا راپەڕینی لاوان بوون؟**

- بەڵێ ڕاستە، لاوان پێشەنگ بوون، ئەوان سەرکردایەتیی راپەڕینیان کرد، بەڵام ئەوان بەرەکەیان نەچنی، هەروەك لە سوریا سەرنج دەدەین، کێ بوون ئەوانەی راپەڕینی میللیان بەرپاکرد، لاوانی چینی مامناوەند، واتا ئەو لاوە خوێندەوارانەی کە چی دیکە نەیاندەتوانی بەرگەی حوکمی زۆرداری رژێم بگرن، ئەو رژێمەی کە ئازادیی تەواوی دەستەبەر نەکردبوو، بڕوای بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نییە، ئەو لاوانە بوون لە رێی فەیس بووك و ئەنتەرنێتەوە هانی گەنجانیان دەدا بۆ راپەڕین، بەڵام هەروەکو هەمیشە دەڵێین، کۆمەڵگە و پێشەنگەکەی جودان، پێشەنگ دەست بە ڕاپەرین دەکات دواتر هێزی میللی دادەبەزێت و دیمەنەکە کەمێك جیاواز دەبێت،دەبینین ئەمڕۆ لە سوریا شۆڕشی رەوا شێوازەکەی گۆڕا بە جۆرێك، بوو بە ململانێی چەکداری لە نێوان رژێم و سوپای نیشتمانیی ئازاد، بەڵام لە لیبیا کێ بارودۆخەکەی یەکلایی کردەوە؟ پەیمانی ئەتلەسی نەك هێزە مرۆییەکان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، لە هەڵبژاردنیشدا ئیسلامییەکان سەرکەوتن یان ئەوانەی بە لیبرالی ناوزەدکراون، من بە لیبرال ناویان نابەم، ئەوانە سەر بە ئەمریکان.

*** بۆچی بزووتنەوەی عەلمانی زۆر لاواز بوو و نەیتوانی لەبەردەم ئیسلامییەکاندا بوەستێت؟ سەرنجی ئەوەش دەدەین کە لایەنە ئیسلامییەکان هاووڵاتیانیان پەراوێزخستووە، ئایا هەوڵدانێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی یان ئەم بابەتە شتی دیکە هەڵدەگرێت؟**


- یەکەم شت، هەموو هێزەکانی پێشکەوتنخوازو عەلمانی و نەتەوەیی و دیموکراسی لە کۆمەڵگەی عەرەبی لاوازبوون، لەبەر هۆیەکی ئاسان،چونکە هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتی نەبوو ئەم بیرۆکەیە هەڵگرێت، ببێتە بژاردەیەکی رۆشنگەر، یان لە رۆژئاوا خوێندبێتی و شارەزایی لە زانستەکانی ئەوێ و سیستمە ئیدارییەکانی هەبووبێت،بۆ نموونە وەك ئەلتەهتەهاوی و محەمەد عەبدۆ و ئەلئەفغانی و هی دیکە. زۆر لە بژاردەکانی عەرەبی و غەیرە عەرەبی ئاگایان لە پێشکەوتن و دواکەوتنی جیهان هەبوو، ئەو هێزانە رۆڵی رۆشنگەرییان لە پەروەردەو زانکۆکان و رۆژنامەگەریدا هەبوو،


ڕەوتی سیاسییان پێکهێنا،بەڵام دواتر لاواز بوون لــە نێو ئەو کۆمەڵگەیەی کە ســێکوچکەیەك کۆنترۆڵــی کــردووە، موڵکدارانــی زەوی و پیاوانی ئایین و بازرگانەکان، خاوەن زەوییەکان هەمیشــە هەوڵیانداوە جووتیــاران وەك خۆیان بمێننەوە،پیاوانی ئاینیش فتوای وایان دەرکردووە تا بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوەو بە گوێی دەســەڵاتیان کردووە، بازرگانەکانیش پاشکۆی خــاوەن زەوییــەکان بوونە، ئەو ســێکوچکەیە دەستیان بەسەر هەندێك شاری عەرەبیدا گرتووە وەکو حەلەب و دیمەشــق و تا رادەیەکیش بەغدا و شــارەکانی میســر، کۆمەڵگەی عەرەبیش پێشکەوتنی راستەقینەی بەخۆوە نەبینیوە، هیچ پرۆســەیەکی تازەگەری و پەرەسەندن لەئارادا نەبووە،راســتە نوێخوازی هەبووە، تەلەفزیۆنمان بوێت بۆمان هاتووە، ئۆتۆمبێل یان کۆمپیوتەر، بەڵام نوێخوازی بەواتای بزووتنەوەیەکی فیکری و ئاوەدانکردنەوەو شێوازی کارگێڕی ئەوانەمان هێشــتا پێنەگەیشــتوون، تا دوێنــێ گوێم لە هەندێك لە ئیســلامییەکان دەبــوو دەیانگوت: نامانەوێ باســی بیرۆکــەی کەمایەتییەکان بکەین لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، جا کەمایەتیی ئاییــن یان نەتەوەیی بن، ئــەوان لەو بڕوایەدان کە ئیســلام هەمووان کۆدەکاتەوەو پێویســت بە تایبەتمەندیــی ناکات، بەڵام مــن پێیان دەڵێم «نەخێــر» تایبەتمەندیی هەیە، نەتەوەی دیکە هــەن کە ئێمە لەگەڵیانــدا دەژین وەکو «کورد و ئەرمــەن و تورکمان» وێــڕای کەمایەتییە ئایینییەکان، بۆیــە ئێمە داوای هاووڵاتیبوونی یەکسانی دەکەین، چونکە هەموومان یەکسانین لە نیشــمانی بووندا، بەڵام هەندێك هەن مافی ئەوەیان هەیە کلتوورو ناسنامەی خۆیان هەبێت، ئەوانە بە تــەواوی ئەم خاڵە ڕەتدەکەنەوە، تەواو وەکو بیرۆکەی نەتەوەیی کۆن، لە کاتێکدا ئێستا لە بیری پێشکەوتندا، نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی دیموکراســی، دان بە مافــی هاووڵاتیبوونی یەکســان و کەمایەتییەکاندا دەنێت،بە ڕای من گەڕاوینەتــەوە بۆ ململانێی ئاســایی، کاتێ ململانێ لە ئارادابوو لــە نێوان نەتەوەخوازان و ئیسلامی و کۆمۆنیستەکان،ئێستاش گەڕاینەوە بۆ ململانێی نێوان — بابڵێین پێشکەوتنخوازان و نێوان ئیسلامییە تازەکان، کە دەیانەوێ هەندێك چەمکمان بەسەردا بسەپێنن بە بیانووی زۆرینەو گوایــە ئەوان نوێنەرایەتیی میللەت دەکەن و بە هەڵبژاردن ئەو زۆرینەیان بەدەست هێناوە.


ئەوان ئێســتا بانگەشــەی ئــەوە دەکەن کە بە دیموکراســیەت هاتوونەتە ســەر حوکــم، واتا بەهەڵبژاردن، لەراســتیدا،بە دیموکراسیەت نەك بەهەڵبژاردن، لە زۆربەی شــارە ستەمکارەکاندا هەڵبژاردنــی بێگــەرد ئەنجامــدرا، ئێمــە میکانیزمەکانی هەڵبژاردن دەزانین، چۆن دەنگدەر دێتە سەر سندوقی دەنگدان، دیموکراسیەت بەر لەوەی هەڵبژاردن بێت بریتییە لە سیستەمێکی سیاسی کە پشت بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەســتێت، نەك هەموو دەسەڵاتەکان بکەوێتە دەستی شــێخ یان خەلیفە، ئەو جیاکردنەوەیەی دەســەڵاتەکان کە دان بە مافــی رادەربڕین و بیروباوەڕدا دەنێت، پێویســتە ئەمانە هەموویان لەدیموکراسیەتدا هەبن، هەڵبژاردنیش بەندێکە لە دیموکراسیەت،دووەم: دیموکراسیەت هەروەها بەر لەوەی ببێتە سیســتەمێکی سیاسی بریتییە لە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی نیشــتماندا، ئەوانــە ئەگــەر گرێبەســتێکی کۆمەڵایەتی مۆربکەن خۆی لە دەســتوورێکی سەردەمیانەدا دەبینێتەوە،ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئێمە بــەرەو دیموکراســیەت هەنگاودەنێین، بۆ بنیادنانی سیستەمێکی دیموکراسی کە دان بە هەمواندا بنێت.

***کەواتە لاوازیی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی لەلایەن رەوتە ئیســلامییەکانەوە قۆســترایەوە، ئەمەش بەهۆی بوونی سیستەمە دیکتاتۆریەکانە لە کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا بۆچی؟ مەبەســت لەم قۆستنەوەیە چییە؟**

- ئــەم کارە بۆماوەییــە،زۆر کۆنــە، هەتا بەر لە پەیدابوونی سیستەمە ســتەمکارەکان، واتا کۆنەکانیش ســتەمکار بوونە،ئەگەر ســەیری رۆشــنبیریی هەر هاووڵاتییەك بکەین دەبینین سەرچاوەکەی تەقلیدییە، بریتییە لە وتارەکانی هەینی و مەلا و شــێخ و سەربردەو بەسەرهاتی ناوعەشــیرەت و کۆمەڵگــە، جــاران ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە مەلاو پیاوانی ئایینەوە پەیوەســت بوو، لە هاوســەرگیری و تەڵاق و جەنازەکــەی و هەمووکارەکانییەوە، ئەوقافیش دەســتگەیەکی فراوانــە لــە بەرژەوەندی کە خەڵکێکی زۆری بۆ خۆی راکێشاوە،ئەوقاف و دەزگا خێرخوازییەکان و نەخۆشــخانەو تەنانەت مەڵبەندەکانی فێرکردنیش هەر لەژێر کۆنترۆڵی مەلاو پیاوانــی ئاینیدا بوون،ئــەم تۆڕانە تا ئێستاش هەر هەن، هەروەها هەندێك لە سەرکردە سیاسییەکان لە دادوەریی کۆمەڵایەتی ناگەن، تەنیــا زەکات و چاکەکــردن نەبێت،دەیانەوێت کێشــە ئابووری وکۆمەڵایەتییەکانی وڵات بە زیادکردنی زەکات و دابەشکردنی خێر بۆ هەژارو نەداران چارەسەر بکەن، بێنە بەرچاوت ئەو کێشە ســەختەی ئابووری لەم ســەردەمەدا بە چەند وشەیەکی سادەی لەم شێوەیە چارەسەر بکرێت، بژاردەیەکی تازە دواتر سەری هەڵدا،بەڵام ئەوانە نەیانتوانی شــۆڕبنەوە بۆ نــاو ژیانی خەڵکی گوندو ئاوایییە دوورەدەســتەکان، بۆیە، دەبینین پیاوانی ئایین و رەوت و حزبە ئایینییەکان وەکو ئیخوان موســلمین و حزبی تەحریر و کۆمەڵەی سۆفیگەر وسەلەفییەکان کە لەنێو کۆمەڵگەدا هەبوون، توانیــان جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆیان پەلکێش بکەن.



**هیوامان بەم بەهارە عەرەبییە ئەوە بوو، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی سەرهەڵبدات وسەرکردایەتی گەلان بکات لەناوچەی عەرەبی و دیموکراسی وئازادی و پێشکەوتن و پەرەسەندنیان بۆ فەراهەم بکات، بەڵام وا دیارە هێزگەلێك هەن توانای ئەوەیان هەیە ئەم جووڵانەوەیە بە لاڕێدا ببەن**

●●●

**ئێمە لەگەڵ مافی کورددا بووینە و دژی ئەو ستەمە دەوەستاینەوە کە لە کورد دەکرا، ئێرانییەکان و عەرەب و تورك هەموویان غەدریان لە کورد کردووە**

●●●

**نوێخوازی بەواتای بزووتنەوەیەکی فیکری و ئاوەدانکردنەوەو شێوازی کارگێڕی ئەوانەمان هێشتا پێنەگەیشتوون، تا دوێنێ گوێم لە هەندێك لە ئیسلامییەکان دەبوو دەیانگوت: نامانەوێ باسی بیرۆکەی کەمایەتییەکان بکەین لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا**

*** بەڕای ئێوە، رووخانی ئەسەد چی لەنەخشەی ناوچەکە دەگۆڕێت؟**

- دیارە سووریا دەوڵەتێکی زۆر گرنگە، هەموو جیهانی پێوەسەرقاڵ بووە،لەوانە رووسیا و چین هەتا وڵاتانی ئیقلیمیش وەکو تورکیا و سعودیە و عیراق..تاد، وێرای ئەمریکا وئیسرائیل، ئەمەش بەڵگەیە بۆ پێگەی هەستیار ومەترسیی جوگرافیی سووریا، هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەدرێژایی ساڵێك و دە مانگ هێشتا رژێمی سووریا نەڕووخاوە، وێرای شەڕو پێکدادانی بەردەوام، من پێم وایە سوریا دەگۆڕێت، کەی وچۆن نازانم، تا ئێستاش رژێمی سووریا خۆڕاگرە، بەڵام لەکۆتاییدا هەر دەبێت بگۆڕدرێت، ئەم گۆڕانە چ کاریگەری بۆ سەر ناوچەکە دەبێت؟ ئەمە بەگوێرەی ئاراستەکانی گۆڕانەکە دەبێت، ئەگەر رەوتە پێشکەوتنخوازو نەتەوەخواز و عەلمانی و دیموکراسییەکان توانیان پرەنسیبەکانی لیبرالییەت و مافەکانی مرۆڤ و مافی کۆمەڵە نەتەوەیی و کەمایەتییە ئایینییەکان بەجێ بێنن، ئەگەر گەلی سووریا توانی دەستوورێکی سەردەمیانە دابڕێژێت کە پشت بەوپرەنسیبانە ببەستێت،ئەو من دڵنیام ئەو کاتە سەردەمێکی تازە لە ئازادی باڵ بەسەر ناوچەی عەرەبیدا دەکێشێت.

*** مەبەست بۆ نموونە شەڕی سوننە- شیعەیە؟**

- بەڵێ، ئەمە یاری نییە، بەڵکو پیلانێکەو دەیوروژێنن، ئێمە دەزانین لە لوبنان ئێستا ململانێیەکە لەنێوان سوننەو شیعەیە، لە ناوچەی عەرەبیدا پیلانێکی لەم شێوەیە هەیە، هەروەها لە سووریاش، سووریا وڵاتێکە چەندین تایەفەی تێدایە،ئەو وڵاتە ٢٢ تایەفە لەخۆ دەگرێت، لە لوبنانیش ١٨، لە سووریا هەندێك تایەفە هەن کە لە لوبناندا نین لەوانە ئیسماعیلییەکان و یەزیدییەکان و ئەحمەدییەکان...تاد،هەروەها لە سووریا چەند نەتەوەیەك هەن وەکو کورد و تورکمان و ئەرمەن، ئەوانە نەتەوەی دیارن و بوونیان هەیە،بۆیە پێویستە سووریای تازە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونی یەکسان و دیموکراسییەت و پابەندبوون بە رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی چارەنووس دابمەزرێت، بۆیە پێموایە ئەگەر ئەو رەوتە پێشکەوتنخوازە کە بەرژەوەندییەکانی سووریا رەچاودەکات جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەوا من گەشبینم بەوەی کە سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئەگەر گرووپە ئیسلامییەکان هاتنەسەر حوکم و هەوڵیان دا جیاوازیی نێوان کەمایەتییەکان لەسووریا بپارێزێت، ئەوا بێگومان هانی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دەدات، چونکە نە شیعەو نە دروز و نە مەسیحییەکان قبووڵ دەکەن بەحوکمی ئیسلامی یان بە شەریعەتی ئیسلامی حوکم بکرێن، لەگەڵ رێزم بۆ شەریعەتی ئیسلامی، بەڵام ئەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی فرەتایەفی وئایینی ناگونجێت، بۆیە نازانم ئایندەی سووریا بەکوێ دەگات.

*** لەو بڕوایەدانیت کە بەشار ئەسەد لە هەڵوێستێکی تەنگەتاودایە، کە نە دەتوانێت دەسەڵات جێبێڵێت، نە توانای بەرگری تەواوی هەیە،چونکە وڵاتانی عەرەبی و چەند دەوڵەتێکی بیانی تاوانبار دەکات بە تێوەگلان وخیانەت و پشتیوانی کردن لە ئۆپۆزسیۆن، ئەم دیمەنە چۆن دەخوێنیتەوە؟ ئایا هەڵدێت یان خۆی بەدەستەوەدەدات؟**

- وا بزانم زۆر تەنگەتاو نەبووە، ئەو هەڵەی زۆری کرد، لە سەرەتادا ئەگەر پرسی بەراوێژکارانی دەوری خۆی بکردایەو هەندێ چاکسازیی خێرای ئەنجامبدایە و داخوازییەکانی خەڵکەکەی جێبەجێ بکردایە، ئەگەر ئەمانەی بکردایە رەنگە بیتوانیایە سوریا بەم دەردەنەبات، بەڵام حکومەتی سوریاو بەشار ئەسەد بەعەقڵیەتێکی هەڵە رەفتاریان کرد،بۆیە نە ئۆپۆزسیۆن ئامادەیە دانووستانی لەگەڵدا بکات نە ئەویش دەڵێت: ئەوەتا سەرهەڵدەگرم وبەجێی دێڵم، ململانێیەکە بەردەوامە، بمانەوێ و نەمانەوێ،دەبێت سوریا هەر بگۆڕێت، رێگەچارەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە




کە لە ساڵی ٢٠١٤ ماوەی حوکمی سەرۆك ئەسەدکۆتایی دێت،ئەگەر ئەو ڕایبگەیەنێت کە خۆی بۆ جارێکی دیکە کاندید ناکاتەوە، ئێستا جۆرێك لە یەکلاکردنەوەی کاتی لە ئارادایە کە رێگەی پێدەدات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بمێنێتەوە، دواتر دەسەڵات ڕادەستی ئەو لایەنە بکات کە کۆمەڵەی دامەزراندن یان جێگری سەرۆك هەڵیدەبژێرێت،یان هەڵبژاردنێك بەچاودێریی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە ئەنجام بدرێت، ئەمانە تەنیا بیرۆکەن، بەڵام لە راستیدا ئەم بیرۆکانە سەرناگرن ئەگەر رێککەوتنێك نەیەتە ئاراوە لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی سووریاوە، کە هەر نەتەوە یان پێکهاتەیەکی ئایینی ئازاد بێت لە بیروبۆچوونیدا، ئەگەر ئەم رێککەوتنە کرا هەتا ئەگەر کاتیش بێت، دەتوانین بڵێین کە سووریا بەرەو دەرچوون لەو تەنگژەیە

هەنگاو دەنێت، ئەگــەر نا ململانێی نێودەوڵەتی گەرمەو ڕەنگە ئەو شــەڕەی لە سوریا کۆتایی دێت ئاراستەی پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی دەست نیشان بکات.

***بەڕای ئێوە، بۆچی عیراق هەوڵی خۆپڕچەك کردن دەدات؟ ئایا ترسی هەیە بارودۆخی سوریا کاریگەریی لەسەر ئەویش هەبێت یان هەنگاوێکە بۆ بەهێزکردنی سوپا؟**

- من ئەوە بەدوو دیودا دەخوێنمەوە، دیوی یەکەم عیراق داوای چەکی کردووە تاکو سوپاکەی بەهێز بکات وەك وڵاتێکی فراوان، کە بتوانێت بەرگری لە ئاسایشی خۆی بکات، ئەو ئاسایشەی کە ماوە ماوە درزی تێدەکەوێت، من لەو بڕوایەدام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك سوپای عیراقی پڕچەك نەکرد و مەشقێکی راستەقینەشی بەو ســوپایە نەکرد، تەنیا بۆ ئەوەبوو کە سوپاکە بکاتە پۆلیس تاکو رێگاوبان و پردەکان بپارێزێت، کە ئەمەش ئەرکی پۆلیسی مەدەنییە نەك سوپا، بۆیە دەبینین عیراق پەنای بردەبەر رووســیا کە ئەمەش بڕیارێکی مەترســیدارە، دیوەکەی دیکە حکومەتی عیــراق هەرگیز دۆســتی تەواوی رژێمی ســووریا نەبووە،بەڵام کــە دەزانێت چی لەناوچەکــە روودەدات لە تەقاندنەوەی ململانێی نێوان ســوننەو شیعە، هەســت دەکات پێویستی بــە چەکە بۆ خۆپاراســتن، بــۆ نموونە ئەگەر رەوتی ســوننەی توندڕۆ لە ســووریا دەسەڵاتی گرتەدەست ئەوکاتە ململانێی ئایینزایی لە عیراق بەرپادەکات،لە لوبنانیش بە هەمان شــێوە،لەوێ هێزەکانی ١٤ ئــادار چاوەڕوانی رووخانی رژێم دەکەن، ئەگەر رژێمی ســووریا رووخا، تۆڵە لە حزبوڵڵا دەکەنەوە چونکە لایەنگری ئەسەد بووە، بەڵام حزبوڵڵا دەستەوەستان نابێت .

***هەندێــك دەڵێن کە عیراق بــوو بە دەوڵەتێکی شــیعی و رۆڵی سوننەش کۆتایی هات، چونکە ئەوان زۆرینــەن، ئێمە لە دەوڵەتێکی دیموکراتیدا دەژین هەر وەکو دەڵێین، ئایا پێت وایە کە عیراق هەر بەحکومەتێکی شیعییەوە بەردەوام لە حوکمدا دەمێنێتەوە؟**

- من بە تەواوی و بەم شێوەیە سەیری مەسەلەکان ناکەم، پێم وانییە عیراق دەوڵەتێکی شــیعی بێت، عیراق هەموو پێکهاتەکان لەخۆ دەگرێت لە شیعە و سوننە و کورد و تورکمان و..تاد،بەڵام مۆرکی رژێمی پێشــووی عیراق، رژێمی سەدام حوسێن ســوننی بوو، من دەزانم کــە زۆربەی کادیرانی حزبی بەعس وفەرماندەکانی سوپای عیراق شیعە بوون، ســوپای عیراق بۆ ماوەی ٨ ساڵ شەڕی لەگەڵ ئێراندا کرد، هیچیان جیا نەبوونەوە دیارە وەلائیان بۆ دەزگاکانی رژێم هەبووە یان ترســیان لێی هەبووە، بەڕای من سەدام حوسێن نە سوننی بووەنە شیعە، بەڵکوستەمکار بوو،ئەوەی لەگەڵی بوایە لەگەڵی دەبوو، بــە پێچەوانەوەش لەناوی دەبرد، پێشــبینی ئەوەمان دەکرد دوای رووخانی ســەدام حوســێن کۆمەڵگەیەکی عیراقی ئەوتۆ دێتەئاراوە لەسەر بنچینەی هاووڵاتیبوونی یەکسان بۆ هەمووان،نە ســوننی و نە شیعی و نە کورد و نە تورکمانی،بەڵکو هەموویان یەکسان دەبن، هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە ببێتە سەرۆك کۆمارو هەر گرووپێکیش دەتوانێت شــانازی بەکلتووری خۆیەوە بکات، بەڵام بە داخەوە ئەوە نەهاتەدی.

*** رۆڵــی هەرێمی کوردســتانی عیــراق لەم ململانێیــەی ناوچەکــە چۆن دەبینیــت؟ ئایا پێشــبینی هیچ گۆڕانکارییەك دەکەیت تایبەت بەم هەرێمە؟**

- لــە مێژووە ئێمە لەگەڵ مافی کورددا بووین و دژی ئەو ستەمە دەوەستاینەوە کە لە کورد دەکرا، ئێرانییەکان و عەرەب و تورك هەموویان غەدریان لە کورد کــردووە، بەڵام دەمانگوت ئەم وڵاتەمان یەك نیشــتمانە بۆ عەرەبە و بۆ کوردە بەیەکەوە، من لەگەڵ جیابوونەوە نیم، لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم نیشتمانە بە یەکسانییەکی تەواو بۆ هەمووان بێت، بەڵام لە تایبەتمەندییەکان و لە گۆڕانکارییەکانیش دەگەم، ئێستا ئەگەر ناوچەکە گڕ بیگرێت ئەوا




کەس لێی رزگار نابێت، چونکە ئاگرەکە تەشەنە دەکات، هەنــدێ جار کورد بە ســوننە لەقەڵەم دەدرێــت یان گوایــە دژی تورکە، هەرچەندە بۆ نموونە ئەگەر سوننەش بێت، ئەم هەموو ناکۆکی و بەگژیەکداهاتنە بوونی هەیە، بۆیە پێویســتە کــورد لە ناوچەکە ژیرو دانــا بێت، تاکو خۆیان لــە ئاگرەکە بپارێزن، من پێم وایە ئایینەدی کورد لەوەدایە کە لە یەك نیشــتمان و لەگەڵ هەموو عیراقییەکاندا بمێننەوە، بەمەرجێك ئەم نیشتمانە تەواوی ماف و ئازادییەکانیان بەیەکســانی پێ ببەخشــن و مافی ئەوەیان پێ بدرێت کەلتوور و زمان و ناســنامەی نەتەوەییان گەشە پێ بکەن، ئەمە لە کۆنفدرالی و دابەشــبوون چاکترە، من لێــرە، لە لوبنــان ئەمەیان بەم شــێوەیە دەبینم و هەندێك لە هاوڕێ کوردەکانیشــم لەگەڵم کۆکن بەڵام زۆربەشیان نا.

*** بەڵام بە دڵنیاییەوە لێت دەپرســن کەزۆربەی گەلانــی دنیا دەوڵەتی خۆیــان هەیە، کەچی فەلەستین و کوردەکان نییانە، ئەگەر کوردەکانی عیراق و سووریا و تورکیاو ئێران سەرژمێریکەین ژمارەیــان لــە ٦٠ ملیــۆن زیاتــرە، بۆچی فەلەستینی و کوردەکان دەوڵەتیان نەبێت؟**

- یەکەم شــت من بەنــاوەڕۆك و بــە مێژوو دۆزی کورد لەگەڵ مەســەلەی فەلەســتین جــوودا دەکەمەوە، هەروەکو دەزانن مەســەلەی فەلەســتین کەوتەژێر کاریگەری وهەژموونی ئیمپریالیــزم و داگیــرکاران کە بــە ناوچەکە نامــۆ بوون، ململانێ و ناکۆکــی نێوان ئێمەو زایۆنیــزم یەکێکە لــە ئامرازەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم کە دەســتی بەسەر وڵاتماندا گرت، گەلی فەلەســتین بە بێ پشتیوانیی عەرەب و بەزاندنی ئیمپریالیییەت لەم ناوچەیە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بەڵام دۆزی کورد بریتییە لە ستەم و غەدری ئامۆزاکانیان لە ئێرانی و تورك و عەرەب، بە لۆژیکێکی ئاســان ئاســاییە کە کورد مافــی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەبێت، من پشــتگیری لــەو قســەیە دەکەم،تەنانەت لەگەڵ جودابوونەوەشــم، بەڵام من وای دەبینم هەتا ئەگەر دەوڵەتیشــیان هەبێــت مەرج نییە ئایینەدیان باشتربێت لەوەی کە لەگەڵ براکانیان لەیەك دەوڵەتدا بــن. نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، جارێکیان لە کۆنگرەی ئیسلامی قسەم لەگەڵ حەســەن ئەلتورابی دەکرد، پێیم گوت: من پێم وایە جیابوونەوەی باشوورییەکان ڕەوایە، خەڵکی باشوور ستەمی زۆریان لێکرا، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە مەســیحین یان هــەژارن و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتوون بە بەراورد لەگەڵ باکووردا، هەرچەندە ئەوانــەی باکووریش زۆر پێشکەوتوونین بە واتای ســەردەم، بەڵام ئەوان ســتەمیان لێکرا تا جیابوونەوەیــان بۆ خۆیان هەڵبژارد، ئەمەش سیســتەمێکی دادپەروەرو سەقامگیری بۆ نەهێنانە ئاراوە، وام پێ چاك بوو باشوور و باکوور لە تاکە دەوڵەتێکی دەوڵەمەند و دادپەروەر بمێننــەوەو غەدریان لێ نەکرێت و یەکسانیی تەواو لە نێوان هەردوولادا بێتەئاراوە، بــەڵام ئەمە مێژووە و مێــژووی ململانێکانە، ئەمە مەکری مێــژووە، ئاوا بیــر دەکەینەوەو ئەنجامەکانیش بە رێگەیەکی دیکە دەردەکەوێت، من لەوبڕوایەدام کە کورد مافی چارەنووســیان هەیە لە دەوڵەتێکی نەتەوەییدا، بەڵام پێویستمان بەوەیە کــە پەند لەواقیع وەربگرین، مەبەســتم ئەوەیە لە سیاســەتدا جیــاوازی هەیە لەنێوان خەون و شــیاندا، خەون پرۆژەیە بەڵام سیاسەت هونەرێکی شــیاوە و ناتوانین بەگژ ئەستەمدا بچیــن، ئەگەرنا ئــەوا زۆر زەرەرمەند دەبین، ئەمەیە تێڕوانینی من بەشێوەیەکی سادەو ساکار بەرامبەر بابەتێکی ئاوا زۆر ئاڵۆز.

# کێشەی کورد لە تورکیا پێدەنێتە قۆناخێکی نوێیەوە

**پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی پێش ئەوەی خەڵکی ئێش و ئازارێکی زۆر ببینن مافە دیموکراتیەکان دەستەبەر ناکرێت؟ ئایا بێ خەباتی ئازاربەخشی کوردەکان بۆ ئەوەی ببنە هاووڵاتیەکی تەواو و یەکسان تورکیا ناتوانێت دیموکراتی بێت؟ وەڵامەکە وەڵامێکی سادەیە، بەڵام مایەی دڵتەنگیە: کەلتوری سیاسی تورکی لەسەر بنەمای سەنتەربوونی دەوڵەت و خۆسەپێنی بنیاتنراوە. پێناسەی نەتەوە (کە بە نەتەوەی تورك ناودەبرێت) زۆر بەتەسکترە و بەرگێك نییە پڕ بە بەری ئەو خەڵکانە بێت کە لە وڵاتەکەدا دەژین، چونکە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تورك نین.**

لە نێو سەرجەم حکومەتەکانی تورکیادا، حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان- کە ئێستا لە دەسەڵاتدایە- بوێرترینیان بووە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ « کێشەی کورد »دا، مامەڵەکردنێك کە توندوتیژی پێچەوانە لە خۆنەگرێت، بەڵکو لەم پێناوەدا ئامرازی دیکەی گرتەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی دوو ئاستەنگ بووەوە کە بوونەهۆی سنووردارکردنی سەرکەوتنەکەی. ئاستەنگی یەکەم پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، کە ڕێکخراوێکی چەکدارە کە سەقفی پێشبینیەکانی لە دیموکراسیەتێکی تەواوەوە بەرزکردۆتەوە بۆ داواکاری کوردستانێکی سەربەخۆ کە لە تورکیا جیاببێتەوە.

ئاستەنگی دووەم بریتی بوو لە بە هەڵەتێڕوانینی سەرکردایەتی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنی پارتێکی گونجاو بۆ ئەوەی گفتوگۆی ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵدا بکات. واتە لەبری ئەوەی وەك کێشەی هاووڵاتی یەکسان و ئاوێتەکردنی کوردەکان لە نەتەوەی ( تورکیدا )- کە پێناسەیەکی بەرتەسکی بۆکراوە، سەیری مەسەلەکە بکات، حکومەت ویستی گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکەدا بکات لەبارەی سروشتی ڕژێمەکەوە، ئەویش بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی لە وڵاتدا.



هەرچۆنێك بێت، پەکەکە پاڵپشتی کراو و کۆنترۆڵی یەك لەسەر سێی کوردەکانی تورکیای کرد. دوو لەسەر سێی کوردەکان نە خوازیاری پەنابردنە بەر توندوتیژین بۆ بەدەستهێنانی مافە دیموکراتیەکانیان و نە دەیانەویست سیاسەت لە ئیعترافکردن بە ناسنامەی ئیتنی دا کورت بکەنەوە. ئەوان ویستیان بە بێ جیاکاری ئاوێتەی کۆمەڵگە فراوانەکە بن.

لە ڕاستیدا کۆتایی هێنان بە جیاکاری دژی کوردەکان و ئیقرارکردن بە مافە دیموکراتیە/ مەدەنیەکیان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان بۆی هەبوو ببێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستمە خۆسەپێن و پارێزەرەکەی تورکیا، کە ئەمەش ڕێگەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد خۆشدەکرد. بەڵام تەنانەت ئەم سیستمە کە لەسەر بنەمای باڵادەستی تورکەکان بنیاتنراوە لە سەردەمی حکومەتەکەی ئاك پارتیشدا درێژەی هەبووە. بەرپرسان پێداگیریان لەسەر هەڵەی تێکەڵکردنی کێشەی کورد بە پرسی پەکەکە کرد، و باوەڕیان وابوو ئەگەر توندوتیژی کۆتایی هات ئەوا سەقامگیری دەگەڕێتەوە.

کەواتە لەبری ئەوەی مامەڵە لەگەڵ هۆکارەکانی کێشەکەدا بکەن، حکومەت مامەڵەی لەگەڵ دەرئەنجامەکانیدا کرد، کە بریتی بوون لە توندوتیژی و ئەو ڕێکخراوەی توندوتیژی هەڵبژارد بۆ گوزارشتکردن لە ناڕەزایی خەڵك کە هەستیان بە سەرکوتکاری دەکردو هەستیان دەکرد بوونەتە قوربانی. ئەم بە هەڵە تێگەیشتنە وای کرد پێگەکەی پەکەکە بەرزتربێتەوە بۆ ئاستی شەریکێکی فەرمی حکومەت بە ئەوەی لە پێناوی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکدا گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت. بەڵام گفتوگۆکردن لەبارەی چییەوە؟ ئەمە کۆسپەکەیە. حکومەت دەستی کرد بە گفتوگۆکردن لەبارەی

**دۆغو ئەرگیل***

تایبەت بە گوڵان دەنووسێت

**مانگرتن لە خواردن تا ڕادەی مردن فۆرمێکی توندوتیژی شاردراوەیە کە تێیدا ناتوانرێت کەس تاوانبار بکرێت بە ئازاردانی کەسانی دیکە. زۆرکەس لە تورکیا ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی پەکەکە کە داوای ئەوە لە زیندانیە کوردەکانی دەکات تاوەکو ژیانیان ببەخشن لە پێناو داواکاریە سەقف بەرزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا**

بونیادی دامەزراوەیی و چوارچێوەی یاسایی ڕژێمەکەوە. شاری ئۆسلۆی نەرویجیش بووە شوێنێك بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ پەکەکەدا.

لە کاتێکدا کە نزیك بوون لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێك، پەکەکە کە هەستی دەکرد پشئەستورە و باوەڕی وابوو دەتوانێت دەستکەوتی زیاتر لە حکومەت بپچڕێت، مێزی گفتوگۆی بەجێهێشت و جارێکی دیکە پەنای بۆ توندوتیژی بردو داوای وڵاتێکی کرد خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببات. هەروەك یەكێك لە ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراتی (بەدەپە، کە پارتێکی یاساییە و نزیکە لە پەکەکەوە) بە نووسەری ئەم وتارەی وت: «پەکەکە دەیەوێت حکومەتی تورکیا کوردستانێك دابمەزرێنێت و بیداتە دەست پەکەکە بۆ ئەوەی لەسەر شێوازی کۆریای باکوور بەڕێوەی ببات.»

لە هەڵمەتەکەیدا کە مەبەستی بوو توندوتیژیەکی زیاتر بەکاربهێنێت، پەکەکە هەوڵیدا « ڕاپەڕینێکی جەماوەری شۆڕشگێڕانە» بەرپابکات لەو بەشەدا کە پێی دەووترێت کوردستانی تورکیا. بەڵام خەڵکەکە لەسەر ئەم ئاوازە سەمایان نەکرد. زستان نزیك بۆوە و توانای پەکەکەش بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە، ئەم ڕێکخراوە( پەکەکە) هەوڵی تاقیکردنەوەی ڕێگایەکی دیکەیدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجەکان بەلای کێشەکەیدا: ئەویش بریتی بوو لە مانگرتن لە خواردن.

حاڵی حازر نزیکەی ٧٠٠ کەس لە زیندانە جیاوازەکاندا دەستیان کردووە بە مانگرتن لە خواردن. هەندێکیان یاخیبوونە مەدەنیەکەیان گۆڕیوە بۆ مانگرتن لە خواردن بە شێوەیەك لە حاڵەتێکی هەستیار نزیك دەبنەوە کە بریتیە لە حاڵەتی بێهۆشبوون و مەرگ.

بە ڕەوچاکردنی ئەوەی ئەمە شێوازێکی دراماتیکی و کاریگەرە کە لە بواری پێوەندیە گشتیەکانیدا بگیرێتەبەر، ئەوا پەکەکە خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی بۆ پشتیوانیکردن لە مانگرتن لە خواردن کە دەبێتەهۆی مەرگی مانگرتووەکان، هەروەها هەڵدەستێت بە هاندانی زیندانیە سیاسیە کوردیەکانی دیکە بۆ ئەوەی بچنە پاڵ ئەم میحنەتە کوشندەیە.

ئەوە ڕوونە کە پەکەکە هەوڵدەدات کاریگەری هەبێت لەسەر زیندانیە سیاسیە کوردیەکان بۆ ئەوەی ژیانیان بەکاربهێنێت بۆ پرسی ئەم ڕێکخراوە، کە ناتوانێت ئامانجەکانی لە ڕێی توندوتیژیەوە بەدەست بهێنێت. مانگرتن لە خواردن تا ڕادەی مردن فۆرمێکی توندوتیژی شاردراوەیە کە تێیدا ناتوانرێت کەس تاوانبار بکرێت بە ئازاردانی کەسانی دیکە. زۆرکەس لە تورکیا ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی پەکەکە کە داوای ئەوە لە زیندانیە کوردەکانی دەکات تاوەکو ژیانیان ببەخشن لە پێناو داواکاریە سەقف بەرزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا، هەروەها ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی ئەو زیندانیانەی شوێنیان دەکەون. بەڵام لە کۆتاییدا مرۆڤگەلێك دەمرن بە چاوپۆشین لەوەی پاڵنەرە سیاسیەکانیان چین. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دوای خیتابێکی توند دژی مانگرتن لە خواردن و بەکارهێنانی مانگرتوەکان لەلایەن پەکەکەوە، حکومەت هەستی بە پاڵەپەستۆی مرۆیی کرد لەسەر خۆی. ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەرکی حکومەت پاراستنی گیانی خەڵك و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیەکانێتی.

وەزیری داد میکانیزمگەلێکی گرتەبەر بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتنی مەرگهێنەر

**وەزیری داد میکانیزم گەلێکی گرتەبەر بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتنی مەرگهێنەر لە ڕێی بینینی زیندانیەکانەوە. حکومەت بڕیارگەلێکی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت**

**ئەمە کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی تورکەکان و حکومەتەکەیان ڕووبەڕووی واقیعی وڵاتەکەیان ببنەوە و پێوەرگەلێکی باڵا بۆ دیموکراسی بگرنەبەر، ئەمە ئەگەر بە ڕاستی دەیانەوێت نەتەوەیەکی نموونەیی بن، هەروەک کردویانە بە تموحی خۆیان**

لە ڕێی بینینی زیندانیەکانەوە. حکومەت بڕیارگەلێکی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت، بۆ نموونە زمانی خۆیان بەکار بهێنن لە دادگاکاندا بۆ ئەوەی داکۆکی لە خۆیان بکەن، هەروەها خوێندن بە زمانی دایك بێت بۆ گرووپە ئیتنی-کەلتوورییەکان. ئەمانە بە زوویی دەنگیان لەسەر دەدرێت پێش ئەوەی زیانەکە ڕووبدات.

پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی پێش ئەوەی خەڵکی ئێش و ئازارێکی زۆر ببینن مافە دیموکراتیەکان دەستەبەر ناکرێت؟ ئایا بێ خەباتی ئازاربەخشی کوردەکان بۆ ئەوەی ببنە هاووڵاتیەکی تەواو و یەکسان تورکیا ناتوانێت دیموکراتی بێت؟ وەڵامەکە وەڵامێکی سادەیە، بەڵام مایەی دڵتەنگیە: کەلتوری سیاسی تورکی لەسەر بنەمای سەنتەربوونی دەوڵەت و خۆسەپێنی بنیاتنراوە. پێناسەی نەتەوە (کە بە نەتەوەی تورك ناودەبرێت) زۆر بەتەسکترە و بەرگێك نییە پڕ بە بەری ئەو خەڵکانە بێت کە لە وڵاتەکەدا دەژین، چونکە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تورك نین. ئەمە کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی تورکەکان و حکومەتەکەیان ڕوبەڕوی واقیعی وڵاتەکەیان ببنەوە و پێوەرگەلێکی باڵا بۆ دیموکراسی بگرنەبەر، ئەمە ئەگەر بە ڕاستی دەیانەوێت نەتەوەیەکی نموونەیی بن، هەروەك کردویانە بە تموحی خۆیان.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# پەیوەندیی کورد و تورک

## (ئایدیۆلۆژیا و ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا)

ڕێبوار سیوەیلی *

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

**سەرەتا:**

لە دەرەوەی هەر کێشە و ململانێیەکی بۆماوەیی و مێژوویی، لەدەرەوەی هەر هاندانێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی، قسەکردن لەسەر پەیوەندیی نێوان میللەتان و نەتەوەکان بەهای خۆی هەیە و بەشدارییەکی سوودبەخشە لە بیناکردنەوەی شارستانیەتێکی مرۆییتر و بەهای تێگەیشتن و پێکەوە هەڵکردن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو میللەتانە هاوسێی یەکتر بن و بەرژەوەندیی و مێژوو و ئەزموونی خۆش و ناخۆشیان لەگەڵ یەکتر هەبێت و بیانەوێ میرات و وانەیەکی سوودمەند بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێبهێڵن. گەورەترین دەستکەوتی مێژوو ئەوە نییە کە لە ڕابردوودا بەدەستهاتووە، هێندەی ئەوەی دەستکەوتی گەورە ئەوەیە لە داهاتوودا بۆی هەیە بێتە دەست. چونکە تەنیا بە بیرکردنەوە لەم ڕاستییە، دەتوانین ژیانێکی باش بۆ نەوەکانی داهاتوو بەدوور لەو کێشە و ململانێیانەی لە ئێستادا سەرقاڵیان کردوین و ئەنجامی خراپ حاڵیبوونی میللەتان لەیەکتر، دابین بکەین.



من زۆر کەم لەسەر پەیوەندیی میللەتی تورک و نەتەوەی کورد قسەم کردووە. نەمویستووە لە پەراوێزیی مەترسییەکانی ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندیی سیاسییەکاندا قسە لەسەر پەیوەندیی و شکۆی گەلان بکەم و ویستی سیاسیی و ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکان وەك ڕەنگدانەوەی ئیرادەی میللەتان تەماشا بکەم. ئەمەش لەبەر یەك هۆکاری سادە، میللەتان و نەتەوەکان پەیوەندییەکی ڕیشەیی و قوڵتر و مێژووییتریان بەیەکەوە هەیە لە چاو پەیوەندیی حکومەتەکان و ئایدیۆلۆژیاکاندا. ئەمە جگە لەوەی میللەتان لەسەر خاك و ئاوێك دەژین و بەدەست و پەنجەی خۆیان زەحمەت بە ژیانەوە دەکێشن و بۆ ئەمەش لە مێژە لەوە تێگەیشتوون کە بۆ سەرکەوتن و بەرژەوەندییان پێویستییان بە جۆرێ لە هەڵکردن لەگەڵ یەکتر و پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەیە. ئەمە جەبرێکە واقیع بەسەر مرۆڤدا دەیسەپێنێ. لێرەوە تێکەڵبوون و هاوسەرگیریی و خێزان پێکەوەنان و وەچەخستنەوە، لە مێژووی کولتوور و کۆمەڵگاکاندا شتێکی زۆر ئاسایی بووە. بەڵام ئایدیۆلۆژیا و پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان هەم تازە و هەم بێڕیشەن و هەمیش مەترسیدار. هەڵبەت هەموو میللەتێك و نەتەوەیەك لە خۆتێگەیشتنێکی تایبەتیی لەسەر خۆی هەیە، کە مەرج نییە هەمیشە بەرەو خۆ (بەباشترزانینی) ئەوانی لەچاو میللەت و نەتەوەکانیتری لە پشتەوە بێت. ئەو کاتە لەخۆ تێگەیشتن، مەترسیدارە کە دەبێتە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بۆ ئاراستەکردنی ئاپۆرەی خەڵك لە دژی خەڵکانیتر.

**ئەزموونێك:**

ساڵی نەوەد و شەش بوو کە زانکۆی غۆسکیلەی دانمارك، ناردمی بۆ شاری ئۆکسفۆرد بۆ بەهێزکردنی زمانە ئینگلیزییەکەم و وەرگرتنی چەند دەرسگوتارێك لە بواری فەلسەفەدا. بەیانییەك زوو، بە تەنیا گەیشتمە ئەو شارە

و یەکسەر بەرەو ئەو فێرگەیە چووم کە تایبەت بوو بە زمان: سانت جۆزیفس هاڵ. لەوێ دوای چاوپێکەوتن و هەڵسەنگاندنی ئاستی زمانە ئینگلیزییەکەم لە قۆناغی ٤ دایان نام، بەڵام بۆ نووسین خۆم هاتمەوە قۆناغی دوو، لەبەر ئەوەی هەمیشە کێشەی ڕێنووسم هەبوو. ئیتر بەوجۆرە دەبوو لە ماوەی حەوت مانگدا کۆرسەکە تەواو بکەم، بەڵام من بە دوو مانگ بڕوانامەکەم وەرگرت و ماوەیەکی زۆریش دوای ئەوە لەو قوتابخانەیەدا مامەوە، چونکە پارەکەم درابوو. ئەو ماوەیە زیاتر لە ستۆدیۆی قوتابخانەکە دادەنیشتم و گوێم لە خوێندنەوەی ڕۆمانی کلاسیکی دەگرت، هەم ڕۆمانەکەم دەناسی و هەم ئینگلیزییەکەم بەهێزتر دەکرد، پاشانیش لە کتێبخانەکەدا کتێبگەلێکی زۆری لێبوون و چاوم پێدا دەگێڕان.

لەو پۆلەدا کە من زمانم تیا دەخوێند، گەنجانی ئێرانی، ئیتالی، ڕۆمانی و تورک و عەرەبیشی لێبوون. هەر بۆیەش مامۆستاکانمان چ وەك بەشێ لە یەکتر ناسین و چ بۆ بەهێزکردنی زمانی قسەکردن بە ناچاری هەر یەکەی سیمینارێکیان پێدەکردین لەبارەی نەتەوە و کولتوور و مێژووی خۆمانەوە. من چوارەم کەس بووم و دەبوو ئەو کارە ئەنجام بدەم، لە دانمارکیش زۆرجاران ئەو جۆرە سیمینارانەم ئەنجام دابوون و دەمزانیی کە دەبێت چ تەکنیکێکی گەیاندن و خۆچڕکردنەوە بەکار بهێنم. بەڵام کێشەکە ئەوەبوو، دەبوو ئەمجارەیان قسە بۆ کەسانیی جیاواز بکەم و باسی گەلەکەمیان بۆ بکەم. لە دانمارك ئەم کێشەیەم نەبوو، چونکە ئەوان میللەتێکی جێگیر و هۆمۆگین و گونجاون و مرۆڤ پاش ماوەیەك لە مانەوە لە وڵاتەکەدا دەزانێت دەبێت چۆن قسەیان بۆ بکات بەبێ ئەوەی بێتاقەتکەر بێت، بۆ ئەوەی وەك ئەو نوکتەیەی لێنەیەت، کە بەسەر هاوڕێیەکی پەنابەرمان هاتبوو. با نوکتەکە بگێڕمەوە: برادەرێك شەوێك لە بارێکدا خانمێك دەناسێت و دەکەونە قسە کردن، برادەرەکە بە تێگەیشتنی خۆی وا بیر دەکاتەوە ئەگەر باسی پارچەپارچەبوونی کوردستانی بۆ بکات، سەرنجی زیاتر ڕادەکێشێت. بەڵام دیارە خانمەکە پێشتر چەند جارێك ئەو چیرۆکەی بیستووە و پێی دەڵێت: گوێ بگرە، ئەزانم وڵاتەکەی تۆ بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە، دەزانم ئێوە بە چەند زاراوەیەك قسان دەکەن، دەزانم شلەوبرنجتان لەلا خۆشە، دەزانم لە ئێران و عێراق و سوریا و تورکیا، چەند ملیۆن کەسن، بەڵام ئەوانە هیچیان سەرنجی من وەك ژنێك ڕاناکێشن..

من، لە ئۆکسفۆرد، لەبەردەم هاوپۆلەکانمدا دەبوو سەرنجیان ڕابکێشم و شتگەلێکیان بۆ باس نەکەم، کە پێشتر بیستبێتیان. لەبەر ئەوە، لایەنی مێژوویی و سیاسیەکەم کەمکردەوە و زیاتر خۆم لەسەر فرەکولتووریی لە کوردستاندا چڕ کردەوە، کە ئەوسا ئەم بابەتی فرەکولتوورییە سەرنجی ئەوروپاییەکانی زۆر ڕادەکێشا، ئەمەش بەو هۆیەوە، کە توێژینەوەکان جەختیان لەسەر پارادایمێکی کولتووریی نوێ لە وڵاتانی ئەوروپادا دەکردەوە و قسەیان لەسەر ڕۆڵی پۆزەتیڤی پەنابەران لە گۆڕینی کولتووری تاکڕەهەندا بۆ کولتووریی فرەڕەهەند دەکردەوە.

لە باسکردنی لایەنە مێژووییەکەیدا و بەتایبەتیش لەسەر باکووریی کوردستان هەر ئەوەندەم گوت کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن لە تورکیا، ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاریانەی بە تورککردن دەستپێکرد و ئەمەش تەواوکەری هەمان ستەمی دەوڵەتی عوسمانیی بوو لەسەر و لەدژی کوردەکان. گوتیشم، کە سیاسەتی عوسمانیەکان بەناوی ئایینەوە لە دژی کوردەکان، لە سیاسەتی ئەتاتورك بەناوی مۆدێرنیتەوە، جیا ناکرێتەوە و درێژبوونەوەیەکی ئەخلاقیی و ئایدیۆلۆژیی بۆ بە پەراوێزخستن و سڕینەوەی کوردەکان لە ئارادا هەیە. پاشان، جەختم لەوە کردەوە، کە من بەپێی ناسینم بۆ میللەتی تورك، ئەم سیاسەتە تەنیا بە سیاسەتی حکومەت و دەوڵەتی تورکیا دەزانم، نەك هی خەڵکەکەی..

قوتابییەکان زۆر پرسیاریان لێکردم، بەڵام ئەو دوو قوتابییە تورکەی لە پۆلەکەدا بوون و پێشتریش زۆر نێوانمان خۆش بوو، گوتیان حەز دەکەین دوایی لە دەرەوە بتبینین.

کاتێ خەریکی پێچانەوەی کتێب و دەفتەرەکانم بووم، مامۆستاکەم (لوسی) هاتە لام و گوتی نابێت لە دەرگای سەرەکییەوە بچیتەوە ماڵەوە و پێویستە لەگەڵ من بێیت. ئیتر بردمی بۆ ئیدارە

**گەورەترین دەستکەوتی مێژوو ئەوە نییە کە لە ڕابردوودا بەدەستهاتووە، هێندەی ئەوەی دەستکەوتی گەورە ئەوەیە لە داهاتوودا بۆی هەیە بێتە دەست**

**ئەو کاتە لەخۆ تێگەیشتن، مەترسیدارە کە دەبێتە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بۆ ئاراستەکردنی ئاپۆرەی خەڵک لە دژی خەڵکانیتر..**

**ئەمڕۆ پێوەندیی بازرگانیی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا لە برەودایە. ئەم پرۆسە و پێوەندیە بە بێ بوونی ئایدیۆلۆژیا ئیمکانیی نییە**

**لە هەناوی ئایدیۆلۆژیا ڕەگەزپەرستیەکاندا، بیرکردنەوەیەکی دژەمرۆڤانە هەیە، بیرکردنەوەیەک، کە مرۆڤ وەک گەمژەیەک و نەزان و بیرنەکەرەوەیەک وێنا دەکات تا بتوانێ بیکاتە ئامرازی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی خۆی**

ئەو بمەگەیەنێتەوە بۆ شوێنی حەوانەوەی خۆم. لە ڕێگا، کاتێ ئۆتۆمبیلەکەی دەهاژووشت، بۆی گێڕامەوە کە چۆن ئەوانە بە چەقۆوە لەبەردەمی قوتابخانە بۆمن دانیشتوون و چەند هاوڕێیەکی دیکەی خۆشیان کۆکردوونەتەوە. کاتێکیش مامۆستاکە زانی، کە ئەوان شوێنی حەوانەوەی من پێدەزانن، تەلەفۆنیکرد بۆ ئیدارەی قوتابخانەکە و پێکەوە بڕیاریاندا، کە من بەرێتەوە بۆ ماڵی خۆی و ئەو شەوە نەچمەوە هەواری خۆم..

لوسی، تەواو شپرزە ببوو. هەمیشەش پرسیاری لێدەکردم و دەیگوت: بەڵام ڕێبوار تۆ هیچی ئەوتۆت نەگوت، تا ئەوان بە شەخسیی وەریبگرن..

ئەوشەوەم لە ماڵیی مامۆستا لوسی، کە خانمێکی تەنیای بوودایی بوو، تێپەڕاند، بەڵام بۆ بەیانی ئیدارەی قوتابخانەکە ئەو قوتابییە تورکانەی بانگ کردن و بەڵێننامەیەکی پێ پڕکردنەوە کە ئەوان مەسئولن لە هەر شتێك بەسەر من بێت. لەوەودوا، تەنیا مەرحەبابییەکی ساردمان لە نێواندا ما، ئەویش بەردەوام من دەستپێشخەریم دەکرد..

هەردوو قوتابییەکە تەمەنیان لە سەرەتای بیستەکاندا بوو، هەردووکیشیان وەکو من قوتابیی زانکۆ بوون. ئەمانە لە دوایین نەوەی تورکیای مۆدێرن بوون. کاتێ بیرم لەم ڕاستییە دەکردەوە، بەزەییم بە میللەتێکدا دەهاتەوە، کە ڕەنگە جگە لە ملکەچییەکی کوێرانە بۆ سیاسەتگەلێکی ڕەگەزپەرستانە، کە لەمیانەی ساڵەکاندا بەسەریدا سەپێنراوە و لە هابیتۆس و خووی چەندین نەوەدا لە ڕێگەی سیستەمێکی پەروەردەیی و سیاسیی تۆکمەوە، فێری کراوە، هیچ گوناهێکی تری نەبێت. لەم ڕوانگەیەشەوە هەستم بەو مەترسیانە دەکرد کە ئێمەی گەلان و نەتەوەکانی خۆرهەڵاتیی ناڤین، تا پاشەڕۆژێکی دوورودرێژ دەبێت باجەکەیان بدەین و ببینە قوربانیی بیرکردنەوەی دەستەبژێرێکی سیاسی و بیر تەسك و سوپاسالار، کە داهاتوو لە دۆستایەتیی نەتەوەکان و گەلاندا نابینین. نمونەکان زۆرن:

- هەتا ئێستا لە تورکیا، کوردبوونی یەشارکەمال قەبووڵ ناکرێت،

- هەتا ئێستا ئیسماعیل بێشکچی سزای ئەو دۆستایەتییەی دەدات کە لە نووسینەکانیدا بۆ کوردەکان و کێشەکەیان، دەریبڕیوە.

- ئەحمەد کایا، کاتێ کوردبوونی خۆی ڕاگەیاند، کۆمەڵگای تورکیا و کایەی هونەریی ئەو وڵاتەی تووشی شۆك کرد.

**لە خراپحاڵیبوونەوە بۆ ڕەگەزپەرستی:**

ڕقهەستان و پیشاندانی پەرچەکرداری ڕەگەزپەرستانە و ئەویتر نەویستانە، لەسەر ئەم جۆرە شتانە، نیشانەی یەکەمی سادەیی و نزمیی ئاستی بیرکردنەوەیە. هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی خۆی بەو ناوەوە ناو بەرێت، کە سەربەڕەگەزەکەیەتی. هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی پشتوانیی ئەخلاقیی و زانستیی و ویژدانی میللەتان و مرۆیەکانیتر بکات، هەموو کەسیش

**مرۆڤی ئایدیۆلۆژی باوەڕ، یان ئایدۆلۆژییپەرست، مرۆڤێکە شایانی هاوکاریی و بەزەییە، چونکە ئەو نازانێت کە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ئەو هەڵگرییەتی و بەناوی ڕاستەقینەوە لە خودی ئەودا قسان دەکات و پەرچەکرداری پێدەنوێنێ، بۆخۆی تێڕوانینێکی دژە مرۆڤانەی هەیە**

بۆی هەیە بەو زمانە گۆرانیی بڵێ، کە بە زمانیی زگماکیی خۆی دەزانێت. لەبەر ئەوە، کاتێ ئایدیۆلۆژیایەك لە ئاست ئەم کردە و گوتە ئاساییانەی کەسانێکدا، پەرچەکرداری توند لە ڕێگەی پەیڕەوکارەکانیەوە دەنوێنێ، نیشانەی سادەیی و نزمیی ئاستی بیرکردنەوەیەك لە خۆیدا پیشاندەدات. بەڵام هەر ئەمەش مەترسیداربوونی ئاشکرا دەکات. چونکە ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیا ڕەگەزپەرستیانە مرۆڤ زیاتر بەرەو بیرنەکردنەوە هاندەدەن و بەو درۆیانە چاوبەستیان دەکەن، کە ناهێڵن ئەوان ڕاستەقینەکەیان، ببینن..

داپۆشین و شاردنەوە، بەشێکی گرنگیی میکانیزمەکانی هەر ئایدیۆلۆژیایەکن. بۆیە لە پێناسەکردنی زاراوەی ئایدۆلۆژیادا، هەر ئەوەندە بەس نییە بگوترێ: ئەم چەمکە لێکدراوی وشەی ئایدیا، بە واتای بیرۆکە و لۆژیك بە مانای ژیریی و دانایی و پێکەوە مانای ئەقڵییەتێك دەگەیەنێت کە بیرۆکەیەك ئاراستە دەکات، یان بیرۆکەیەك کە بەشێوەیەکی لۆژیکیانە خۆی بەرجەستە دەکات. ئەم پێناسە زمانیە بۆ چەمکی ئایدیۆلۆژیا دادمان نادات، ئەگەر لە هەمان کاتدا، بونیادی وشەکە و ئەو نییەتمەندییەی بۆی دروستبووە و لە ڕێگەیەوە ئاڕاستە دەکرێت، نەدۆزینەوە.

**سرووشتی ئایدیۆلۆژیا ڕەگەزپەرستییەکان:**

لەهەناوی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستیەکاندا، بیرکردنەوەیەکی دژەمرۆڤانە هەیە، بیرکردنەوەیەك، کە مرۆڤ وەك گەمژەیەك و نەزان و بیرنەکەرەوەیەك وێنا دەکات تا بتوانێ بیکاتە ئامرازی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی خۆی. ڕەگەزپەرستی، بەم مانایە بیرکردنەوە نیە، چونکە لەخۆیدا وەك (بیرکەرەوە) تەماشای مرۆڤ ناکات. هەر بۆیەشە لە هەر ئایدیۆلۆژیایەکدا کە بیرکردنەوەی بیرکەرەوە ڕەتدەکرێتەوە، خودی بیرکەرەوە، دەکرێتە یەکەم ئامانج و قوربانیی و لە جەوهەرە مرۆییانەکەی خۆی دادەماڵرێ تا بکرێتە قاوغێك، یان گەروویەکی درۆزن بۆ وتنەوەی ئەو قسانەی خۆی بیریی لێنەکردوونەتەوە.

مرۆڤی ئایدیۆلۆژی باوەڕ، یان ئایدۆلۆژیی پەرست، مرۆڤێکە شایانی هاوکاریی و بەزەییە، چونکە ئەو نازانێت کە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ئەو هەڵگرییەتی و بەناوی ڕاستەقینەوە لە خودی ئەودا قسان دەکات و پەرچەکرداری پێدەنوێنێ، بۆخۆی تێڕوانینێکی دژە مرۆڤانەی هەیە. لەبەر ئەوە ئایدیۆلۆژیا سەرەتا، مرۆڤ لە هەر جۆرە پێوەرێکی مرۆڤبوون بەتاڵدەکاتەوە و داگیریی دەکات، تا بیکاتە ئامرازی دەستی خۆی و پڕی بکاتەوە بەو پەیامانەی، کە بۆ پیشاندان و سەلماندنی ڕاستەقینەکەیان، پێویستە سەرەتا هەر ڕاستەقینەیەك بسڕدرێتەوە.

ئایدیۆلۆژیا لە دەرەوەی بیرکردنەوە، بیرکردنەوە بەکاردەهێنێ بۆ وێرانکردن و داڕمان، بەڵام لە پێش هەموو شتێکدا وێرانکردنی بیرکردنەوە و بکەری بیرکەرەوە. مەترسیی ئایدیۆلۆیا هەر لەوەدا نییە، کە

بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ، حەقیقەت لە تاکەکەسەکان دەشارێتەوە. بەڵکو مەترسییەکەی لەوەدایە، کە کەسایەتی تاکەکەسیش بەبا دەکات و دەیهێنێتە سەر ئاستێکی نزم لە هزرین، کە وا بزانرێت ئەوە بیرکردنەوەیە لە ئەودا ڕوو دەدات..

با نمونەیەك لە دنیای بازرگانییەوە بهێنینەوە، ئەمڕۆ پەیوەندیی بازرگانیی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا لە برەودایە. ئەم پرۆسە و پەیوەندیە بە بێ بوونی ئایدیۆلۆژیا ئیمکانیی نییە. لە بازاڕەکانی هەرێمدا، فرۆشیارەکان (تورکییبوون)ی کەلوپەلەکانیان، وەك دەستکەوتێك بۆ کڕیار و وەك وتنی (ڕاستەقینە)یەکی باش لە بەرژەوەندیی ئەواندا دەخەنە ڕوو. کە دەگوترێ (ئەم شتە تورکیە)، ئەم کراسە، ئەم قاتە، ئەم پێڵاوە، ئەم قاوەیە، هەموو ئەمانە وەك ڕاستەقینەیەك بۆ بیرخستنەوەی نەوعییەتی شتەکە و کراسەکە و قاتەکە و پێڵاوەکە و قاوەکە دەخرێنە ڕوو، بەبێ ئەوەی بزانرێ ئەمە ڕەواجدانە بە شتێك و قاتێك و پیلاوێك و کراسێك و قاوەیەك، کە تورکییبوونەکەی گرانتی نەوعیەتەکەیی و مەرجە تەندروستیەکانی نییە. بەڵام ئایدیۆلۆژیا ئەم ڕاستەقینەیەمان لێدەشارێتەوە و تورکیبوونەکە وەك گەرانتی نەوعیی دەخاتە ڕوو.

بەمجۆرەش، ئایدیۆلۆژیا لە ژێرەوە و لە سەرەوە و لە هەرچوارلاوە کاری خۆی دەکات و هیچ لۆگۆیەك، کارگەیەك، کەرەستەیەك، خواردنگەیەك و تەنانەت دەستەسڕیکی کلێنکسیش نییە، کە لووتی خۆمانی پێپاك دەکەینەوە و لە تەوالێتدا قوونی خۆمانی پێدەسڕینەوە، ئەرکێکی ئایدیۆلۆژی جێبەجی نەکات. چجای ئەوەی بەشێوەیەکی سیستەماتیك و لە ڕێگەی میدیا و قوتابخانە و ریکلامەکانەوە، ئایدیۆلۆژیا دزە دەکاتە ناخمانەوە بەبێ ئەوەی بتوانین بەرگریی لەم داگیرکارییە بکەین.

**وەڵامدانەوەی ئایدیۆلۆژیا بە هوشیاری:**

وەستانەوە لە دژیی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی وەك ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانەی تورکیی، بە بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیایەکی هاوشێوەی کوردیانە نابێت. گەورەترین ئامانجی ئایدیۆلۆیا ڕەگەزپەرستەکان، بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیای هاوشێوەی خۆیانن تا بتوانن لەپاڵ ئەوەدا ڕەوایەتی بە تێزەکانی خۆی بدات و بەردەوام بێت لە داگیرکاری و شێواندنەکانی و لەو ڕێگەیەشەوە، چاندنی ڕق و کێنە لە نێوان نەتەوە و گەلاندا..

دژوەستانەوەی ئایدیۆلۆژیا بە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیا دەکرێت. ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە هووشیارییەکی فەلسەفیی کە توانای جیاکردنەوەی ڕاستەقینە لە درۆ، جەوهەر لە نیشانە و وێنە لە بابەتمان بداتێ. تەنیا بە هووشیاربوونەوە دەتوانرێ جادووی ئایدیۆلۆژیا و پاکژییە نومایشیی و ڕواڵەتیەکەی، بدۆزرێتەوە و ئاشکرا بکرێت و پووچ بکرێتەوە. ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیا، ئامانجی هەر بیرکردنەوەیەکە، کە دەتوانێ شوناس لە توانەوە ڕزگار بکات و جیاوازیی بخاتە جێگەی ستەمکاریی و تواندنەوە. بیرکردنەوە لە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانە، بە دامەزراندنی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگەزپەرستانەی هاوشێوە چارەسەری کێشەکانی ئێستا و داهاتوو ناکات. ئێستا و داهاتوو، بەرهەمهێنراوێکی ئایدیۆلۆژین، بەڵام ئێمە دەمانەوێت پەیوەندیە ئایدیۆلۆژییەکان بکەینەوە بە پەیوەندیی سوودمەندی مرۆیی.

من کاتێ ئیشم دەکەوێتە لای وەستایەکی تورك، کە هاتووە لە وڵاتەکەمدا کار بکات و بژێوی خێزانەکەی پەیدا بکات و دەبینم کارەکەی بە باشی ئەنجام دەدات، ئیتر ئەمە نابەستمەوە بە تورکبوونی ئەوەوە، بەڵکو کواڵیتەی کارەکەی دەبەستمەوە بە جیدیەتی ئەو لە ئەنجامدانی کارەکەیدا و بەکارهێنانی مەهارەت و شارەزاییە پیشەییەکانی. بۆ من ئەو وەستایە، پێش هەموو شتێك مرۆڤێکە، کە پێویستم بەوە لەو دیو ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییەی ئێمەی لەیەکتر دابڕ کردووە بیناسم و لەیەکتر تێبگەین. لێرەوەیە، کە ئیتر من ئەو بە نوێنەری ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتێك نابینم کە بەرنامەیەکی دژ و نامرۆڤانەی هەیە لە ئاست کوردەکانی باکور و کێشەی کوردا بە گشتی. ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی ئەو وزەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە یەکتر بناسینەوە و لەیەکتر تێبگەین لە میانەی پەیوەندیەکانماندا، نەك ئەو ڕستە ئایدیۆلۆژیانە بکەین پێوەر بۆ ناسینمان لەسەر یەکتر، کە لە میدیاکاندا ڕووخسارمان دەشێوێنین..

**ئایدیۆلۆژیا لە دەرەوەی بیرکردنەوە، بیرکردنەوە بەکاردەهێنێ بۆ وێرانکردن و دارمان، بەڵام لە پێش هەموو شتێکدا وێرانکردنی بیرکردنەوە و بکەری بیرکەرەوە**

**بیرکردنەوە لە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانە، بە دامەزراندنی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگەزپەرستانەی هاوشێوە چارەسەری کێشەکانی ئێستا و داهاتوو ناکات**

**لە ڕێگەی میدیا و قوتابخانە و ریکلامەکانەوە، ئایدیۆلۆژیا دزە دەکاتە ناخمانەوە بەبێ ئەوەی بتوانین بەرگریی لەم داگیرکارییە بکەین**

**ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی ئەو وزەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە یەکتر بناسینەوە و لەیەکتر تێبگەین لە میانەی پەیوەندیەکانماندا، نەک ئەو ڕستە ئایدیۆلۆژیانە بکەینە پێوەر بۆ ناسینمان لەسەر یەکتر، کە لە میدیاکاندا ڕووخسارمان دەشێوێنین**



جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان:

# هیلاری کلینتۆن نەیتوانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا یەکبخات و حکومەتی تاراوگە دابمەزرێنێت

**پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەزانکۆی ئۆکلاهۆما و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرسی کوردی سوریا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و دوا گۆڕانکارییەکان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر لاندیز کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بەم دواییە و بەپێی وەرەقەی جنێف داواکرا بەشار ئەسەد لەماوەی پرۆسەی ئینیتقالیدا لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام خەڵکی سوریا و ئۆپۆزسیۆنی سوری ڕەتیدەکەنەوە کە ئەمە سەربگرێت؟ لێکدانەوەو بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەمە دژوارییە سەرەکییەکەیە، ڕۆژئاوا بە موعارەزەی سوریای ڕاگەیاندووە کە دەستێوەردانی سەربازی لە بارودۆخەکە ناکات و ناوچەی دژەفڕین ناسەپێنن و بە شێوەیەکی گەورە موعارەزە چەکدار ناکەن و باس لەوە کراوە کە دەبێت چارەسەرێکی سیاسی هەبێت بۆ بارودۆخەکە، ئاشکرایە ئەمە هەواڵێکی باش نییە بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوری، بەڵام پێم وانییە ئەمە کاریگەریی هەبێت لەسەر خەباتکردنیان، بەڵکو هەر لە شەڕکردن دژی ڕژێمەکەی ئەسەد بەردەوام دەبن.

*** ڕوسیا پێداگیری دەکات و پشتیوانی لە وەرەقەی جنێف دەکات بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا مانەوەی بەشار ئەسەدیان لە دەسەڵاتدا لەو ماوەیەدا پێ باش نییە، ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێت و ئەم هاوکێشەیە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

- ئاشکرایە سوریا بۆتە بەشێك لە ململانێیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە چارەسەکردنی زەحمەت بێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا زۆر دوودڵن لە دەستێوەردانی سەربازی، لەبەر ئەوەی ئەگەری زۆرە کە ئێران و ڕوسیا پشتیوانی ڕژێمەکە بکەن.

*** باس لەوە دەکرا کە پێش یەکلابوونەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئیدارەی ئۆباما سەرکێشیی ناکات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ قەیرانی سوریادا، بەڵام ئێستا کە ئەنجامەکە ڕاگەیەنرا، ئایا پێشبینی دەکرێت سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست سوریادا گۆڕانی بەسەردابێت؟**

- ئاشکرایە کە ئەمریکا هەوڵدەدات سیاسەتێکی جێگیرتر بگرێتەبەر، هیلاری کلینتۆن وەك وەزیری دەرەوە لە دەوحە هەوڵیدا حکومەتێکی نوێی کاتی لە مەنفا پێکبهێنێت، بەڵام دەرکەوت ئەمە زەحمەتە، موعارەزەی سوری بە پەرتەوازەیی مایەوە، لەبەر ئەوەی موعارەزە و سەرکردایەتی لە نێو خۆیاندا یەکگرتوو نەبوو، ئەمەش وای کرد تەنیا ڕێگاچارەیەك بریتی بێت لە چەکدارکردنی موعارەزەی سوری بە ئومێدی ئەوەی چەکەکان بکەوێتە دەست کەسانێکی باش و لایەنگری ئەمریکا بن و کاری باش بۆ ئەمریکا بکەن، کە ئەمەش زەحمەتە، چونکە




زۆرێك لە سـوورییەكان بە خۆشەویستییەوە لە ئەمریكا ناڕوانن و كەسانێكی عەلمانی نین.

*** بۆ یەكەمین جار بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكادا كە ڕاسـتەوخۆ نەهاتە ناو كێشەكە، تەنانەت دەستێوەردانی سـەربازی لە لیبیاش بە سـەرۆكایەتی ناتۆ بوو، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە كە ئەمریكییەكان نایەنەوێت جارێكی دیكە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بكەن؟**

- ئەمریـكا بەرژەوەندییەكی نەتەوەیی كەمی لە دەسـتێوەردان هەیە، ئایـا ئەمریكا لەوەدا چی بەدەست دەهێنێت؟ بێگومان هیچ، سوریا وڵاتێكی هەژارە و نەوتی نییە و هیچ شـتێك هەناردە نـاكات كە ئەمریكا پێویسـتی پێی بێت، یارمەتییەكی زۆری پێویستە و سوریاش دابـەش بووە، ئەمە سەرئێشـەیەكی گەورەیە. حاڵی حازر هەموو سیاسـییەكی ئەمریكا لە یەك شـت نیگەرانن، ئەویـش كەمكردنەوەی كورتهێنانـی ئابوورییە، هەر سیاسـییەكیش داوای تەرخانكردنـی پارە بۆ سـوریا بكات، باجەكەی دەدات.

*** بەڵام سوریا بۆتە دۆخێكی نائاسایی شەڕی ناوخۆ، ئایا ئەمریكا تا چەند لەمە نیگەرانە؟**

- ئەم شەڕە ناوخۆییە زیان بە ئێران دەگەیەنێت، چونكە ئێـران پارەیەكی زۆر سـەرف دەكات كە نییەتی، لە ئێسـتادا هەموو سـوننەیەكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕقی لە شیعە دەبێتەوە، ناوبانگـی حزبوڵڵاش لەو پـەڕی نزمیدایە. ئەمریكا شتێكی نییە سكاڵای لەبارەوە بكات، ئەگەر ئێمە بە هێمنی حسـابێك بكەین، ئەوا ئاشـكرایە كە ئەمریكا حەز بە بوونی ئەسەد ناكات و دەیەوێت ڕژێمەكەی بگۆڕێت، بەڵام ترسـێكی زۆری لە موعارەزەی سوریا هەیە، بەڵام بارودۆخی ئێسـتای سوریا بۆ ئەمریكا خراپ نییە، ئەمە كێشـەیەكە، تا حاڵەتێكی نائاسـایی ڕوونەدات، چونكـە تاكو دۆخی ئەردەن ئاسـایی بێت و ئیسرائیل ئاسایی بێت (كارێك نـاكات). بێگومان عێـراق باجێكی قورس دەدات، لەبەر ئەوەی قاعیدە و سەلەفی و جیهادییەكان كارێـك دەكەن عێراق باجێكی قـورس بدات، بـەڵام ئەمە لـە بەرژەوەندیی كوردانە، واتە هەروەك چۆن ئەمریكا سوودمەند دەبێت، بەو شـێوەیەش كورد سوودمەند دەبن، لەبەر ئەوەی تا حكومەتی سـوریا لاواز بێت و عەرەبەكانیش شـەڕی یەكتر بكەن، ئەمە لە بەرژەوەندیی كـوردەكان دەبێت، چونكە ئەمە كلیلی سـەركەوتنی كوردەكان بوو لە عێراقدا، لە كاتێكدا شـیعە و سـوننەكان شەڕ لەگەڵ یەكتردا دەكەن، ئەوا كوردەكان وڵاتەكەی خۆیان بنیات دەنێنەوە، هەمان شـت لە سوریاشـدا، چونكە ئەگەر كوردەكان خۆیان بە دوور بگرن و عەرەبەكانیش وڵاتێكی گەورە بنیات نەنێن، ئەوا دەرفەتی ئۆتۆنۆمی و بگرە سەربەخۆییش لەبەردەم كوردەكاندا واڵا دەبێت.

**سوریا بۆتە بەشێك لە ململانێیەكی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، كە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە چارەسەركردنی زەحمەت بێت. لەبەر ئەوەی ئەمریكا و ڕۆژئاوا زۆر دوودڵن لە دەستێوەردانی سەربازی**

*** ئێسـتا توندڕۆكان لە ناو موعارەزەدا ڕۆڵ دەبینن و هەوڵـی گۆڕینی ڕەوت و ئامانجی شۆڕشەكە دەدەن، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەمریكا لەم بارەیەوە نیگەران دەبێت؟**

- باشـە پێویستە ئەمریكا چی بكات؟ بچێت هەمـوو تونـدڕۆكان بكوژێت. چـۆن ئەمە ڕابگرێت، هەوڵیاندا ئەمـە لە عێراقدا بكەن، بەڵام بەگران لەسەریان وەستا، هەوڵیاندا هەموو توندڕۆكانی ئەفغانسـتان بكوژن، دیسان بەم شێوەیە. ڕەنگە فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان بنێرن، كاتێك دۆخی سوریا وەك دۆخی ئەفغانستان و پاكستانی لێدێت، ئەوا فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان دەنێرن بۆ لێدانی تونـدڕۆكان، ئەوان ئەم كارە لە یەمەن و ئەفغانسـتان و پاكستانیش دەكەن، كە فڕۆكـەی بێ فڕۆكەوان تەقەیان لێدەكەن، مـن نازانم، بەڵام مـن نیگەرانم لەم بارەیەوە، ئاشكراشـە كە ئەمریكا هەرگیز توندڕۆكانی ناوێت.

*** پەیامت بۆ كوردەكان چییە؟**

- ئاشـكرایە كوردەكانی سـوریا دەرفەتێكی گەورەیان لە پێشە و تا ئێستا شەڕێك نییە لە نێوان ئەنجومەنی نەتەوەیی كورد و پەكەكەدا، ڕوونە زۆرێك لە كـوردەكان پەكەكەیان ناوێت، كلیلی سەركەوتنی كوردەكانی عێراق ئەوەیە بارزانی و تاڵەبانی شەڕی یەكتریان نەكرد، یاخود هەوڵیان دا شەڕ نەكەن، كلیلی سەركەوتنی كوردەكانی سوریاش ئەوەیە شـەڕ لەگەڵ یەكتر نەكەن و پێكەوە بژیـن و بە پێچەوانـەی عەرەبەكانی سوریا ڕێگایەكی ئاشتییانە بدۆزنەوە، چونكە عەرەبەكانی سـوریا ڕێگایەكی ئاشـتیانەیان نەدۆزیوەتەوە بۆ بنیاتنانی وڵات.

# گوتاری سیاسی و دوالیزم



د. ئاراس عەبدولکەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئایا گوتاری سیاسی لەبنەڕەتدا زمانحاڵی دوالیزمەکانی خۆیەتی یاخود ئەو دوالیزمانە دەبنــە زمانحاڵی و ئەم گوتــارە لەمیانەی (شــەڕی دوالیزمــەکان)ەوە تەعبیــر لە جیهانبینیی خــۆی دەکات؟ ئایا لەبنەڕەتدا بونیادی ئەم دوالیزمانە لە کام دنیای ئێمەوە دێــن؟ ڕوونتر بڵێم دوالیزمەکانی ســەر بە گوتاری سیاســی بۆخۆیان چەمکگەلێکی تەواو سیاسین یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی، یاخود مۆراڵی؟ ئەگەر هەرکام لەو سیانەی دوایی بێت، ئایا شەڕەکانی گوتاری سیاسی شــەڕێکن لەســەر ئەو کایانەی کۆمەڵگا یاخود لەسەر بەهاکانیان؟

لەڕاســتیدا ئامادەبوونــی (دوالیــزم) بەشــێوەیەک لەنێــو گوتاری سیاســیدا باڵادەســتە، وەک ئــەوەی ســەرەکیترین ڕەگەزی بونیادنەری ئــەم گوتارە بێت، چ لە کۆن و چ لەم ســەردەمەداو بەجیاوازیی کۆمەڵــگا و شــوێن و فەرهەنگەکان، ئەم ســیفەتە لە گوتاری سیاسیدا، سیفەتێکی نەگۆڕە. ئەگەر هەر گوتارێکی سیاســی بە پەرگیرانە (استثنائي) بیەوێ لەدەرەوەی ئەو نەگۆڕە بژمێــردرێ، ئەوا لەکاتی هەر بەریەککەوتنێکی بە ئەوانی دی، دێتەوە ناو هەمان چوارچێوەی نەگۆڕ، خۆ پرۆسەکانی بانگەشــەی هەڵبــژاردن یەکێکــە لــەو ژینگانەی کە بەتەواویی ئەو قەناعەتەمان لا دروســت دەکات کە گوتارێکی سیاسی نییە بەبێ دوالیزمە دژ بەیەکەکان. بەڵام بۆ ئەوەی ڕوونتر لە ڕۆڵی ســێنتراڵییانەی ئەم دوالیزمانــە تێبگەین و بەتایبەت لە دەرەوەی شــەڕی ئامادەبوون یان نەبوون و لەدەرەوەی دیدی (ســپی یان ڕەش) دەکــرێ دوور لە بەریەککەوتنی گوتارە سیاســییەکان تەرزە پرسێک بوروژێنین و بپرسین

ئایا گوتارێکی سیاسی هەیە بتوانێ بەبێ شەڕی دوالیزمەکان خۆی بینابکات؟ داخۆ بەبــێ ئامادەبوونی دوالیزمێک گوتارێکی سیاســی هەیە بتوانــێ جیهانبینیی خۆی لەوانی دی جیابکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی خۆی نیشانبدات؟ بەڵکو زیاد لەوەش دەڵێین داخۆ گوتاری سیاســی بەبێ لەخۆگرتنی دوالیزمــەکان دەتوانــێ پێناســەیەک بۆ ناسنامەی خۆی بکات؟

لەهەمووشی گرنگتر، داخۆ دوالیزمێکی نێو گوتاری سیاســی هەیــە ڕەهەندێکی مۆراڵییانەی نەبێــت؟ ئەمە لەکاتێکدا کە دەقاودەق ئەو دوالیزمە بۆخۆی چەمکێکی مۆراڵی نەبێت.

ئەگەرچــی ئــەم پرســیارانە هیــچ ئیشــکالییەکی ئەوتۆ لەبــەردەم گوتاری سیاســیدا قوت ناکەنەوە، بــەڵام کاتێک هەمــوو دوالیزمەکانــی وەک (فەزیلەت و رەزالــەت) و (دادپــەروەری و ســتەم) و (نیشــتیمانپەروەری و خیانــەت) و (دیموکراســی و دیکتاتــۆری) و (بەرەی گەل و بەرەی دوژمن) و (پێشکەوتنخوازی و کۆنەپارێزی) و (چەپ و ڕاست) و..... هتد لەو دوالیزمانەی لەمســەری گوتاری سیاســییەوە تا ئەوســەری گوزەر دەکەن، بەجیاوازیی جیهانبینی و بوار و کایەکانیانەوە تێکــڕا لەژێــر تایتڵێکی گــەورەدا جێیان ببێتەوە، کە ئەویش دوالیزمی (خێر و شەڕ) ە کەبۆخۆی لە دنیا و جیهانبینیی ئاینییەوە هاتووە، ئیــدی یەکەمین کێشــە لەبەردەم گوتاری سیاسیدا سەرهەڵدەدات کە ئەویش جیاکردنەوەیەتــی لە گوتاری ئایدیۆلۆجی. ڕاستە ئیجگار زەحمەتە گوتارێکی سیاسی بەبێ هیچ بارگاویبوونێک بە جیهانبینیی ئایدیۆلۆجیایەکــی دیاریکراو بتوانێ خۆی ئاڕاستە بکات، بەڵام ئەم ڕاستییەش هێشتا ناتوانێ پاســاو بــۆ ئاڵوودەبوونی گوتاری سیاسی بهێنێتەوە بەو شوحنە ئایدیۆلۆجییەی کە لەسەر زەخیرەی چەمکە دوالیزمییەکان دەژی. لەم بارەدا کێشەی گوتاری سیاسی دەبێتە کێشــەی ناســنامەی ئەم گوتارە، واتە کێشەی پێناســەکردنی ئەم گوتارە بە شێوەیەک کە سنوورەکەی لەگەڵ گوتاری ئایدیۆلۆجیدا بــە ڕاددەیەک کاڵ دەبێتەوە

**بۆ ئەوەی ڕۆڵی سێنتراڵییانەی ئەم دوالیزمانە تێبگەین و بەتایبەت لە دەرەوەی شەڕی ئامادەبوون یان نەبوون و لەدەرەوەی دیدی (سپی یان ڕەش) دەکرێ دوور لە بەریەککەوتنی گوتارە سیاسییەکان تەرزە پرسێک بوروژێنین و بپرسین ئایا گوتارێکی سیاسی هەیە بتوانێ بەبێ شەڕی دوالیزمەکان خۆی بینابکات؟**

که هەست بە بوونی مەسافەیەکی ئەوتۆ ناکرێت لەنێوانیاندا.

ئەگەر پاساوی ڕەهەندە ئایینییەکەی دوالیزم بەوە وەڵامبدرێتەوە کە بەر لە گوتاری ئایینی و بەر لە ئایین خۆیشی (وەک مەعریفەیەکی تایبەتمەندی سەر بە کۆمەڵگای مرۆیی) دوالیزمی (خێر و شەڕ) ئەگەر بە ناو و ڕەمزی تریشەوە بووبێ، بوونیان هەبووە، ئەم بوونەش لەو کاتەوە بووە کە کۆمەڵگا وەک سیستمێک (هەڵبەتە لە فۆرمێکی سەرەتاییانەدا) لەپرۆسەی گەڕان بەدوای ناو و ناسنامە و تایبەتمەندییەکانیدا و وەک میکانیزمێکی مۆراڵی بۆ پێناسەکردنی خۆی و جیاکردنەوەی لە ئەوانی دی بەکاریبردووە.ڕاستە ئەم دوو چەمکە بەڕاددەیەک گشتگیرن کە پەل بۆ زیاد لە ڕەهەندێک دەکوتن و لەکاتێکدا وەک چەمکی سەر بە دنیای ئایینی دەناسرێن، هاوکات سەر بە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانیشن. لەهەموو بارێکیشدا ئەمانە بۆخۆیان دوو چەمکی مۆراڵین و بەر لە ئایین و گوتارە ئایینییەکان لە هزری مرۆییدا و لەنێو کۆمەڵگاکاندا ئامادەبوونیان هەبووە.

لەڕاستیدا گوتاری سیاسی ئەگەر لۆکاڵی بێت یان جیهانی و عەقڵانی بێت یاخود ناعەقڵانی و ئیدی لە خانەی هەر جۆرە پۆلێنکردنێکدا جێگای کرابێتەوە، کاتێک لە ڕوانگەی دوالیزمەکانی ناو ئەم گوتارەوە لێی بڕوانرێ و هەڵبسەنگێنرێ، بەتەواویی دەبێتە کایەیەک کە ئەوەی بە پلەی یەکەم تێیدا ئامادەیە، (مۆراڵ)ە و ئەو سیستەمەی تێیدا باڵادەستە بریتییە لە سیستمی تەفسیرکردن و جیهانبینیی بەها مۆراڵییەکان.

لێرەوە بەر لەوەی هیچ گوتارێکی سیاسی بەر (ئەوی دی) بکەوێت، سیستمێکی مۆراڵیی تایبەت بە کۆمەڵگای مرۆیی ئەو گوتارە هەیە و بەپێی شوێن و دەلالەتی (بەها) کانیان ڕۆڵ و کاریگەریی کۆمەڵایەتییان دەبێت، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ناکرێ لە دیدێکی بەراوردکارییانە (لەنێوان ئەو گوتارە و گوتارێکی دیدا) بڕوانینە بونیاد و میکانیزمی ئەو دوالیزمانەی گوتاری سیاسی کە بۆخۆیان چەمکگەلێکی مۆراڵین و بەپێی بەها مۆراڵییەکانی ئەو کۆمەڵگایە مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێت.

بەم پێیە شوێن و کایەی ئیشکردنی

**ئەوەی لەدنیای سیاسەت و گوتارەکەیدا سەبارەت بە بەها مۆراڵییەکان تایبەتمەند بێت و لە گوتار و کایە کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگییەکانی جیابکاتەوە، ئەوەیە کە گوتاری سیاسی بۆخۆی توانای بەرهەمهێنانی (بەهای مۆراڵیی) تایبەت بەخۆی هەیە**

گوتاری سیاسی بەر لە هەرشتێک سیستمی مۆراڵی و بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگایە، ئەگەرچی بەو حوکمەی کە کۆمەڵگاکان چوون یەک و هاوشێوە نین لە سیستمی مۆراڵییاندا، بەڵام هەمیشە هێڵێکی گشتی هەیە کە توانای گرێدانی بەها مرۆییەکانی هەیە پێکەوە، بەشێوەیەک وەک ئەوەی لەبەردەم کایەی سیاسیدا و لەنێو تەفسیری مۆراڵییانەی سیاسەتدا، هەموو کۆمەڵگاکان لەسەر سیستمێک پێکهاتبن.

ڕەنگە هەبێت پێی وابێ کە خوێندنەوەی گوتاری سیاسی و شیکردنەوەی لەم ڕەهەندە مۆراڵییەوە زۆر نالۆجیکییانە بێتە بەرچاو، ئەمەش بەو حوکمەی کە سیاسەت وەک پراکتیک و وەک ئەوەی پێی دەگوترێ (ڕیالیزم)، هەمیشە بۆی هەبووە ئەو هێڵە سوورانە ببەزێنێ کە سیستمی بەها مۆراڵییەکان بەتۆخیی کێشاویانە، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەگەرچی لە سەرەتادا جۆرێک لە لۆجیکی تێدا بەدیدەکرێ، بەڵام کاتێک دەپرسین (لای ئەو گوتارە سیاسییە چی بەهای سەرەکییە؟) ئیدی لەوە تێدەگەین کە (هەموو شتێک لەپێناوی سەرکەوتندا) و (مەبەست پاساوی وەسیلەیە) بۆخۆیان وەک بەهایەکی مۆراڵی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. بۆیە دەشێ قوتابخانەی (میکیاڤیللی) لای هەندێک نامۆراڵی و لای هەندێکیتر مۆراڵی بن، بگرە دەشێ گوتارێکی سیاسی بۆ ئەمڕۆ مۆراڵییانە بێت و بۆ سبەی نامۆراڵی، یان هەمان گوتار لە کۆمەڵگایەکدا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بەها مۆراڵییەکاندا نەبێت و لەکۆمەڵگایەکیتردا تەواو پێچەوانەی ئەو بەهایانە بێت. شتێک کە لێرەدا نەگۆڕە مەسەلەی (سەرکەوتن یان دۆڕاندن)ە، واتە لەپاش هەموو بەریەککەوتنەکان هەمیشە خودی (سەرکەوتن) دەبێتە بەهایەکی مۆراڵی گوتارە سیاسییەکان و (دۆڕاندن)یش دەبێتە دیوە نامۆراڵییەکەی ئەو بەهایە.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەوەی لەدنیای سیاسەت و گوتارەکەیدا سەبارەت بە بەها مۆراڵییەکان تایبەتمەند بێت و لە گوتار و کایە کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگییەکانی جیابکاتەوە، ئەوەیە کە گوتاری سیاسی بۆخۆی توانای بەرهەمهێنانی (بەهای مۆراڵیی) تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەرچی ئەم بەهایانە لەنێو هەمان سیستمی مۆراڵیی کۆمەڵایەتی- ئایینی- فەرهەنگیشدا بن، بەڵام زیندوویی و بزێویی گوتاری سیاسی لەوەدا دەردەکەوێ کە بەپێی سەردەمە جیاوازەکان هەمیشە توانای داتاشین و لەبەرگرتنەوەی (مۆدێلی نوێ)ی هەیە بۆ بەهای تر، بەشێوەیەک ئەگەرچی بەدیوێکدا هەر هەمان دەلالەتە لە هەمان کایە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، بەڵام هەمیشە وەک ئەوە دەردەکەون کە بەهای جیاواز و نوێ بووبن و لەوەپێش دەرکیان پێنەکرابێت، گەر بڕوانینە زنجیرەی ئەو چەمکە سیاسیانەی وەک (مافی مرۆڤ و شەرعییەت و ...هتد) هەرکامیان لەبەردەم دژەکەیدا ڕابگرین، دەزانین کە درێژبووەوەی هەمان گوتاری دوالیزمە و دەچێتەوە سەر هەمان سیستمی (خێر و شەڕ).

ماوەتەوە بڵێین ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە گوتاری سیاسی زمانحاڵی ئەو (سپی) یان (خێر)ە بێت کە لە شەڕی دوالیزمی (سپی و ڕەش) یان (خێر و شەڕ) دا نمایشیدەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە دوالیزمەکانە زمانحاڵی گوتاری سیاسین، ئەوە خودی ئەو (سپی)یەیە دەیەوێ بڵێ ئەوی دی ڕەشە و خودی ئەو (خێر)ەیە کە هەمیشە دەڵێت من سەرچاوەی چاکەم و ئەویدی سەرچاوەی شەڕە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەوە جیهانبینیی گوتاری سیاسییە کە پێناسە و تەفسیری ئەو بەها مۆراڵیانە دەکات، تەنانەت بەرهەمیشیان دەهێنێ و دەیانکاتە مۆدێلی گوتارەکەی. هەربۆیە دوالیزمەکان لەبنەڕەتدا جۆریکن لە میکانیزمی بەکاربردن لەنێو سیستمی بەها مۆراڵییەکانی خۆیدا، ئەمەش جەوهەریترین تایبەتمەندێتیی گوتاری سیاسییە بەبەراورد لەگەڵ هەر گوتارێکی تردا.

# ستراتیژیەتی شیتاڵگەریی بە لای (ژاک دریدا)وە

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

جـــاك دریّدا هەروەكـــو هایدگەر لـــە هەوڵدا بووە میتافیزیكاو لیّكەوتەكانی تێپەڕێنێت، بەڵام ئەمجارەیان تێپەڕاندنەكە لەهەموو هونەرەكان و لیّكۆڵینەوەكاندا، بەو شێوەیەو بە سروشتی حاڵ لە مێژووی فەلسەفەدا كنەو بە دواداچوونێكی لەســـەر هاوچەشنەكانی میتافیزك ئەنجـــام داوە،هەروەهـــا لەمەڕ پرســـی زمانەوانیش (گۆكراوـوتـــراو و نووســـراو)، یان لەمەڕ شـــرۆڤەی دەروونی (عەقڵ و شـــێتی) و ئەدەبیاتیش(حەقیقەت و مەجاز).

لەو ڕوانگەیەوە مەسەلەكە پێوەندیدار نییە بەو شتەی وا لەســـەری ڕاهاتوین ناوی لیٚ بنێین ڕەخنەلێگرتن لە میتافیزیكا، چونكە چەمكی شـــیتاڵگەرایی یان ((تفكیكیـــە)) لـــە خودی چەمكـــی ڕەخنەلێگرتن شتێكی زیاتر دەگەیەنێت و ڕیشەییئاڵۆزترە، گرنگترین وتەزایەكـــی وەرگیراو كـــە دریدا لەســـەر ڕەخنەی باو هێنابێتیەئـــاراوە بەلای زۆربـــەی پیادەكارانیەوە ڕەخنەیەكی دەرەكییانە بووە، ئەمیش وا لیٚكی داوەتەوە كە لە توانایدایە لیٚكدانەوەی تێكســـت و ڕامانكاریی لەســـەری ڕاپەڕێنێت، تەنانەت تا ئاســـتی دادگایی كردنی، یان گەڕانەوەی بۆ هەلومەرجە دەرەكییەكانی كە بە دەستەوەســـتاوی لە پشتەوەی وەستاون، هاوكات ئەمە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و فكری و هونەریش هەروا ڕەواجی خـــۆی هەیە، دریدا لە ئاســـت ئەم چەمكە دەرەكییەدا هەڵوەســـتەی كردوەو تێبینی ئەوەی كردووە كـــە جیاكردنەوەی بەرایی لە نێوان (فۆرم و ناوەڕۆك)دا دەرهاویشـــتەیەكی داڕێژراوی وەزعیی هەیە، ئەمە ئـــەو باڵایی بوونەیە كـــە میتافیزیكیای خۆرئاوایی بـــە درێژایی مێژوو بەرجەســـتەی كردۆتەوە، ئەمەش بـــە واتـــای گشـــتی زاراوە میتافیزیكیەكەیە، نەك وەك ئـــەوەی كە لكێك بێت لە لكەكانی فەلســـەفە، بەڵكو وەك ئەوەی ژیانێك بێـــت كە كۆمەڵە بەهایەك ((چەندەش ئەســـتێڵكەكانیان جیاواز بـــن)) هەر لە هەوڵدان بۆ خۆســـەلماندنی خۆیان.هەڵوەشـــانەوە یان شیتاڵگەریی ئەو كاتە دەست پێدەكات كە دوالیزمەی (نـــاوەوە/ دەرەوە) بخاتـــە فاقـــەو داوەوە، دریدا لەو بڕوایەدایـــە دەرەوەی مومكیـــن وەدینایەت ئەگەر لە ناو خودی تێكســـتەكەدا نەبێت، ڕاڤەی تێكست تەنیٚ لـــە گێڕانەوەیدا لەســـەرفاكتەرە دەرەكییەكەی خۆی ناوەســـتێت، لێرەوە ڕووبەڕووخســـتنەوەی پەراوێزخراو لـــە بەرانبەر ناوەنـــددا، جێگەی بەراوردخســـتنەوەی وەزعیـــی دەگرنەوە، چ لە ناوەوە یـــان دەرەوە، ئەوەش بە مەرجی چاوپێداخشـــانەوە بە مانای ئەو شوێنەی كە دەدرایە چەمكی پەراوێز، لەمەوە پەراوێز ئەو شتە نییـــە كە لە دەرەوە بوونی هەیە، بەڵكو ئەو پنتەیە كە ناوەندگەرێتـــی تێدا لە خۆ دەگرێت، پەراوێز چەقێكی ســـتراتیژییە نەك پێگەیەكی شوێنگەیی، بەو شێوەیە كە هەر تێكســـتێك هەڵگری هێزێكی كارایە، هاوكات هێزێكە بۆ شیتاڵگەریی خودی خۆی، ئەوەی بەلای شـــیتاڵگەرەوە گرنگ بێت ئەوەیە نیشتەجێی بونیاتی نالێكچـــووی ناو دەقەكەیەو، لە ئاســـت گرژییەكانی ناواخن هەڵوەســـتە دەكات( ناڵێـــم خاڵە لێكدژەكانی) كە تێكســـت لە میانەیەوە دەخوێنرێتەوەو زاتی خۆی شـــیتاڵ دەكاتەوە، لە تێكســـتدا هێزێكـــی پەرش و

چەمكی شیتاڵگەرایی یان ((تفكیكیە)) لە خودی چەمكی ڕەخنەلێگرتن شتێكی زیاتر دەگەیەنێت و ڕیشەییئاڵۆزترە، گرنگترین وتەزای وەرگیراو كە دریدا لەسەر ڕەخنەی باو هێنابێتیە ئاراوە بەلای زۆربەی پیادەكارانیەوە ڕەخنەیەكی دەرەكییانە بووە

بڵاوی مۆڵەق هەیە بۆ لەناوبردنی خۆی، لە كاتێكدا ستراتیژیەتی شیتاڵگەری ئەوەیە هاوئاهەنگانە كار بۆ خۆدەرخســـتنی بكات، وەك ئەوەی شیتاڵگەر چاوی دەرەوەی ئەو خوێنـــەرە نەبێت كە هەڵگری كلیلەكانی كردنەوەی تەلیســـم و مەغزاكانی تێكستی لە لایە، و دواجار دەیگێڕێتەوە لای واتا دیاریكراوەكانی خۆی و بەســـەر نهێنیەكانیدا زاڵ دەبێت، تێكست كارتێكراوێك نییە بۆ زاتێك كە توانای هەبێت لەسەر تەولیفكردن و ڕاڤەو و تێگەیشتن، ئەوجا تێكست وەك لە دەستەواژەو زاراوە فەرەنســـیەكەیەوە وەرگیراوە texte چنینێكی جاڵجاڵۆكەییە، ئەوەش نابێتە تێكســـت، تا لە یەكەمین دیدگای خۆی بزر بیٚ و دیار نەمێنێت((بەردەوامیش یاســـای لێكبەســـتن و بنەمای گەمەكەی، نەدیتراو دەمێنێتەوە)) بـــەڵام ئەم نادیاری و پەردەپۆشـــەییە هۆیەكـــەی نە دەگەڕێتەوە بـــۆ كەمتوانایی خوێنەر، نـــە بۆ تێكچڕژاویـــی و ئاڵۆزكاوەیـــی زمان، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ چەند پێگەیەكی دەقئاسا، وەك خۆیان چۆنن هەر بەو شێوەیە..

لەم ســـۆنگەیەوە هەموو تێكســـتەكان هاوئاســـت و یەكســـانن بە یەكتر، تێكســـتێك نییە زەحمەت بیٚ لە تێگەیشـــتندا، تێكســـتێك بوونی نییە چەپڕەوانەتر بێـــت لەوانی دیكـــەی وەكو خۆی، بەڵكـــو دریدا بە تەواوەتی و بە پێچەوانەی ئەمەوە، بێوچان لە هەوڵدایە زەحمەتییەك دروســـت بكات، تەنانـــەت لەو دەقانەی بەو شـــێوەیە خۆیان دەنوێنن كە دەستەمۆن،هەروەها لە هەوڵدایە بۆ كەشفكردنی ڕاستڕەوانە لە هەر تێكستێكی چەپڕەوانەدا، ئەمە لە كاتێكدا ئەگەر ئەو بڕوایە بە خۆ بێنین كە دوالیزمەیەكی وا لە فكریدایە، بە هەر حاڵ قوربانییە مەزنەكان هەرگیز لە ناوەندی ڕاســـتڕەوانی فەلســـەفیی و ئەدەبـــی تەقلیدیدا نەبـــوون، چونكە تێكستەكانی برانشڤیك و ئارۆنی شیتەڵنەكردون بەڵكە هەستاوە بە شیتەڵكاری تێكستەكانی ئارتۆو یابیس و لاكان و باتای و لیڤی شتراوس و ئیڤیناس و تەنانەت فۆكۆش.

ڕەنگـــە لەچوارچێـــوەی فیكـــری ژاك دریدای فەیلەســـوفی هاوچەرخی فەرەنســـاویدا هەمان ئەو دووبەرەكێیەی نێوان راســـترەوان و چەپـــڕەوان هێندە گرنگ نەبێت، چونكە شیتەڵگەری لەناو تێكستەكاندا بەدوای باشـــترینەكاندا ناگەڕێت، بەهەرحاڵ كارەكە



هیچ پێوەندی نییە بە شیتەڵکردنی دەقێکی راستڕەوانە لەنــاو پێگەیەکی چەپڕەویدا، یــا دەقێکی کۆنەخواز لە نــاو پێگەیەکــی پێشــکەوتوخوازیدا، یا دەقێکی ترادیسیۆن و بیچمگرتوو لە ناو پێگەیەکی مۆدێرنەدا، یا دەقێکی زانســتی لە نــاو پێگەیەکی هونەریدا، یا دەقە ئایدیۆلۆژییەکان لە ناو پێگە فەلسەفیەکاندا.

ستراتیژیەتی شــیتەڵکاری پۆلبەندی تەقلیدیانە بۆ چەشــنەکان و رەگەزەکان ناکات، هەروەها لەنێوان تێکستەکاندا بەشوێن باشــترینەکان ناگەڕێت، بەڵکو پیلان لەدژی خۆی دەگێڕێت، ئەمەش خەســڵەتێکە لەوخەســڵەتانەی کە دریــدای لە هایدگــەر نزیك دەخســتەوە، کە وای لەشــیتەڵکاری کــرد دابەزێتە هاوئاســتی وردکردن و پوکانــەوە، هەردووکیان واتە شیتەڵگەری و پوکانەوە، بەزەییان بەخۆیاندا نایەتەوە، لەمبارەیــەوە هایدگەر لەو کتێبەیدا کە لەســەر کانت نووســیویەتی؛ دەپرســێت : ((ئایــا تواناکانمــان بۆ خۆی پەردەپۆشــکردنێکی ئەو شتانە نییە کە درکیان ناکەین)).

ئێمە لەبەردەم سەمتێکی فیکریداین کە لەبناغەدا ئەو ســەمتە پشت بە فێڵ لێکردن دەبەستێت، هەروەها پشــت دەبەســتێت بە خراپ لێتێگەیشــتن، فیکر وا لێــدەکات هیچ متمانــەی بەخــۆی نەمێنێت، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت شــیتەڵگەری زنجیرەیەك بێت بۆ فەلســەفەکانی تەوەجوس و هەستەکی کە لەسەدەی رابــردوودا تەشــەنەی کردبــوو، ئەمــەش یەکێکە لەخاڵــە گرنگەکانی کە شــیتەڵگەری جیا دەکاتەوە لەرەخنەگرتنــی باوو ئاســایی، لەکاتێکدا ڕەخنەکار دەکەوێتە ئەو وەهمــەوەی کە ئەم خۆی بێگەردو پاك وتەمیزەو بــەدوورە لەو هەڵەو پەڵانەی ئەوانیدی تێی دەکــەون، هەروەها پێــی وایــە بەوەهمەکانی خۆیەوە ئەوانی ترهەڵدەخەڵەتێــن، هاوکات رەخنەکار پێی وایە ئەو شتانەی لەناوتێکستدا دەیانبینێت تەنانەت نووسەرو خاوەنی تێکستەکە خۆی ئەو شتانەی لە تێکستەکەیدا کە نووســیویەتی بــەدی نەکــراون، هەندێکجاریش رەخنەکار وەك دادوەرێك کە بە ناوی ڕاســتگۆبوون و حەقیقەتەوە بدوێ خۆی وا دەناســێنێت، خۆی دەخاتە جەمسەری ڕاستخوازی و حەقخوازیی، خۆی دەخاتە ئەو بڕوایەشــەوە کە ســەڕافێکی لێهاتووەو هونەری جیاکردنەوەی پارەو دراوەکان هەر بەلای خۆیەوەیە، لە کاتێکدا ڕەخنە لە ناواخنی میتافیزیکیای ڕاستڕەوی و چەپڕەویدا پێدەگات، بەڵام شــیتەڵگەری پێی وایە ســنووری یەکلاکەرەوە لە میتافیزیکدا پێویستە بە ناو هەموو تێکســتەکاندا تێپەڕێت، ئەم کارە پێوەندیدارە بە ستراتیژیەتێکی گشتگیرو نێوکۆیی، کە خۆی لا دەدات لەوەی بکەوێتــە داوی دوالیزمەییەکانی میتافیزیك و دواتر نیشــتەجێی ناو ئەو ئاســۆ بەرتەســکانەی دوالیزمەکان دەبێت، تا کاربکاتە سەر لەرزاندنیان.

کاتێك ناوی ئەم دوالیزمیــە دێنین، چۆن بتوانین لە ســۆنگەی دریداوە لە شیتەڵکاریی میتافیزیکیی تێبگەین؟ ئایا کارەکــە پابەندە بە تێهەڵکێش کردنی هەردوو جەمســەرەکەوە؟ یان بەرزڕاگرتنی یەکێکیانە لەسەر حیســابی ئەویتریان؟ یان پێکەوە ڕەتکردنەوەی هەردووکیانە ؟

دریدا وەڵامــمــان بەمە دەداتەوە، کــە ئەم کارە نە ئەمیان و نــە ئەویان دەگەیەنێــت، یەکەمیان دەخاتە بەردەم ڕزگارکردنــی نەفیبوون لە هەر هەژموونێکی گشتگیرانەو ڕانەگرتنی بەهۆی هیچ پێکهاتەیەکەوە، یان زیندانی نەکردنــی لە ناو لۆژیکی ڕەتکردنەوەدا، ئەمەش بە ســەرلەنوێ دیاریکردنەوەی دەبێت، بەڵکو بە سەرلەنوێ نووســینەوەی جیاوازییەکان دەبێت، بە شێوەیەك پێشتر پێشینەی نەبوو بێت، هەروەها نێوانکاری دەکاتە چەند بەشێك کە بەهۆیەوە رەچاوی زەمان و هێز لەپرۆسەکەدا بکات، لە پرۆسەیەکدا حیسابی ئابووری و دواخســتن و وەرســوڕان و گەڕانەوەی بۆ بکرێت، نەك هاوچەشن وهاوشێوەیەك کە بە وردی حیساب بۆ ماوەو کەلێــن و دوورکەوتنەوە لەیەکتری تێدا کرابێت، کەواتــە نێوانکاری جووڵەیەکە بــۆ پراکتیزەکردنەوەی جیاوازییــەکان، وا لــە جووڵەی دەلالــەت دەکات کە نامومکین بێت، مەگەر هەر رەگەزێکی ئێستا پێوەندی بەشــتێکەوە هەبێت کە خودی ئەو شتە خۆی لە خۆدا نەبێت، هەروەها پارێزگاری لە رەگەزی پێشــووتری بکات و ســنگی بکاتــەوە بۆ ئــەو پێوەندییەی کە بەرەگەزی داهاتووەوە پێی کاریگەر دەبێت، سەرەڕای ئەوەش ناتوانیــن بڵێین نێوانکاری رێبــازو بناغەیە، نێوانــکاری بریتی نییــە لە کرۆکــی میتافیزیك، شــیتەڵکاری ئامادەبوونی چەمکی کرۆك و بنەچە تێدەپەڕێنێت و چاو دەخشــێنێتەوە بەچەمکی زەمانیی میتافیزیکــەوە، گەڕانەوەیەکــی ئەبــەدی لەناخی زیندەبوودا دەچێنێت، ئەگەر لەم ڕووەوە لەجیاوازییەکان تێبگەین، ئەوە لە ناو هەر ئاســتێکدا خۆمان خستۆتە ناو دوالیزمەیەکەوە، ســلب ناگەڕێتەوە، هەروەکو چۆن لای رەخنەکاران هەبوو بێت، تەنانەت دیالەکتیك وەکو خۆی نامێنێتەوە، ئەو دیالەکتیکەی کە لەدەرەوە دێت بــۆ ئەوەی زات ڕەت بکاتەوە بەڵکــو ئەوەی لەناوەوە بنکۆڵی دەکات (ئەگەر قســەکەمان راســت بێت بۆ وشەی ناوەوە) لێرەدا سلب جووڵانەوەیەکی بەردەوامی کۆتایی نەهاتووە، کە هەردوو جەمسەرە دوالیزمییەکە لــە یەکتــر دوور دەخاتــەوە، بەڵکــو هەڵدەســتێت بەدوور خســتنەوەی خودی زات لەخــۆی، هەروەها دوورخستنەوەی ناســنامەکەی لە خودی خۆی، هەر یەکسانبوونێك یا هەرناسنامەیەك جووڵەیەکی ناوەکی ناموتەناهی تێدایە، هەرجەمســەرێك لە جەمسەرەکان لــە زاتی خۆیــان دوور دەخاتــەوە، هەروەها بەهۆی ئەو دوورخستنەوەیەوە لەیەکتریشــیان نزیك دەخاتەوە، نێوانکاری کەلێنێکە لە ناو ناســنامەدا نیشــتەجێیە، شــیتەڵکاری ئیسپاتکردنی ئەو دوورخستنەوەیەیە، کە دووجەمسەر لێکتر نزیك دەخاتەوە، مەبەستمان لەو دوو

**لە تێکستدا هێزێکی پەرش و بڵاوی مۆڵەق هەیە بۆ لەناوبردنی خۆی لە کاتێکدا ستراتیژیەتی شیتاڵگەری ئەوەیە هاوئاهەنگانە کار بۆ دەرخستنی بکات**

**مادام بەزمان ئاخاوتن دەکەین، مادام چەمکەکان بەکار دەهێنین، یەکەکان دەخولقێنین، دەگەڕێینەوە بۆ تەقلید، دڵنیا دەبین لە هاوشێوەکان، سۆزمان هەیە بۆ یەکبوون و هاوجووتی، کەواتە پێویستە ئێمە لەسەر هەقیقەتەکان بژین**

جەمســەرەیە کە دوالیزمی میتافیزیکییانە دروست دەکــەن، ئەمە ئەوەیە کە نیتچە پێی هەڵســا، وەك نموونەیەکی پێوەندیــدار بەدوالیزمیەکانی ناوەڕۆك و فۆرم، هەقیقەت و هەڵە، قووڵایی و بارســتایی، بەو شــێوەیە کۆمەڵێــك چەمکی تازەی لەســەر هەقیقەت و قووڵایی و بارستایی و فۆرم دۆزییەوە، هەروەهــا چەمکی تــازەی لەســەر دیالەکتیك و ســلب و کارکردنەکانی هێنایە ئاراوە، ئەم چەمکە لەســەر سلب بۆ خۆی دەتوانێت لە دیدگای دریداوە شــیتەڵکاری بکاتە ڕێگایەکی تەخت و دروست و زامنکراو بۆ بونیادنانی ناسنامە، دەڵێم (بونیاتنان) چونکە شــیتەڵکاری بــۆ خۆی ناکاتــە تێکدان، هەروەهــا فەلســەفەیەکی عەدەمیــش نییە بەڵکو پێچەوانەکەی راستە، دریدا لەو بڕوایەوە گریمانەی ئەوەی کردووە کە ئێمە بەســەر کۆمەڵێك هەقیقەتی کەڵەکەبووەوە هەڵنیشتووین، چەند زیاتر کەڵەکە بێت شــتی زیاتری تێدا لەدایك دەبێت، مــادام بەزمان ئاخاوتــن دەکەین، مادام چەمکەکان بەکار دەهێنین، یەکەکان دەخولقێنین، دەگەڕێینەوە بۆ تەقلید، دڵنیا دەبین لە هاوشــێوەکان، سۆزمان هەیە بۆ یەکبوون و هاوجووتی، کەواتە پێویستە ئێمە لەسەر هەقیقەتەکان بژیــن، بەڵام ئەم کارە پێوەنــدی نییە بە وردکردن و پوکانــەوەی ئەو هەقیقەتانە بەنــاوی هەقیقەتێکی دیاریکراوەوە یا بەنــاوی هەقیقەتێکی دژەوە، ئەمە ئەوەیە کــە رەخنەی پێ دەساودەســت دەکرێت، کە هەمیشە لەپێگەی هەقیقەتێکەوە وەدی دێت، ئەگەر لە خودی پێگەی هەقیقەتەکەشەوە نەبێت.

بــەڵام شــێتەڵگەری، بەدرۆخســتنەوەی هیچ هەڵوێستێك بەناوی هەڵوێســتێکی ترەوە ناخوازێت، بەهێزشــکردنە سەر یان بە دادگایکردن میتافیزیکا تێناپەڕێنێــت، بەڵکو هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی یەقین و ڕەهاگــەری فەراهــەم نەکات، شــیتەڵکاری، داخوازییەك نییە بۆ وەدەستخستنی هەقیقەت، بەڵکو ئاشکراکردنی پڕبوونێکی ڕاگەیەنراوە، ئاشکراکردنی بانگەشەیەو ئاشکراکردنی وەهمی بانگەشەشە.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوســتادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**